# جێ پێ

کۆچیرۆك

و:حەمەکەریم عارف

*- جێ پێ / کۆچیرۆك
*- کۆمەڵێك نووسەری ئێرانی
*- وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف
*- چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
*- لە بڵاوکراوەکانی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوك

# پێڕست


*–توشای باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس.............مەنسووری یاقووتی

*–کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم..................بزورگی عەلەوی

*– سەمای مەرگ.................................بزورگی عەلەوی

*– پیاوێك لە قەفەزدا...........................ساد قی چووبەك

*– لالە...........................................ساد قی هیدایەت

*– گێژاو.........................................ساد قی هیدایەت

*–کتێب.........................................مەنسووری یاقووتی

*–جێ پێ.......................................جەلالی ئال ئەحمەد

## ١- توشای

## باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس

لەنێو زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس دا، لە جێیەکی دوور لە چاوی مرۆڤان، لە شوێنێکی بەرز و هەڵدێر و عاسێ، چاڵێك هەیە کە باڵندەیەکی غەریب بەنێوی "توشای" لەوێندەر دەژی.

توشای کڵاوێکی ئاگرینی هەس و داغمەیەکی رەش بە گەردنییەوەیەو بە هەزار رەنگ دەدرەوشێتەوە. هەموو ساڵێك لە پایزدا، یەك جار، تەنیا یەك جار ئاوازێکی هێندە تاڵ و خەمگین و سەیر دەخوێنێ کە کێوەکە لە هەزار لاوە شەق دەبات، درەختان لە خەمباریاندا گەڵاکانیان زەرد دەبێ، باڵندەکان، بەداخ و کەسەر و سوێوە بەرەو شوێنانی دی کۆچ دەکەن. و کەڵە کێوییان شاخی درێژیان بە سنگی کێوەکەدا دەکوتن تا بشکێ. توشای، لەو بەرزاییەدا، بەتەنێ دەژی و گۆشەگیرە. هەموو پایزێك، کاتێ هەورێکی چڵکنی توند لوتکەکان لەچاو ون دەکات و تا بناری چیایەکە دەخزێ، توشای لەناو جەرگەی تەم و مژەکەوە، لە هێلانەکەی دێتە دەرێ، بە کڵاوی ئاگرین و داغمەی رەشی سەر گەردنی و درەوشانەوەی هەزار رەنگی چین لەسەر چینەوە. لەسەر دەوەنێك کە لە پاڵ هێلانەکەیدا رواوە دەنیشێتەوە، و کلکە درێژەکەی لەنێو تەمەکەدا ئاوێزان دەبێ و ئەو شتەی کە لە کۆنە قەڵایەکی هەرێمی تابوتان دا دیتوویەتی، یەك جار، تەنیا یەك جار دەیگێڕێتەوەو دەگری. پاشان دڵۆپە خوێنێکی درشت لە دەنووکی دەتکێ، ئەوسا دەچێتەوە نێو شکەفتەکەو لەهۆش خۆی دەچێت.

ئەو باڵندانەی کە گوێ لە حیکایەتی توشای دەگرن، خاڵێکی تۆخ لەسەر تەوێڵیان دەپشکوێ و ئاواز و نەغمەیان بۆ هەمیشە جۆرە غەمینییەك دەگرێتە خۆ.

باڵندەکان بە توشای دەڵێن:

– حیکایەتێکی دی بگێڕەوە، حیکایەتێکی دی!

توشای، خەمین و نائومێد دەڵێت:

– من هەر ئەم حیکایەتە دەزانم.

باڵندەکان دەڵێن:

– "حیکایەتی توشای" زۆر غەمگینە، پیرمان دەکات.

توشای دەڵێت:

– من تەنیا یەکجار بەنێو کەونە قەڵایەکدا گەڕام و لەوساوە تاکو ئێستا لەم چاڵەدا کونجی تەنیاییم گرتووەو هیچی تازەم نەدیتووەو نەبیستووە.

بەڵام کە پایز دێ و هەوری چڵکن و تەمتومان لوتکەو یاڵەکان لە چاو ون دەکات، باڵنەکان لە دەوری هێلانەکەی توشای گرددەبنەوەو توشای بە ئەوکی پڕ گریانەوە، هەڵدەکاتە ئاوازەکەی و بەمجۆرە حیکایەتەکەی دەگێڕێتەوە:

لە رۆژێکی پایزی وەکو ئەمڕۆدا، بەسەر "بورجی پیردا" دەگەڕام. شەکەت بووم. چووم لە قەراخ پەنجەرەیەکی نیوەکراوەدا نیشتمەوە. لە پشت پەنجەرەکەوە روانیمە ژوورەوە. توشای، ئەو کچۆڵەیەی کە من ناوەکەیم بە یادگاری هەڵگرتۆتەوە، لە بەردەم "قازی تیزاب" وەستابوو. روخسار و چارەی توشای وەکو گوڵی زۆزان جوان و سادەو بەدەماخ بوو.

چاوە درشتەکانی لە تۆوایە دوو دڵۆپە شەونمی درشتن. قازی لە توشای پرسی:

-ئیعتراف دەکەی کە چوویتە قەڵاکەوە؟
توشای بەدەنگێکی بتەوو سازگار ووتی:
- بەڵێ.
قازی نیگایەکی سەرکەوتووانەی راوێژکارەکەی و پاسەوانەکانی کرد و گوتی:
- بۆ ئەوەی کلیلی دەرگا داخراوەکەی بدۆزیتەوەو بیبەی؟!
من لە پشت پەنجەرەکەوە گوتم: توشای! توشای! بەدرۆ وەڵامی قازی بدەوە. نەکەویتە داوییەوە، بە ویژدانی ئاسوودەوە درۆی لەگەڵدا بکە. لێ توشای لە زمانی من حاڵی نەدەبوو. نیگایەکی منی کرد. بۆ ساتێك پرشنگ کەوتە چاوەکانی، بزەیەکی کرد. گەڕایەوەو لە وەڵامی قازیدا گوتی:
- بەڵێ.
قازی کە غەبغەبەکانی چین لەسەر چین لەگەڵ ورگە زلەکەیدا دەلەرزی پرسی:
- دەتویست چی پێبکەی؟ بەڵێ کیژم، راستییەکەی بڵێ با رزگارت بێ.
من گوتم:
- توشای!... توشای! راستی نەڵێی، بەزەییت بەخۆتا بێتەوە
بەڵام توشای، لە زمانی من نەدەگەیی و راستی گوت:
- دەمویست نهێنی حەرفی قەدەغەی پێ بکەمەوە.
قازی، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:
- بەدەمی خۆت ئیعترافت کرد، کاری تۆ تەواو. جا مادامێکی کیژێکی چاکی، بەڕاستی ناوی ئەو دۆستانەت بڵێ کە دەیانویست لەگەڵ تۆدا بێنە ناو قەڵاکە.
من گوتم:
- توشای! بڵێ من دۆستم نین... بەتەنیا هاتم... قەڵاوانەکان درۆ دەکەن، بەڵام لە پڕ روخساری توشای شین هەڵگەڕاو بە تووڕەیی و نەفرەتەوە تفێکی کردە چارەی (قازی تیزاب).
قازی بەقۆڵی کراسەکەی ڕووی خۆی سڕی و حوکمی دا:
- بیبەنە بن دیوارەکە!
پاسەوانەکان "توشای"یان بردە نێو حەوشی قەڵا. توشای قەیتانی پێڵاوەکانی بەست، سەرپۆشە گوڵدارەکەی چاك کرد. لە پڕ لەنێو حەوشە بەرینەکەی پیرە بورج و قەڵات و لەنێو ڕاڕەوە یەك لەنێو یەکەکاندا کەوتە غاردان. رایدەکرد و کۆڵەمشتی رادەوەشاند و لەتۆوایە گێژاوەو بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. وەکو دەریای هەڵچوو، شەپۆلی دەدا و دەنگێکی سەیر لە گەروویەوە دەردەهات. لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی قەڵاتەوە، هەزاران چاوی نیگەران دەیانڕوانییە ئەو. هەزاران دڵ بۆ ئەو لێیاندەدا و هەزاران چاو بۆی دەگریان. سەرەنجام پاسەوانەکان دەستگیریان کرد. دەستیان لە پشتەوە بەست و بردیانە بن دیواری قەڵات. لەوێندەر لاقەکانیشیان بەست تا هەڵنەیەت. ئەوسا چۆکیان نایە سەر ئەرزی و بەرەو توشای دەستڕێژیان کرد. دڵی توشای تەقی و هەزار پارچە یاقووتی سووری لێڕژا. پاسەوانەکان غاریان دا کە یاقووتەکان خڕ بکەنەوە، کە دەستیان دەگەییە وردە یاقووتەکان دەسووتان و مووی لەشیان یەکپارچە سپی دەبوو و بەدەم هاوارەوە هەڵدەهاتن و شێت دەبوون.

توشای، چۆکی نایە سەر زەوی و دڵۆپە خوێنێکی درشت لە گەروی هاتە دەرێ، و بوو بە باڵندەیەك و لە شەقەی باڵی داو جارێك بەسەر بورجی پیردا سوڕایەوەو بۆ هەمیشە رووی کردە بێشەکان. من لە ناخی دڵەوە هاوارێکم کرد و لە گۆشەیەکدا کەوتم.

حیکایەتەکەی توشای کە دەگاتە ئێرە، باڵندەکان بەکۆمەڵ یان بەتەنیا، بەسەر زاگرۆس دا، دەست بە کۆچی خەمینی خۆیان دەکەن. "کەڵەکێویان" شاخیان بە تاوێرەکاندا دەکێشن و توشای، دڵۆپە خوێنێك لە گەرووی دەتکێ و لەسەر قوللەیەکی بەرز، لەنێو چاڵەکەیدا لەهۆش خۆی دەچێت.

سەرچاوە:

توشای پرنده غریب منصور یاقوتی

چاپ اول: ١٣٧٤

زاگرس

## ٢- کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم

ئاخریەکەی خۆم لەو گەڕەکە پیسە رزگار کرد. چیتر ناچار نیم هەموو شەوێ خۆرش و شلەی باینجان بخۆم، لە دەست دادە خۆش قەدەمو پێ بەودمەکان، باجی و فاتمە سوڵتان قوتار بووم. ئیدی کەس ناوێرێ، بەیانیان کاتێ کە من نووستووم، لە پشت دەرگاکەوە بەخشەخش گسکان بدات و تەپوتۆزی بەینی خشتەکان بە ژوورەکەی مندا بکات. ئیدی کەس ناتوانێ دەستکاری کتێبەکانم بکات، لە دەستی کاسەی سەهۆڵاویش رزگار بووم. هەر کاتێ حەزم لێ بێ گرامافۆنەکەم کۆك دەکەم و گوێ لە مۆزیقا دەگرم. ئیدی تا ساڵی دوای مەرگی پورەقزی مۆزیقا لە ماڵەکەی مندا قەدەغە نییە. قەتڵ و قیامەتیش رابێ دەتوانم مۆزیقا لێبدەم. ئیدی شیڤی من پەیوەندی بەمەوە نیە کە: "با بابە تەشریف بێنێتەوە" چیتر رۆژانی هەینی دەنگی گریانی منداڵەکەی پورەقزی خەبەرم ناکاتەوە. لە گەڕەکێکی سەرووی شاردا، لە ماڵە ئەرمەنییەك دوو ژوورم بەکرێ گرتووە، لێرەدا ئەم دوو ژوورەم بە دڵی خۆم رازاندووەتەوە. کتێبەکانم بە کەیفی دڵی خۆم لەبەر دەستی خۆمدا داناوە. مێزێك و چەند کورسییەکم هەیە، پەردەکانی ژوورەکەم دەستچنن، مافوری جوانم نیە، بەڵام زیاتر حەزم لەم زیلۆیە، زیلۆکەم تازەیە، بەڵام مافورەکانی ماڵی خۆمان هی دوو سەد ساڵ لەوەپێشە، ئەم زیلۆیەم بە سەلیقەی خۆم کڕیوە. دڵنیام کە یەك کەسی دەردەداری لەسەر نەمردووە، ژوورێکی کارکردن و ژوورێکی خەوم هەیە. هەموو هەڤاڵەکانم بەغیلیم پێ دەبەن. ئەمڕۆ یەکێکیان بۆ ئێرە هاتبوو، حەزی لە ژوورەکانم کرد. پێم دەڵێت: "من لە دەست پورە پیرەکەمو دایکم بێ تاقەت بووم. ئێرە ژووری دیکەی بەتاڵی لێ نییە؟" گوتم: "با ئەو ژوورەی تەنیشتەوە چۆڵە! لێ نازانم بە کرێی دەدەن یان نا. تا ئێستا نەم دیتووە دەرکەی ئەم ژوورە بکرێتەوە. ئەمڕۆ لای عەسر لە خاوەن ماڵەکەم خا هاکوپیان دەپرسم و شەوێ کە یەکدی دەبینین خەبەرت دەدەمێ..."

* * *

"خات هاکوپیان، هاوڕێیەکم حەزی لە ماڵەکەی ئێوە کردووە. دەتوانی ژوورێکی بەکرێ بدەیتێ؟"

– نە، ژوورم نییە.

– چۆن؟ ئەدی ئەم ژوورەی تەنیشت ژوورەکەی من چۆڵ نیە؟

– با، بەڵام ئەم ژوورە بە هیچ کەسێك بەکرێ نادەم.

– سەیرم پێدێ، چونکە کە دەبینم ئارداشسی کوڕتان هەر کاتێ لە شول دێتەوە، ناچێتە ئەم ژوورە.

– نەهەقت نیە، بەڵام ئەم ژوورە هی کوڕە گەورەکەم، ئارشاویر بوو، لەوەتای ئەو مردووە، دڵم نایەت بە کەسێکی غەوارەی بەکرێ بدەم، ژوورێکی باشیشە. حەزەکەی بیدینی.

خات هاکوپیان هەستاو من دوای کەوتم. ئەم خانمە نزیکەی چل و پێنج ساڵێك دەبێت، هەڵبەتە لە کۆنا لە جوملەی جوان و خشیکان بووە، بەڵام ئێستا زۆر تێك شکاوە، لە ئێران هاتووەتە دنیا، لێ لاوی خۆی لە روسیادا بەسەر بردووە! بە باشی بە روسی قسان دەکات، لە من باشتر روسی بەڵەدە، بیستو پێنج ساڵە، یانی لەوەتای شووی کردووە، لە ئێران دەژی. فارسییەکی چاکیش دەئاخوێ، بەڵام فۆنەتیکەکەی ئەرمەنیە. بە روسی قسان دەگەڵ مندا دەکات. خات هاکوپیان لە ژنە وریاو زرینگەکانی دنیایە، کە هەڤدە ساڵ لەوە پێش مێردەکەی مردووە، ئیدی هەر خۆی ژیانی هەردوو کوڕەکەی (ئارشاوێرو ئارداشس)ی بەڕێوەبردووە. هەر خۆی ناردونیە.

قوتابخانەو زمانی روسی فێرکردوون. بە قسەکانیا وا دیارە کە کوڕە گەورەکەی، ئارشاویری، کە ئێستا مردووە، زیاتر خۆش ویستووە. بە قسەکانیا دیارە کە ئەو لەگەڵ بابیا دوو لەتی یەك سێو بوون، وێنەیەکیم لە ژوورەکەدا بینی. دەموچاوێکی خڕی هەڵکفاوی شەهوانی هەبوو، ئاشاوێر لە رووی روخسار، ئەندام، ئاکار، و لە هەموو روویەکەوە لە بابی چووە.

خات هاکوپیان کلیلەکەی هێنا، دەرکی ژوورەکەی کردەوە، خۆی لە پێشا وەژوور کەوت. ئەوجا رێگەی منیشی دا بڕێکی زۆر کاغەزو کتێبی بەرگ تێنەگیراویان لەسەر مێزێکی کەنار پەنجەرەکە دانا بوو. کۆمەڵێك کەرەستەو تفاقی جزوبەندو بەرگ تێگرتنی لێ بوو کە تەپوتۆزیان نیشتبووە سەر. لەم بەرەوە تەختێك هەبوو قالیچەیەکی بەسەرەوە بوو، لەوبەری مێزەکەوە سوپایەکی چکۆلەی کانزایی هەبوو. جگە لەم کەلوپەل و شمەکانە، دەرودیوارەکان ئەگەر چی تۆزاوی بوون، بەڵام ژوورەکە پاك و خاوێن دەهاتە بەرچاو، شتێك لێرەدا نەبوو کە سەرنجی بەشەر رابکێشێت. خات هاکوپیان کە تا ئێستا لەبەر دەرگاکە وەستا بوو هاتە پێشترێ‌و بە قامکی ئاماژەی بۆ دیوارەکە کردو گوتی: "تەمەشا ئەمە جێی پەنجە خوێناویەکانی کوڕەکەمە، هێشتا دڵم نەهاتووە کە ئەم پەڵانە بسڕمەوە. لەوساوە تانهۆ ئەم شتانەم خاوێن نەکردووەتەوە، تەمەشا ئەم گەردو تۆزە، هەموو جارێك لەساڵیادی لە دایك بوونیا چەپکە گوڵێك دەخەمە سەر مێزەکە، لە تەنیشت وێنەکەیەوە. وشك دەبێتەوەو لە جێی خۆی دەمێنێتەوە".

ئەوجا دەستەسڕەکەی لە بەرکی دەرهێنا، دەستی بەگریان کرد. ئەوەی راستی بێ دڵم پێی سوتا. ئیدی حاڵی بووم کە هۆی پیری ئەم ژنە، بێگومان ئەم مەسەلەیە بووە. ژێر باڵیم گرت و هێنامە ژوورەکەی خۆی و کەوتمە دڵدانەوەی و گوتم: "خانم، بەڕاستی بەڵات بەسەر هاتووە، من نەمدەزانی ئەم چەند جارەش کە ئارداشس لێرە بوو. ئەویش باسی ئەم بابەتەی بۆ نەکردوم، چما کوڕەکەت خۆی کوشتووە؟".

خات هاکوپیان، لەسەر کورسییەکەی من، لەبەر سۆپاکە دانیشت و گوتی: "نە، خۆی نەکوشتووە. هەرچیەك بێ من ژنم و دەگریم، بە گریان دڵم کەمێ هێور دەبێتەوە. بەڵام هاوار بە ماڵم بۆ ئارداشس، تۆ نازانی چەند ناڕەحەتە، دەزانی ویژدانی ئاسودە نیە، هێشتاش هەر وا دەزانێ کە مردنی ئارشاویر ئەنجامی درێغی ئەو بووە".

کە مەسەلەی مردنی ئارشاویرم لەخات هاکوپیان پرسی، بە درێژی بەمجۆرەی بۆ گێڕامەوە.

"هەر چییەك بوو لەم ژوورەی تۆدا روویدا، ئەم ژوورە دیرۆکێکی هەیە، نزیکەی چوار ساڵێك لەمەپێش رۆژێك ژن و شوویەك هاتن و ئەم دوو ژوورەیان بەکرێ گرت. ئەو پیاوە ئاڵمانی بوو، لەودیلانەی جەنگ بوو کە لە روسیادا مابووەوەو پاشان بۆ ئێران هاتبوو. تۆ لە پەهلەوی بووی؟ کاتێ خۆی لە جێی ئەم شوێنەی کە ئێستا باخ و بولوارە، ئوتێلێك هەبوو، هی پیاوێکی روسی بوو. ئەم ژنە کیژی ئەو بوو، من نازانم لە کوێ سۆراخی ماڵی منیان زانی بوو. پێدەچوو چونکە روسی بەڵەد بوون، ویستبێتیان لە ماڵێکا بن کە روسی بزانن، رۆژێك دانیشتبووین، دەمەو عەسر بوو، سەیرمان کرد خاشولتس وەژوورکەوت. ژنێکی گەنج، کەڵەگەت، چاوڕەش‌و قژ زەرد بوو. زۆر خشیك نەبوو، بەڵام شتێکی هەبوو کە پیاوانی رادەکێشا، دەزانی هەمیشە بە کەیف و بە دەماغ‌و تەڕو بڕو خاوێن بوو. پێی گوتم کە مێردەکەم لە پەهلەوی ئەندازیار بووەو دەمێ بوو لەوێ کاری دەکرد. ماوەیەك لەمەپێش لەسەر بیناکەوە شەلمانێك لە ژێر پێی دەرچووەو کەوتووەتە خوارەوە. لەوساوە تا ئێستا تووشی نەخۆشیەکی سەیر بووەو ماوەیەکە چاوی کەم حوکم بووەو ئێستا هەر بە جارێ نابینا بووەو هیچ نابینێ. هێناومانە تا لە تاران مالیجەی بکەین. ئەو بەو جۆرە باسی کوێر بوونی مێردەکەی گێڕایەوە، بەڵام

پاشان لە خەڵکانی ترەوە شتی دیکەمان بیست، بە هەر حاڵ هۆیە راستەقینەکەی هەر ئاشکرا نەبوو، من هیچ بیانویەکم نەبوو و گوتم باشترە، کە ژن و مێردێك بێنە ئەم دوو ژوورە، سەریەشەکەی بۆ من کەمترە، غافڵ لەمەی کە ئەم ژن و مێردە دەبنە بەڵای گیانی من. کاتی کەخات شۆڵتس دەیویست بڕوات، دنیا تاریك بوو بوو، من ئارشاویرم، کە لە ژوورەکەی خۆی مژولی کارکردن بوو، گاز کردو گوتم: خانم بە رێکە، نەبا لەسەر پلیکانەکان بکەوێ، وەختێ کە ئارشاویر هاتەوە سەرێ، گوتی: دایکە، ئەم ژنە کێ بوو؟ گوتم: ئەمە ژنی کابرایەکی ئاڵمانیە، نێوی خات شولتسە، ئەم دوو ژوورەم بەکرێ داوە بە خۆی و مێردەکەی.

"رۆژی دواتر مستەر شوڵتس و خێزانەکەی هاتن، من ژوورەکانم -یانی ئەم دوو ژوورە- پێ نیشان دان، خۆیان سیپاڵو تفاقیان نەبوو، من شتومەك و تفاقم دانێ، ژوورەکەم جوان رازاندبووەوە، لە ئێستای باشتر بوو، مستەر شولتس کۆرە بوو، بەڵام کوێرییەکی تایبەتی هەبوو. بردبوویانە لای هەموو دکتۆرە بەنێوبانگەکان. هەر هەموویان یەك قسەیان کردبوو کە هیچ عەیبێك لە چاوتا نابینین، نەخۆشی دەمارە، تەنیا دکتۆرانی پسپۆڕی پاریس و بەرلین و ڤێنا دەتوانن چارەی بکەن".

کاتی خاتو هاکوپیان گوتی دکتۆرەکان وایان بە مەسڵەحەت زانیوە مستەر شوڵتس خۆی پیشانی دکتۆرانی پاریس و بەرلین و ڤینا بدات، لە دڵی خۆدا بیرم لەوە کردەوە کە بێگومان کوێرییەکەی هۆیەکی جیاواز لەوەی کە خات هاکوپیان بۆ منی گێڕایەوە هەبووەو ویستم باسی ئەو حیکایەتانەی لێ بپرسم کە لە خەڵکانی دیکەی بیست بوون. بەڵام خات هاکوپیان هەر قسەی دەکردو زۆریش خەمین بوو:

"ئەم پیاوە رۆژ بە رۆژ چاوی خراتر دەبوو، لەم دواییانەدا هەر هیچی نەدەبینی. بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە: ئەگەر لە ئەڵمانیا بام ئەم بەڵایەم بەسەر نەدەهات، بەڵام دکتۆرەکان ئەوەشیان گوتبوو کە لەگینە رۆژێك لە ناکاودا چاوی خۆ بەخۆ بینا ببێتەوە. دوای ماوەیەك پارەیان تەواو بوو، کۆلۆنی ئاڵمانی بڕە یارمەتیەکی دەدان، بەڵام بەمە بەڕێوە نەدەچوون، ژنەکەی گولدۆزیو نەخش و نیگارێکی باشی دەزانی، لە رێگەی پایەدارێکەوە کە لە پەهلەوی دا دەیناسی، چوو بووە ماڵە دەوڵەمەندەکانەوەو کیژەکانی فێری قولاپدۆزیو خەیاتیو تۆڕچینی دەکردنو لەم رێیەوە تا رادیەك ژیانیان بەڕێوە دەچوو. مستەر شولتسی مێردی بە زۆری بە تەنیا بوو. لەبەر ئەم پەنجەرەیەداو ئەگەر هاوین بوایە لە هەیوانەکەدا رۆدەنیشتو بیری دەکردەوە.

خوا دەزانێ بیری لە چ دەکردەوە؟ تا ئەو رۆژەی ئەم مەسەلەیە رووی دا، دڵم پێی دەسووتا، وەکو کوڕی خۆم خۆشم دەویست، ئاخر دەزانی، ئەمە دەردێکی زۆرگرانە، بەشەر چاوی هەبێ و دوایی کوێر ببێ، بەستەزمانە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەم شوێنەدا دادەنشیت و بیری دەکردەوە، بە جۆرێ لە فکران رادەچوو، ئەگەر هەندێ جار کەسێك هاتبا ژوورێ و قسەی لەگەڵ کردبا، ئاگای لێ نەدەبوو. دوا نیوەڕوان کە (ئارداشس)ی کوڕم لە قوتابخانە دەهاتەوە، دەچوو بۆ ژوورەکەی ئەوو لەوێ کتێبی بۆ دەخوێندەوە. شولتس زۆری حەز لە کتێبەکانی دۆستوفسکی دەکرد. ئەو کتێبە ئاڵمانیانەی کە پاچڤەی روسی دا کرا بوون، دەکڕینو ئارداشسو هەندێ جاریش، هەڵبەتە بە دەگمەن ژنەکەی بۆیان دەخوێندەوە، ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، ژن ومێردێکی دلۆڤان و میهرەبان بوون. بۆ نموونە بیرم دێ کە مستەر شولتس قژێکی زەردی هەبوو، هەندێ جار لەسەر نان خواردن چەپکێك لە قژەکەی بەسەر هەنیەی دا بەر دەبووەوە. بە خۆی نەی دەبینی. ژنەکەی هێندە بەمیهرەبانی دەستی دەبرد و بە قامکەکانی قژەکەی سەر هەنیەی لادەبرد هەر مەپرسە، مستەر شولتس لەم حاڵەدا دەستی ژنەکەی ماچ دەکرد. کاتێ کە نیگای شووەکەی دەکرد، لە تۆ وایە دەیەوێ بە چاوانی بیلاوێنێ و نەوازشی بکات، بە

جۆرێ کە ئەو بەو کوێریە بتوانێ هەستی پێ بکات، (مستەر شولتس)ش ژنەکەی زۆر خۆش دەویست، بۆ نموونە حەزی نەدەکرد کە ژنەکەی بە خۆڕایی بە دیار ئەوەوە دانیشێت، زۆر جار زۆری لە هاوسەرەکەی دەکرد کە بە خۆڕایی لە ماڵەوە دامەنیشە، بچۆ بۆ سینەما، بڕۆ بۆ سەما، بڕۆ، لێرە بە تەنێ دامەنیشە، وێڕای ئەمەش زۆری غیرەت لە ژنەکەی دەکردو دەست ودڵی بۆی دەلەرزی. ئەگەر شەو بەبێ پرس درەنگ تر لە سەعات هەشت بۆ ماڵ بهاتبایەوە، شپرزەو دەستە پاچە دەبوو، بێ قەراری دەکرد، هەر سا نا ساتێ دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندە بەر هەیوانەکە، لەسەر قاڵدرمەکان دەوەستاو بێ ئەوەی چ شتێك بدینێ نیگای دەبڕییە تاریکییەکە، لەجێیەکەی دەجولا، هەر کەسێکی دەبینی لێی دەپرسی: خێزانەکەی منت نەبینی؟ هەمدیس دەست بە دیوار خۆی دەگەیاندەوە ژوورێ. ئیدی ئەمە حاڵی بوو تا ژنەکەی دەهاتەوە. جاری واش دەبوو کە خات شولتس دەگەڵ ئارشاوێری کوڕە گەورەم یان ئارداسش دا بۆ سینەما دەچوو. لێ خات شولتس نەیدەویست بە تەنێ بچێتە کوڕی سەما. دەیگوت: من ئامادە نیم بەبێ تۆ بچمە کوڕی سەما، لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا حەزناکەم.

"نوئێلی ساڵی ١٩٣١بوو، هەموو کۆبووبووینەوەو بە تەرزی ئەڵمانی جەژنمان گرتبوو. درەختی کاژمان رازاندبووەوەو لەم شوێنەدا کە تۆ مێزی نووسینەکەت لێ داناوە، لەسەر تەپڵەکێکمان دانابوو. من کتێبێکی ئەڵمانی بە روسی کراوم بە مستەر شولتس بەخشی بوو. هەموومان جەژنانەمان بۆ یەکتر کڕی بوو و هی هەر یەکێکمان بەجیا لەسەر مێزێك دانا بوو. گۆرانیمان گوت و شەرابمان خواردەوە. لە کۆتایی شەودا هەموو شەکەت و ماندوو لێی خەوتین. لای بەیانی بوو، یانی هێشتا دنیا تاریك بوو، سەیرم کرد لە ژوورەکەی (مستەر شولتس)ەوە دەنگ دێت، تا من هەستام، سەیرم کرد دەنگە دەنگەکە زیادی کرد، مستەر شولتس بانگی دەکرد: "کاچا، کاچا!" کاچا، نێوی ژنەکەی بوو. من هەراسان و شپرزە بەرەو ڕاڕەوەکە دەرپەڕیم، سەیرم کرد کوڕەکانم و (خات شولتس) لە ڕاڕەوەکەدان، هەر کە من دەرگای ژوورەکەمم کردەوە بینیم کە خات شولتس خۆی بە ژووری مێردەکەیدا کرد. وامزانی مستەر شولتس سەکتەی گرتووە. بەدوای خات شولتس دا وەژوورکەوتم. مستەر شولتس کاتێ کە گوێی لە دەنگی من بوو، گوتی: خانم من ئێستا چاوم هەبوو ئەستێرەکانی ئاسمانم بینی، ئەوجا لە ژنەکەی پرسی: تۆ لە کوێ بووی؟".

"من چاوەنۆڕی وەڵامی (خات شولتس)م نەکرد. لە ژوورەکە وەدەرکەوتم دیتم کە ئارداشس و ئارشاوێر بە دزداشەی خەوەوە لە پاڵ یەکا وەستاون. هەردووکیان ڕەنگیان هەڵبزڕکا بوو، ئارداشس بە برا گەورەکەی گوت: "باشە چ کارێکی لە ژوورەکەی تۆدا هەبوو"؟

خات هاکوپیان لێرەدا ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: "هەر بەڵایەك بەسەر بەشەرا دێت، لە سۆنگەی ژنانی خراپەوەیە".

من تەنیا یەك وشەم گوت: "عەجەب!"

"بەڵام ڕۆژی دوایی مستەر شولتس هەمدیس کوێرە بووەوە، بردیان بۆ لای دکتۆری ئاڵمانی سەفارەت. گوتی: بەڵێ، ئێمە گوتبوومان کە هیچ عەیبێك لە بونیادی چاویا نییە، تووشی نەخۆشی عەسەبی بووەو لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوەکانی بکرێنەوە. لە ئەڵمانیادا بە ئاسانی چارەسەری دەکەن. بەڵام ئەو ڕۆژە، نیوەڕۆ لەسەر فراڤین وەزع و حاڵێکی غەریب لە ماڵی ئێمەدا بەرپا بوو، ئارداشس پەست و بێ تاقەت بوو. قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، ئارشاویر هەر نەهاتە سەر سفرەکەش، بیانووی ئەمە بوو کە چەند کتێبێکی تازەیان بۆ هێناوم دەبێ تا عەسر بەرگیان تێ بگرم و تەواویان بکەم و بیاندەمەوە بە خاوەنی. مستەر شولتس حاڵی خراپ بوو، نەیدەویست نان بخوات. خات شولتس ئەمجارەیان قژی مێردەکەی کە بەسەر هەنیەیدیدا بەربوو بووەوە،

لانەبردو ڕێك نەخستەوە. تەنیا یەك جار خاولیەكی دەم و زار پاك كردنەوەی دایە دەستی تا دەم و لێوی خاوێن بكاتەوە، كەچی جاران خات شولتس بە خۆی ئەم كارەی دەكرد. تەنیامنی داماو بێ گوناح بووم، لە هەموو شتێ خراتر ئەمەیە كە ئێمەمانان كە دایكین وا دەزانین كە لە هەموو كەسێك نزیكترین لە منالەكانمانەوە، لە كاتێكا كە وا نیە، دایك لە هەموو كەس بە منالەكانی نامۆترە. مندالان هەزار شت بە هەڤالەكانیان دەلێن كە یەك شتی بە دایكیان نالێن. نە ئارشاوێر، نە ئارداشس تاقە یەك وشەیان بە من نەگوت كە چ شتێك لە بەینیاندا روویداوە، دەتخوا بیهێنە بەرچاوی خۆت، كە لە حالی وادا بەشەر چی لێ دێ. ئەو رۆژە، پاش نیوەڕۆ هەر چەند لەگەلێ ئارداشس دا هەولم دا نەیدەویست چیتر كتێب بۆ مستەر شولتس بخوێنێتەوە. دەیگوت: بۆچی ژنەكەی شەوێك نەبووە بەلایەوە بمێنێ و سەر گەرمی بكات؟ راستیشی دەكرد، خۆ ئێمە كوچكی گەرمتر لە ئاگر نەبووین. نزیكەی یەك سال بوو كە خات شولتس هیچ هەقێكی بەسەر مێردەكەیەوە نەبوو. راستە كە ژیانی شووەكەی بەڕێوەدەبرد، بەلام دەستی بە هیچەوە نەدەدا، جاری وادەبوو كە شووەكەی سێ دانە رۆژان لەبەر نەخۆشی و بێتاقەتی لە جێدا دەكەوت و بە زەحمەت لە ژوورەوە دەهاتە دەرێ. ژنەكەی نە شەوەنخونی بە دیارەوە دەكردو نە بۆ دەرو ژووركردن دەستی دەگرت، كەچی زۆر جار بە دوو سەعات و سێ سەعات لە ژوورەكەی ئاشاوێری كوڕم دادەنیشت و قسەی دەگەلێ دەكردو تەمەشای كاركردنی ئەوی دەكرد. جارێكیان ئارشاویر بۆ چەند رۆژێك نەخۆش كەوت، تای دەهاتێ، خات شولتس بەردەوام بە دیاریەوە بوو، خواردنەكەی دەدایە، ئەم دیوو ئەو دیوی دەكرد، ئاگاداری خواردنەكەی دەكرد، جارێكیان بەگژ مندا هات كە بۆچی بەخەمی كوڕەكەتەوە نیت.

پەست بووم، پێم گوت: تكات لێدەكەم كە خۆت مەكە بە دایەنی دلۆڤانتر لە دایك.. لەگەلێ ئەمەشدا، نەمدەتوانی هیچ بەدخەیالیەك دەربارەی ئەم ژنە بكەم دەنا نەم دەهێشت لەم مالە دا بمێنێ.

" لەو شەوەوە ئیدی ئارداشس نەچوو بە مالی مستەرشولنس دا، بەلام لەلایەكی ترەوە هیچ قسەیەكیشمان لێ سادر نەبوو كە ئەو ژن و مێردە عادز بكات. دەزانی، بەقەولی خودی ئەلمانەكان كەش و هەوای مالەكەی ئێمە قورس و بە بریسكەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. تێ دەگەی دەمەوێ چ بلێم، هیچ دڕ دۆنگیەك لەمالەكەندا نەبوو، هەموو قسەیان پكێڤە دەكرد، كەس لە كەس زویر نەبوو، ئەگەر غەریبەیەك هاتبا مالەكەمان هەستی بە هیچ شتێكی نا ئاسایی نەدەكرد. بەرۆژەوە من بە خۆم دەچووم ژوورەكەی ( مستەر شولس)م كۆ دەكردەوە، بە زۆری لێرەدا دانیشتبوو، چونكە دنیا سارد بووو سۆپاكەش لێرەدا بوو (مەدام بە دەستی ئیشارەتی كرد) بە روالەت هیچ نەگۆڕا بوو. بەلام كەش و هەوا بە بریسكەو هەورە تریشقە ئاوس بوو. من هەستم دەكرد كە شتێك دەقەومێ، ئەو هەورە تریشقەیە دەبێ بتەقێتەوە.

" هەفتەیەك بەسەر رووداوەكانی ئەو شەوەدا بوری، تا سەری سال هات. بیرتە شەوی یەكی سالی ١٩٣٢ دنیا زۆر سارد بوو، لەو ژوورەوە كە بەرۆژ نانمان لێ دەخوارد، هاتینە ئەم ژوورە. چونكە ئێرە گەرمترو كپ تر بوو. من بۆ ئەوەی ئەم جووتە برایەو ئەم ژن و مێردە لەو وەزع و حالەی كە گیرۆدەی بوو بوون، و لە هەموو كەس زیاتر زەرەری بە من دەگەیی، رزگار بكەم بە پارەی خۆم جەژنێكی تێروتەسەلم فەراهەم كرد. قازێكم بۆ شەوێ لێنابوو. دەزانی ئەلمانەكان چۆنی قاز لێ دەنەن. قازەكە بە بێ رۆن و بەنەعنا و ئاویشەنەوە لە مەنجەلێ دەنێن تا لە رۆنەكەی خۆیدا سوربێتەوە. ئەگەر ئەوان ئەم قازە لە رۆژی لە دایك بوونی مەسیح دا دەخۆن، بەلام بۆ ئێمە هیچ فەرقێكی نەبوو. من ئەمەم مەبەست بوو كە خواردنێكی خۆش بێتە سەر خوانەكە، شەرابێكی باشم ئامادەكرد بوو، بیرەی ئەلمانیم كڕی بوو، بە پێی توانا داب و نەریت و ئە تەكێتی ئەلمانیم رەچاو كرد بوو، بۆ نموونە پرتەقال و لالەنگی و گویزو بوندق و زەردەلوی وشك كراوە مشەبوو. منالەكان جلكی رەشیان لەبەر بوو، (مستەر

شولتس)ش وەکو ئەوان. ژنەکەی جلکێکی سپی جوانی لەبەر کردبوو. ئەو شەوە بە ڕاستی جوان بوو بوو، چەند بەکرەیەکی باشی گرامافۆنم لە کوڕی خوشکەکەم وەرگرتبوو، هەموو شتێکی شادی بەخشم لە ماڵەوە ئامادەکرد بوو. هەموو شتێك، بەڵام دەزانیت ئەو شتەی کە بۆ کۆڕی دۆستایەتی پێویستە، دڵی پاك، دڵی خاڵی لە کەرب و کینەیە، نەمدەتوانی ئەوە فەراهەم بکەم. هەرچم کرد کۆڕەکەمان گەرم نەبووو نەبوو. شەرابمان خواردەوە، خات شولتس رۆمانسێکی روسی خوێندەوە، بە کۆمەڵ گۆرانیمان گوت، گرامافۆنمان لێدا. تەنانەت (مستەر شولتس)ش کەمێك خەیاڵ بوو، هەموو پێدەکەنین، بەڵام کەش و هەوای ژوورەکەمان بە هەورە تریشقە ئاوس بوو، من لەو شەوو رۆژەدا هەستم بەمە دەکرد، بەڵام نەم دەزانی، ئەگەر بمزانیبایە، بە هەر نرخێ بووە پێشم لێ دەگرت. بوو بە نزیکەی سەعات نۆ. تۆ کە لە هەندەران بوویت و دەزانیت کە بۆ شەوی سەری ساڵ، سەعات نۆ هێشتا هەوەڵی شەوە، بەڵام هەموو ماندوو بوو بوون.

"لە پڕ مستەر شولتس لە ژنەکەی پرسی: کاچا ماندوو بووی؟"

– نە، ماندوو نەبووم، بەڵام چ بکەم؟

– کاچا هەستە بچو بۆ سەما، بڕۆ بۆ "ئەستوریا" بڕۆ بۆ بەرلینیرهۆف.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، من بە تەنێ هەستم بچم بۆ ئەوێ. چ بکەم؟

"مستەر شولتس، هەر بەو دەقەوە کە لەسەر کورسیەکەی رۆنیشتبوو، بێ ئەوەی کەمترین شوێنەوار بەسەر چاویەوە دەربکەوێ، گوتی: کێ دەڵێ بە تەنێ بڕۆی، من تکا لە ئاغای ئارشاوێر دەکەم کە لەگەڵتا بێت، ئاغای ئەرشاوێر، هەڵبەتە تۆ قسەم لە عاردی نادەی.

"ئەرداشس، لە ناکاو هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بەڵام بەر لەوەی کاچا چ قسەیەك بکات، ئارشاوێر گوتی: من ئامادەم ئەگەر خانم مەیلی لێ بێ، هەڵبەتە لەگەڵیا دەچم". و "بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی مستەر شولتس یان ژنەکەی ببێ، پێکەکەی هەڵدا، لە جێی خۆی هەستاو گوتی: من دەڕۆم خۆم دەگۆڕم. هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو کاچاش هەستا، دەموچاوی شووەکەی ماچ کرد، پاڵتۆ رەشەکەی لەبەر کرد، شاڵێکی بەسەریا داو رۆیی. منو مستەر شولتس بە تەنێ لە ژوورەکەدا ماینەوە". گوتم: مستەر شولتس دەتەوێ تۆزێك کتێبت بۆ بخوێنمەوە.

– مەمنونیش دەبم، ئەم کتێبەی ئارتورشنیسلرم تازە کریوە، چیرۆکێکی تیایە بە ناونیشانی "ژنی زانایەك" ئەگەر زەحمەت نییە ئەوەم بۆ بخوێنەوە.

"و دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە نێوەی چیرۆکەکەدا (ئارداشس)ش هاتەوە ژوورێ و لەسەر کورسیەك دانیشت. دەوروبەری سەعات دە بوو، بە چاو ئیشارەتم کردێ کە تۆزێکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام حەزی لە خوێندنەوە نەبوو، جێی خۆیەتی ئێستا باسی بابەت و نێوەڕۆکی ئەم چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە. چونکە پێم وایە بۆ تێگەییشتنی مەبەستەکە پێویستە. مستەر شولتس ئەم کتێبەی بە رێکەوت و لە خۆڕا نەکڕی بوو، بۆیە حەزی لێ بوو لەو دەمەدا ئەم چیرۆکە بخوێنرێتەوە: پیاوێك دوای حەوت ساڵان ماشوقەکەی دەبینێ. ئەمە ژنی کابرایەکی پرۆفیسۆر، کابرایەکی زانا بووەو ئەم پیاوە لە ماڵی ئەو پرۆفیسۆرەدا ژووری هەبووەو شاگردو قوتابی ئەو بووە. حەوت ساڵ لەوە پێش رۆژێ کە ئەم پیاوە دەگەڵ ماشوقەکەیدا خەریکی ئەشقبازی بووە، لە حاڵێکا کە ماشوقەکەی، یانی ژنی پرۆفیسۆری گۆڕین، لەبەر پێی ئەودا کەوتووەو سەری لە باوەشیا پەنهان بووە، کابرای پرۆفیسۆر دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە کە بەو حاڵەوە دەیانبینێ، بە ئەسپایی دەرگاکە دادەخاتەوەو دەگەڕێتەوە. ئەم کابرایە لە شەرمی ئەوەدا کە مامۆستاکەی بەو حاڵەوە دیتوویەتی یەکسەر

جانتاکەی هەڵدەگرێت و لەو ماڵە وەدەردەکەوێ، ئەمڕۆکە پاش حەوت ساڵ دەیەوێ گوێی لە ماشوقەکەی بێ کە پاش ئەو کەتنە چی رووی داوە. بەڵام هیچ شتێك رووی نەداوە، چونکە ماشوقەکەی هەرگیز بەوەی نەزانیوە کە پرۆفیسۆر بەو حاڵەوە دیتویەتی و پرۆفیسۆریش لە زەرفی ئەم حەوت ساڵەدا هەرگیز ئەم مەسەلەیەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە.من لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بووم تا گەییمە ئەم رستانە! کەواتە ئەم هیچ کاتێك ئەمەی بە رووی ژنەکەیدا نەداوەتەوە، ئەم ژنە نازانێت و هیچ کاتێ نەیزانیوە کە شووەکەی ئەوی لەبەر پێی ئاشقەکەیدا دیتوە، ئەو رۆژە لەبەر دەرگاکەوە، بە ئەسپایی، و بە جۆرێ کە کەس پێ نەزانێ گەڕاوەتەوە.. پاشان دوای چەندین سەعات بۆ ماڵ هاتووەتەوەو هیچ قسەیەکی لەگەڵ ئەودا (ژنەکەی) لەو بارەیەوە نەکردووە. کە گەییمە ئێرە، لە پڕ مستەر شولتس تووڕە بوو و گوتی: نا، ئەمە مەحاڵە، بەسە، مەخوێنەوە.

"سەیرم پێهات و گوتم: چ شتێك مەحاڵە؟

– چۆن دەبێ پیاوێك حەوت دانە ساڵی خشت هەرزەیی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات. ئیتر مەیخوێنەوە، لێم گەڕە با ئیسراحەت بکەم... من ئەمەم بە فرسەت زانی، هەستام. چونکە وام هاتە خەیاڵ لە کاتی خوێندنەوەکەدا لە ماڵەکەدا گوێم لە دەنگی پێی کەسێك بوو.. بە ئارداشسم گوت: تۆ لێرەبەو ئەگەر مستەر شولتس ویستی باقی چیرۆکەکە یان چیرۆکێکی تری بۆ وەخێنە تا من هەندێ "گروگ" دروست بکەم.

ئیدی چی لە نێوان ئارداشس و مستەر شولتس دا روویدا، چ قسەو باسێکیان پێکەوە کرد، ئەمانە بە دروستی نازانم، بەڵام پاشان پاشماوەی حاڵ و مەسەلەکەم زانی، دیار بوو کاتێ کە خات شولتس و ئارشاویر چوو بوونە دەرێ، ئارداشس لە دواوە تاقیبی کردبوون، دوایی دیتبوونی کە ئەسڵەن بۆ کۆڕی سەما نەچوو بوون و یەکڕاست بۆ ماڵ گەڕابوونەوە. ئەو زووتر هاتبووەوە ماڵێ و لە هەیوانەکداو روو لە کۆڵانەکە چاودێریان دەکات. کە بینی بووی هاتوونەتەوە ماڵێ، ئیدی دڵی رەحەت بوو بوو هەنگێ هاتبووەوەو لە ژوورەکەدا چاوەڕوان بوو بوو کە خات شولتس و ئارشاویرش بێن، بەڵام ئەوان چوو بوونە ژوورەکەی ئارشاویر.

گوایە دوای ئارداشس بە مستەر شولتسی گوتبوو کە ئەوان لەو ژوورەن، من لە موبەقەکە بووم و خەریك بووم "گروك"م دروست دەکرد، ئاڵمانییەکان، بە تایبەتی لە شەوی سەری ساڵدا زۆریان حەز لەم شەرابەیە (گروك). شەرابی سوڕو تۆزی روم و قەندو دارچین و مێخەك تێکەڵ دەکەن و دەیکوڵێنن و دەیخۆن، من مژۆل بووم کە بینیم لە پڕ دەنگی مستەر شولتس بەرز بووەوە. دەرگاکان دران بە یەکاو ئەو بە غاردان وەدەر کەوت، هەوەڵجار چووە ژوورەکەی خۆی بەڵام نەك دەست بە دیوار، نەخێر، رای دەکرد، من ئاگام لە هیچ نەبوو، لە پڕ دەنگێکی ترسناکم هاتە گوێ، شولتس لە ژوورەکەی ئارشاویردا سێ گوللەی یەك لە دوای یەکی تەقاند بوو، کاتێ چوومە ژوورەکە، دیتم کوڕەکەم و خات شولتس لەسەر عاردی کەوتوون. چاوانی مستەر شولتس کرابوونەوەو دەی بینی، بەڵام کە چاوی بە من کەوت دەستی خستە سەر چاوەکانی تا ئەم وەزعیەتە نەبینێ".

*  *  *

شەوێ کە دەمویست بۆ لای هاوڕێکانم بڕۆم، چاوێکم بە ناو ژوورەکەدا گێڕا، هەمان ئەو دوو چەپکە گوڵە وشکەوە بووە لە وێ بوو. هاوڕێکەم هات، پرسی ئاخۆ کاری ژوورەکە تەواو بووە، من دەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا قسەم لێکردووە یان نا؟ گوتم: "لەو ماڵەی ئێمەدا ژووری بە تاڵ نییە، یەك ژووری بەتاڵ هەیە، بەڵام خاوەن ماڵەکە بەکرێی نادات".

تاران – ئازەر ١٣١٣ ((١٩٣٤))

## ٣- سەمای مەرگ

"١"

دوێنـی بەیانی بردیـان. دوو ڕۆژە کە بردوویانـە. لـە دوێنـێ بەیانیـەوە تـاکو ئێستا گوێم بە ئاهـەنگی سـەمای مەرگ–Dance macabre دەزرنگێتەوە. موڕتەزا دەستی ڕەجەب عەلی ڕەجەبۆفی گرتووە، لـە نیوە شـەودا لـە قەبرەکەی دێتە دەرێ. مردوویەکی دیکە بە ئێسکێکی دەستی کیژێك لەسەر کاژەڵەی لاوێك ئاهـەنگی سامناکی (سەمای مەرگ) لێ دەدات، گۆڕەکان دەم دەکەنەوە، ئێسەپەیکەرەکان لە گۆڕ دێنە دەرەوەو بە کۆمەڵ سروودی مەرگ دەڵێن و هەڵدەپەڕن، مارگریتا، بە سەروچاوی پڕ ئازار، بەڵام زندووەوە تەمەشا دەکات، دەیەوێ موڕتەزا لەم سەما دەستەجەمیە بێنێتە دەرێ.

دوێکە ئەویان برد. بە بەرچاوی ئێمەوە بردیان. ئەو کەسەیان برد کە سێ دانە مانگ شەوو ڕۆژ لەگەڵی بووین، هاو سفرەو خۆراکی بووین، ئەو کەسەیان برد کە شەڕی دەگەڵ کردبووین و پاشان ئاشت بوو بووەوە، ئەو کەسەیان برد کە تانەو تەشەرمان لێدا بووو پاشان تەوازۆمان لێ خواستبوو. ئەو کەسەیان برد کە لە لامانا دەگریاو دەی هێنایـە پێکەنین، ئەو کەسە کە لـە نەگبەتی و بەدبەختیدا شەریکی دەردو خەممان بووو لە نائومێدی دا ئومێدی پێ دەبەخشین، ئەو زندانیەیان بە بەرچاوی ئێمەی زندانیانەوە بردو پێشیان نەگوتین کە بۆ کوێیان برد، بەڵام با نەشیڵێن دەزانم بۆ کوێیان برد. بردیان تا بیکوژن. حوکمی مەرگ درا بوو.

موڕتەزا ڕۆیی. موڕتەزا لە سەمای مردووەکاندا کە هەموو شەوێك لە نیوە شەوەوە تا بانگی کەڵەبەبابی بەیانی لە گۆڕستانەکەدا دەیکەن بە بەزم هەراوزەنا، بەشداری دەکات. دوا سەعاتی ئازادی ئەوم لەبەرچاوە. بە باشی دەی بینم، دەنگی دەژنەوم کە هاوار دەکات: "مارگریتا، مارگریتا. بە کەس نەڵێی! بە هیچ کەسێك."

مـن لـەم چـەند ساڵەی ژیانی زیندان دا – ژیان نا، زندەبەچاڵی– مـن لـەم چـەند ساڵەی زندەبەچاڵیەمدا زۆر کاندیدی مەرگم دیتووە. دیتوومە کە چۆن لە کاتی ڕاگەیاندنی قەرارو حوکمی دادگادا ڕەنگیان پەڕیوە، زرانیان شل بووەو نزیك بووە هەر لەوێدا گیانیان دەربچێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لـە چاو تروکانێك پتری نەخایاندوەو یەکسەر هێڤی و ئومێدەواری جێی گرتووەتەوە، ئومێدەواری بە هەڵوەشانەوەی فەرمان، ئومێدەواری بە عەفوات، ئومێدەواری بە ژێرو ژوور بوونی هەموو دنیا، تەنیا بۆ ڕزگاری ئەوانە، ئومێدەواری بە موجیزات و پەڕجوو، نەك هەر ئومێدو هێڤیدار بوون، بەڵکو باوەڕهێنان بە پوچترین بێ ئەقڵی و تەسەورو وێنای ئەمە کە لەگینە شا ڕەحمی بتلیسێتەوەو ئەوانە عەفو بکات. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە شەوی بەر لە ئەنجامدانی فرمانەکە مرد. من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە بەر لە تیرباران کردن ردێنی تاشی، جلکی جوانی لەبەر کرد، خواحافیزی لە دۆستەکانی کردو پیاوانەو مەردانە بەرەو پیری مەرگ ڕۆیی.

من یەکێك لەو مەحکومانە دەناسم کە لە کاتی مردندا هورای دەکێشا "بژی ئێران".

من مەحکوم بە مەرگێك دەناسم کە ئاهەنگی سروودی "ڕابە ئەی داغی نەفرەت خواردوو، دنیای ڕووت و برسیان"ی تا ماوەیەك پاش دەست ڕێژی تفەنگەکانیش لە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە.

بەڵام من هیچ یەکێك لەوانەم بەم نزیکییە نەدەناسی. زۆریانم دیتبوو. کەسیانیان لە نێو ئێمەوەو بە بەرچاوی ئێمەوە نەبرد، وەك ئەوەی مەڕێك لە نێو مێگەلێکدا بۆ کوشتنەوە هەڵبژێرن.

دوێنێ بەیانی سەعات حەوت و نیو بانگیان کرد. هەمان فەڕاشی پیر بە دەنگی ڕەسا هاوار دەکات. چڵمەکەی هەڵدەمژێ و بانگ دەکات: " موڕتەزای کوڕی جەواد، وەرە ئاغا". تەواوێك ئەلف و غەینی "ئاغا" کە درێژ

دەكاتەوەو هەرگیز بەلای ئەوەوە گرینگ نیە كە ئەم مورتەزای كوڕی جەوادەی دەنكی مارگرێتای كیژی نۆزدە ساڵە، بۆ حەپسی ئینفرادی دەبەن كە دیق كوژی بكەن، بۆ مەرەخەسی دەبەن، دەیانەوێ جەڵدەی لێ بدەن، دەیانەوێ ئەشكەنجەی بدەن، عەفوی بكەن، بۆ تاراوگەی بنێرن، بۆ پای قەنارەی بەرن یان تیربارانی بكەن، بۆ ئەو هیچ فەرقێك ناكات. ئەو تەنیا هاوار دەكات: "مورتەزا جەواد! وەرە ئاغا" و یەكسەر دوای ئەو چەند نەفەرێكی دیكەش، لەوانە پاسەوانی قاوشی شەش‌و فەڕاشەكانی هەمان قاوش‌و دەست نێژەكانی ئەوان هاوار دەكەن: "مورتەزا جەواد."

بەڵام بەندی دڵی ئێمە پچڕا. هەندێك دەستیان بە كۆكردنەوەی شڕو شیتاڵەكانی، یان شمەكەكانی كرد.

دوای تۆزێك یەكێك لێی پرسین: " بەشمەكەوە؟ هەنگێ وەڵام درایەوە: "نە، بۆ دادگا"

دەڕۆیی كە بمرێت. بێگومان لە سێدارەی دەدەن. لەوەیە مارگرێتا لەبەر دەرگای زیندان وەستابێ‌و بەر لە مردن جارێكی دی یەكتر ببینن. بێگومان لەبەر زیندانیشدا، پێی دەڵێت: "مارگرێتا، مارگرێتا بە هیچ كەس نەڵێی، بە هیچ كەسێك"

مورتەزیان بۆ دادگا نەدەبرد، درۆدەكەن، بە هیچ مەحكومێك لە سەعاتی پێش مردنەكەیدا ناڵێن كە بۆ ئیعدامت دەبەین. بەدرۆ رایدەگرن.

كاتێ مورتەزا خەریك بوو لە ژوورەكەی ئێمە وەدەردەكەوت گەڕایەوەو گوتی: "دنیا بارانە، یەكێكتان كڵاوەكەیم بداتێ." چەند كەسێك كڵاوەكانیان بۆ درێژ كرد. ئەوەی منی هەڵگرت.

چ بنیادەمێكی ساویلكەیە! هەموو مەحكومانی ئیعدام ساویلكە دەبن. زەحمەتە وێنای ئەمە بكرێ كە ئەم بەدەنە، بەم پێكهاتەو بونیادەوە، بەم هزرو بیرەوە، بەم هەموو خۆزیاو ئومێدەوە، بەم هەموو ئەشقەوە دەرهەق بە مارگرێتا، دوای چەند سەعاتێكی دیكە تێك‌و پێك دەشكێت‌و هیچ شتێكی لێ نامێنێتەوە. ئەستەمە.

بۆ ئیعدام دەبرا،و دەترسا باران سەری تەڕ بكات، ڕەنگە پەشۆكا بێ. لەوەشە لە مەرگ و مردن بێ مندت بێ. وا باوە كاتێ یەكێك بۆ ئیعدام دەبەن، دەڵێن: "بەشمەكەوە" ئەوسا جلكی خەوو قەرەوێڵەو تەختە خەوو جلك و بەرگەكەی لێ وەردەگرن‌و لە ئۆفیسی زندانی دادەنەن. ئەگەر خانەوادەو كەس‌و كاری هەبێ، دەیدەنەوە بە خانەوادەكەی، ئەگەر نەی بێ، نازانم چی لێدەكەن. كە بەبێ شمەك‌و سیپاڵان بردیان هەموومان تروسكەیەكی ئومێدمان كەوتە دڵ، ئایا دەشێت بۆ ئیعدامیان نەبردبێ؟

ئێستاش دەنگی لە گوێم دا دەزرنگێتەوە: "مارگرێتا، مارگرێنا، ئەمە بە كەس نەڵێی، بە هیچ كەسێك."

تۆ بڵێی مارگرێتا شتێكی بە كەسێك گوتبێ؟ ئایا شتی وا هی دەبێت؟ ئەگەر وابێ كاشكا مورتەزا دەمرد. بەڵام نا، ئەم بیرانە دروست نین. مورتەزا دوێ شەو لە سەمای نیوەشەوی مردوواندا بەشداری كردووە. لەوێ دەستی رەجەب عەلی رەجەبۆفی گرتووەو هەردووان پێكڤە ئازادانە رەقسیون. ئەم دەنگە سامناكانەی (سەمای مەرگ) بەدەنم دێنێتە لەرزە. سەمای ئیسكەپەیكەرەكانم لە بەرچاوە...

من بە خۆم حوكمەكەی ئەوم خوێندەوە: "مورتەزا ف. كوڕی جەواد، بە تۆمەتی قەتڵی عەمدی رەجەب عەلی رەجەب زادەی كوڕی حاجی رەجەبی باكۆیی، ئاكنجی تاران خراوەتە ژێر چاودێری‌و تاقیبی دادگای شارەوە."و دوای چەند رستەیەكی دیكە كە لە یادم نیە، حوكمە كە تەقریبەن بەمجۆرە لە سەری دەڕوات: "بەگوێرەی هەواڵی پۆلیس‌و ئاسایش‌و تەحقیقی وردی تۆماركراو لە دۆسیەی كارو بە گوێرەی ئیعترافی رێك‌و ڕەوانی تاوانبار لە بەردەم دادگادا، تاوانباری ئەو لە گۆشەنیگای دادگاوە بێ چەندو چونەو گوناحەكەی حاشا هەڵنەگرو سەلماوە" ئەوجا چەند رستەیەكی دیكە دێت‌و ئەنجام بەمجۆرە كۆتایی دێ: "بۆیە بە گوێرەی مادەی

فلان یاسای سزای گشتی، حوکمی ئیعدام دەدریّ." بە کەماڵی خوێنساردی حوکمەکەی خوێندەوە. بە پێچەوانەوە دەتگوت لە دڵتەنگی قوتار بوو. حوکمەکەی ئیستیناف نەکردەوە.
جا ئێستا لەگینە هێشتا زندوو بیّ؟ دەشێت ئیعدامیان نەکردبیّ؟ دوێکە بەیانی بردویانە. رەنگە جەنازەکەیان دابێتەوە بە مارگرێتا. ئەدی ئەو چی لە لاشەی دەنکەکەی کردووە؟ کەسی دیکەی لە تاراندا نەبوو. ئەمە بۆ کار بەدەستان کارێکی فرە ئاسانە. تەلەفۆن بۆ مارگرێتا دەکەن: ((جەنازەی دەنکەکەمان بردویت بۆ ئیمام زادە عەبدوڵلا، ئەگەر حەز دەکەی هەرە بە خۆت  بینێژە))
ئیدی بۆچی هەندیّ کەس گومان دەکەن؟ ئەویان برد ئیعدامی بکەن. وێڕای ئەو جیاوازی بیرو بۆ چوونانەی کە لە ژوورەکەی ئێمە دا لەسەر ئەم بابەتە هەیە. من کەمترین گومانم نیە کە مورتەزا ئیدی نەماوە و تەواو. مەگەر...مەگەر ژیانێکی خراتر لە مەرگی بەنسیب بیّ. ئەوساش من حەزم دەکرد، خۆزیم دەخواست کە بمردایەو لە کۆڵ بایەتەوە. کە لە زینداندا قەراری دادگایان پیّ راگەیاند و ئەویش داوای ئیستینافی نەکرد، هەنگیّ یەکەم گفتوگۆی دڵسۆزانە لە نێوانماندا دەستی پێکرد:
– بۆچی داوای  ئیستیناف ناکەی؟
– ئیستینافی چی؟
– ئیستینافی ئەو حوکمە کە دادگا دەربارەی تۆ داویەتی، سەیرە! چما نازانی حوکمی ئیعدامیان داوی.
دەتگوت باش حاڵ نەبوو بوو کە ئەم حوکمە دەکاتە چی، لە ژووری سێیەمی قاوشی شەشەمدا ئێمە بیست و یەك نەفەرین و تەنیا من بە هەڵە لە نێو ئەوانەدا زیندانی سیاسیم. مەسەلەکەش ئەمەیە کە چونکە من لە زندانی قەسردا دەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرانی ئێشکچی دا دەمەقاڵێم بوو، بۆ زیندانی کاتیان دوور خستمەوە، نزیکەی شەش مانگ لە ژوورە ئینفرادیەکانی قاوشی دوودا بووم، جا چونکە لەم دواییانەدا ژمارەیەکی زۆری سیاسیانیان گرت و جێیان نەبووەتەوە، بۆیە منیان بۆ قاوشی گشتی، واتە ئەم قاوشی شەشەمە هێناوە، ئیدی هاو زندانەکانم هەموو بریتین لە دزانی پارەی دەوڵەتی، بەرتیل خۆران، و دەسبڕو کلاوچیان و هەندیّ جار پیاوکوژانیش.
شەوان پاش سەعات نۆ کە هەموو ناچارن بخەون، من بە دزییەوە کتێبەکەم دەردێنم، تاقمێکی چای دەدەم بە پاسەوانی بەرپرس تا خەبەرم لێنەداو هەنگیّ بە دڵی ئاسودە دەست بە خوێندنەوەی کتێب دەکەم. ئەگەر ئەفسەرێك، بەڕێوەبەرێك، سەرۆكێك بێت، خودی پاسەوانەکە ئاگادارم دەکاتەوە.
ئەو شەوەی کە حوکمی ئیعدامەکەیان بە مورتەزا راگەیاند سەیرم کرد نەخەوتووە، چونکە دەمزانی کە زمانی فەرەنسی بەڵەدە، کتێبەکەم کرد بە دوو لەتەوەو لەتی یەکەمیم دا بەو. بە تەواوی ئارەزووەوە کتێبەکەی لیّ وەرگرتم و لەوەوە دۆستایەتیمان پەیدا کرد. کاتیّ کە قەرارەکەی دادگایان پیّ راگەیاند لە ژێر قەرارەکەدا نووسی: "بینرا."
ئێمە هەموو حەپەساین، چونکە پێشتر کەم دابێژێکمان لەمەڕ رەوتی دادگاییەکە لەو پاسەوانە ژنەوتبوو کە ئەوی بۆ دادگا بردو دەمانزانی کە هیچ قەرینەو بەڵگەیەك لە دادگادا دژی ئەو نەبووە، جگە لە ئیعترافی راشکاوانەی خۆی کە گوتبووی: "من کوشتوومە."
گوتبووی کە من رەجەب عەلی رەجەبۆفی باکۆییم کوشت.
جاریّ دووەم و سێیەمیش کە من پیّ داگریم کردو لێم پرسی: "بۆچی ئیعتراز لەم حوکمە ناگری، بۆ ئیستینافی ناکەیەوە؟"

گوتی: "فایدەی چییە؟"
- چۆن فایدەی نییە؟ فایدەکەی ئەمەیە کە لەگینە تەبرێ دەرچیت و نەتکوژن.
- من گوناحێکم کردووەو دەبێ سزاکەی بدەم.
- چ گوناحێکت کردووە؟
- بنیادەمم کوشتووە.
- تۆ؟
من ئەوەندە پەریشان و شپرزە بووم کە هێمنی و خوێن ساردیەکەی ئەو نەیدەتوانی بە هیچ جۆرێ کارم تێ بکات. ئەنجام نەم توانی لەوەی کە بە مەزندە دەمزانی و لەم لاو لەولاوە بیستبووم و لە دڵمدا پەنگی خواردبووە، لە دڵی خۆدا بێڵمەوەو گوتم: "من هەرگیز باوەڕ ناکەم کە تۆ پیاوکوژ بی، ئەم کارە لە تۆ ناوەشێتەوە.دروستە کە بە دارو بارو تۆکمەی بەڵام لە دادگادا هیچ بەڵگە دژی تۆ نەسەلماوەو ئەگەر بە خۆت ئیعترافت نەکردبایە، بە هیچ جۆرێ حوکمیان نەدەدایت."
- من پیاوم کوشتووە.
خەریك بوو کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم، زیاتر ئەم بێ متمانەییەی ئەو دەهری دەکردم.
- گوێ بگرە هاوڕێ، من زندانیەکی سیاسیم، ئەوە چوار ساڵ و شتێکە، بەڵکو چوار ساڵ و نیوە کە لە زیندان دام، دەتوانی متمانەو باوەڕی تەواوت بە من هەبێ. رەنگە تۆ لە ژێر گوشاری کەسێکی تردا بی. من زۆر زندانیم دیتووە کە خەتاو گوناحی کەسێکی تری لە ئەستۆ گرتووەو زندان کراوە، هەندێ جار شتی نادیارو راز ئامێز بنیادەم گێرۆدە دەکەن. هەنگێ دەبێ ئەم رازانە کەشف بکەی، خۆ ئەگەر قەراریشت داوە بمریو رزگاری خۆت لە مەرگدا دەبینییەوە، هەر دەتوانی بە ئارامی بمریت. ئەگەر ئەو شتەی کە ئەزیەتت دەدات، بە من بڵێی، لەوەیە ئاسودە ببی. لەوەشە چارەیەك بدۆزرێتەوە، لەوەیە بشێت کاریێ بکرێ. هێشتا زۆر گەنجی، وەختی مردنت نییە. ئەگەر ژنێ، کەسێکت خۆش دەوێ، بیر لەویش بکەوە، ئاخر لە دوای تۆ ژیانی ئەویش بایەخی نابێ. خۆ بێ کەسیش نیت، کەس نایەتە دیدارت؟ بەڵام زۆر جار خۆراك و پۆشاکێکت بۆ دەنێرن.
ئیدی بۆم دەرکەوت کە دوا تیری تیردانی من بابەتی ژنەو زیاترم خستە کارەوە. من لە زندان دا شارەزاییەکی زۆرم لەمەڕ پیاوکوژان پەیدا کردبوو. زۆربەیان ئەو جووتیارانە بوون کە لەسەر ئاو یان لە ئەنجامی دەسیسە و پیلانی دەرەبەگ و خاوەن موڵکان دا بەگژ یەکتردا چوو بوون و لە ئەنجامدا یەکێك کوژرا بوو، یان خەڵکانێك بوون کە لەسەر ژن خەنیمی خۆیان کوشتبوو، دەستەی سێیەم ئەوانە بوون کە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵی دا کەوتبوونە زندان و لە زنداندا دزی وگیرفانبڕی لە دزانی دیکەوە فێر بوو بوون و لە ئەنجامدا دوای پازدە ساڵان دزی و خوێڕیەتی لە دوا نۆرەدا بە چەکەوە چوو بوونە دزی و یەکێکیان کوشتبوو، ئەم دەستەیە کە کۆمەڵگە (پیاوکوژانی خۆڕسك)یان پێ دەڵێت، هەمان ئەو کەسانەن کە خودی کۆمەڵگە بۆ دزیو تاوانیان پەروەردە دەکات.
هەستم دەکرد کە هەبێ و نەبێ ژنێك لە چارەنووسی موڕتەزادا دەورێکی هەبووبێ، ناوی ئەم ژنە بە گوتەی ئەو پاسەوانانەی کە بۆ دادگایان دەبردو دێنایەوەو بەگوێرەی مۆری ئۆفیسی زندان کە دەیان نا بەو خۆراك و پۆشاکانەوە کە لە کەسوکاریان وەردەگرتین و حەواڵەی ئێمەیان دەکرد مارگرێتا بوو، من دوا تیری خۆم خستەکار.
- گریمان پیاویشت کوشتووە، تۆ ئەمەت لەبەر خاتری ژنێك کردووە، وانیە؟

– جا باسی ئەمە چ فایدەیەکی هەیە.
– فایدەکەی ئەمەیە کە تۆ نامریت و دەتوانی بەختەوەر ببی.
دەیویست خۆی بدزێتەوەو وەڵامم نەداتەوە. بەڵام من دەستبەردار نەبووم.
– جا ئەگەر ئەم ژنە تۆی ناوێ، بۆچی دەتوێ بمری؟ لە پێناوی ژنێکی وادا کە قەدری تۆ نازانێ، بۆچی گەرەکتە بمری؟
– ئاه، وا نییە، تۆ نازانی کە بەم قسانەت چۆن دڵی من دەسووتێنی.
– یانی خۆشی دەوێی؟ کەواتە بۆ دەبێ بمری؟ هەر تەنگانەیەك فەرەجی خۆی هەیە.
– هیچ فەرەجێك بۆ من نییە.
– چۆن نیە؟ بەڵکو حوکمەکە هەڵوەشێتەوە، بەڵکو دادگاییەکی دی دانرا، بیر بکەوە، رەنگە تۆ کەست نەکوشتبێ، بیسەلمێنە کە تۆ پیاو کوژ نیت، رەنگە پیاوکوژە ئەسڵیەکە بناسیت؟ مەجبور نیت ناوی بدەی، ئەگەر ناتەوێ، رەنگە حوکمی ئەبەدی بدرێی. کێ چوزانێ سبەینێ چ دەبێ؟ لەوەیە عەفو بکرێی، هەزارو یەك ئەگەری دیکەش هەیە...
قسەکەی بڕیم: "نە ئەمەیەو نە ئەوە، من لەم ژیانە وشك و نەگۆڕە بێ تاقەت بووم، ژیانی من مەرگێکی بەرە بەرە بوو. حوکمی ئیعدام بۆ من رزگارییە لەو عەزاب و ئازارانەی کە هیچ کەسێك باری نابات، لە کێشی کەسدا نیە، ژیان بۆ من مەیسەر نییە، ژیان بۆ من نە پێش دەکەوێ و نە باش دەبێت.
– ئەمە قسەیەکی دروست نیە، دنیا روو لە پێشکەوتنە، روو لە چاك بوونە، تۆ سەیری ئەم شەپۆلی دکتاتۆریەت و دڕندایەتیە مەکە کە ئەمڕۆ دنیای گرتووەتەوە، دنیا دەگۆڕێ، پەرەسەندن لە ئارادایە، تۆ چ کارەکەی، چۆن بۆ تۆ خراتر دەبێ؟
– مامۆستا بووم.
بەمجۆرە هێنامە قسان.
باڵا بەرزو تۆکمە بوو. ساغڵەمی لێدەباری. بابی لە مەشروتیەتدا کوژرا بوو. دایکی بەبیر نەدەهات. خوشکەکەی لە شارێکی دیکەدا بەشوو بوو و ئەویش لە ماڵەکەی بابیدا دەژیا. ئەوەی لە باب و داکی بۆ مابووەوە کەمو زۆر خەرجی خوێندنی کرد بوو ئەمیستا لە ئامادەییەکانی تاراندا دەرسی دەگوتەوە، زۆربەی کاتی خۆی بە کتێبانەوە رادەبوراد، کتێبی خۆش دەویست، چونکە شەرمن و دوورە پەرێز بوو لە کۆڕو مەجلیساندا رووی قسەکردنی نەبوو، بۆیە لەزەتی لە کتێب دەبینی. کتێب و لەم دواییانەشدا فیلم و رادیۆ بە گەورەترین لە زەتی ئەو دەژمێردرا، شەیداو دڵبەستەی دۆستۆفسکی نووسەری روس بوو. هەر بۆ ئەوەی کتێبەکانی ئەو بخوێنێتەوە دەیویست روسی فێر ببێ، فەرەنسیەکی باش بەڵەد بوو، کەمەکێ روسیشی دەزانی، جگە لەمانە هەندێ جار لە چاخانەکانی تاراندا دەردەکەوت و لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا شەترەنجی دەکرد، لە سینەماوە خووی بە مۆزیقای فەرەنگییەوە گرتبوو، لە ماڵەوە رادیۆی هەبوو، ئەم رادیۆیەش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو بوو بوو بە سەرگەرمیەکی تازە، بە جۆرێ کە پێویستی بە تێکەڵبوونی خەڵکی نەبوو، نزیکەی سەدو پەنجا تمەنێك مووچەی قوتابخانەی وەردەگرت، جگە لەوەی کە ساڵی سێ سەد تا پێنج سەد تمەنی موڵکانەی ئەو موڵکانەی کە بەسەر ئەوو چەند ئامۆزایەکی تری و خوشکەکەیدا دابەش دەکرا، بەردەکەوت، ژیانی ئارام، یەکهاوی و بێ کێشەو سەریەشە بوو. بابایەکی بەرزەفڕو پایەخواز نەبوو. بە تەمای وەزیری نەبوو، بە پێچەوانەوە بە چاوی سووك (هەڵبەتە تا رادەیەك) سەیری ئەم جۆرە کەڵکەڵانەی دەکرد.

خوشکەکەی کە چەند ساڵێك لەو گەورەتر بوو، حەزی لێ بوو ژنی بۆ بێنێ و بەمجۆرە بیخاتە سەر راستە رێگەی ژیان. ژن و منداڵ، خۆراکی ماڵ و ئازوقە، بیری زیاد بوونی موچە، دابین کردنی ژیان و ئاسوودەیی کەس و کار، هەموو ئەمانە پیاو لەوە دەگێڕنەوە کە خۆی بخاتە ناو تۆفانەوە، کە بە کەنارا بڕۆی دەبێ دارعاسات پێ بێ، ئیدی دەریایە، لەوەیە پیاو بەرەو نقومگەکێش بکات، بە خۆیشی نەیدەزانی کە رێگەی ژیانی چیەو کامەیە. دەریا، تۆفانی خۆش دەویست، خۆ چوونە کەناریش بۆ خۆی ئاسوودەییەك بوو. تەنیا هەندێ جارو بە دەگمەن و ئەوەش زۆربەی ئەو کاتەی کە بە تەنیا بوو، لەگین بوو کە کتێب یان شاشەی سینەما یا مۆزیقاو یان دەردو بەدبەختی خەڵکی، یان تاسەو کەڵکەڵەیەك ئەو لەم مەدارو بازنەیە بێنێتە دەرێ، بیهاڕوژێنێ، شێت و شەیدای بکات، بە جۆرێ کە پاش چەند سەعاتێك لەو کارە ژێوان ببێتەوە کە لە ئەنجامی هەڵچووندا کردبووی. هەنگێ دیسان خۆی ساز دەدایەوەو جارەکی دی خۆی لەسەر شارێگەی وشکی ژیانی رۆژانەدا دەبینییەوە. بۆ گۆشەی ژوورەکەی کورسیەکی پێویستە، پارەی کارەبای ئەم مانگە زیادی کردووە لە جیاتی ئەوەی سێ سەدو پەنجا تمەن بدات بە مافورێك رەنگە باشتر وابێ کە قەرز بدات: هەر تمەنێك بە قازانجی یەك عەباسی بدات، لە مانگێك دا دەکاتە حەوت تمەن، لە ساڵێکدا دەکاتە هەشتاو چوار تمەن. هەر باشە کەلێنێك دەگرێ.

بە خۆی دەیگوت: "سواری کەژاوەیەك بوو بووم کە هەڵتەك هەڵتەك لەم کاروانسەراوە بۆ ئەو کاروانسەرای دەبرمو هەر دەیگەیاندمە مەنزڵ، بەڵام ئەو قاترەی کە کەژاوەکەی رادەکێشا چەموشی دەکردو زۆربەی کات دەیوست فرێم بداتە دەرێی جادەکە، ئاخریش هەر فرێی دامە دەرێی جادەکە"

ئەم ژیانە رۆتینی و یەکهاویە لە ناکاو شێوەیەکی دیکەی وەرگرت. مارگرێتا!

لەگەڵ مارگرێتادا، فەسڵێکی دیکە لە ژیانی دەست پێدەکات.

کلیلی نهێنی ژیانی پیاو لە دەستی ژنان دایە.

ئەم ژنە نێوی مارگرێتا بوو.

من بە خۆم ئەم ناوەم لە (ئۆفیسی پارەی زندانیان)دا خوێندووەتەوە. هەفتەی پازدە ریاڵمان لە زندان هەیە. کەس و کاری ئێمە دەتوانن بە دڵی خۆیان پارە بە ناوی ئێمەوە بنێرنە ئۆفیسی زیندان. بە گوێرەی پارەکە پسوولەمان بە ناوەوە دەنووسن. ئەم پسوولانە دەدەن بە ئێمەو لەو دەفتەرەدا کە ناوی وەرگرەکان نووسراوە ئێمەی زندانی ئەم پسوولانە ئیمزا دەکەین.

لەسەر پسولەکەی مورتەزا لە بەرانبەر ئەم وشانەدا کە لەوێ تۆمار کراوە (ناوو ناوی خانەوادەو ئەدرەسی پارەهێنەکە)) نووسراوە: خات مارگرێتا.

لە سەرەتادا هەموو جارێ لێم دەپرسی: "مارگرێتا کێیە؟" دەیگوت: "نایناسم."

بەڵام مارگرێتا زۆرجار دەهاتە بەر زیندان خواردنی بۆ دێنا، جلکی نوێی بۆ دەکڕی، پارەی دەدایە. خواردنەکان دیار بوون کە ژنێکی بە سەلیقە دەی نیرێ. کەرەتێك پیجامەیان بۆ هێنا. بە پیتی لاتینی لە سەری نووسرابوو (Mf). مورتەزا ف دەیتوانی بە سەعاتان دانیشێتو دەستماڵە ئوتوکراوەکان هەڵگێڕو داگێر بکاتو لەزەت لەم کارە ببینێ. ئەگەر کەسێك بەوردی بیروانیبایە چاوانی مورتەزا، دەی بینی کە کەمێك تەڕن.. لە خۆشیابوو. هەر چەندە کە کاربەدەستانی زیندان، بەوپەڕی بێ ویژدانی شیرینییەکانیان لە پاکەت دەردێناو هەڵیاندەڕشتە نێو دەستەسڕی چڵماوی پاسەوانەکانەوەو بۆیان دەهێنایەن، لەگەڵ ئەوەش دا کاتێ کە شیرینیەکان دەگەییە دەستی مورتەزا، هەم ئەو هەستی دەکردو هەم خەڵکیش هەستیان دەکرد کە ژنێکی ئەمەکداری دڵسۆز لە دەرێ را چاوەنۆری ئەوە..

"مارگرێتا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بە هیچ کەسێك..."
ئێستاش ئەم دەنگە لە گوێم دا دەزرنگێتەوە.
رەنگە ئەمڕۆ بەیانی کە دەیانویست بیبەن و ئیعدامی بکەن، لەبەر دەرکەی زیندان یەکتریان بینی بێ.
لەوەیە ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ مامورانی ئاسایش و پۆلیس تەلەفۆنیان بۆ مارگرێتا کردبێ:
"وەرن جەنازەی ئازیزەکەتان بەرنەوە."
رەجەبۆف، کە مەبەست رەجەب عەلی رەجەب زادەکەی لەمەڕ خۆمانە، موڕتەزای بەم کیژە ناساند.
بەو هەموو ئارامی و خوێن ساردی و شەرم و حەیایەوە کە من لە موڕتەزادا دەمبینی، سەیر ئەمەیە کە هەر کاتێ دەهاتە سەر باسی رەجەبۆف، نەت دەناسییەوە. چاوەکانی ئەبڵەق و دەموچاوی سور هەڵدەگەڕا، لێوی دەکەوتە تەتەڵە. هەردووك دەستی رادەوەشاند، وشە لەزاریا دەلەرزی و توندو تێکەڵ و پێکەڵ دەهاتە دەرێ، بەڕادەیەك کە هەندێ جار دەکەوتە تەتەپەتە. بەمجۆرەی باس دەکرد: "رەجەبۆف لەو زەلامانە بوو لە قاوەخانانـدا عارەقی دەکردە پەرداخی ئاو خواردنەوەوە، کەباب و ناسکە توری رادەسپاردو، مڵچە مڵچ دەیخواردو کەیفی دەکرد. چونکە موسوڵمان بووو نەیدەویست لە بازاڕا ناوی بزڕێ و ئیحتوباری زەدەداربێ."
یان دەیگوت: " رەجەبۆف دایمە لەگەڵ تاقمێکدا ناکۆك و دەگەڵ دەستەیەکی دی دا هەمیشە کۆك بوو. لەگەڵ ئەو تاقمەدا کە کاری پێیان نەبوو و بە بیریا نەدەهات کە ئەم کەسە لەگینە رۆژێ لە رۆژان سوودێکی پێ بگەیەنێ، هەمیشە دڕدۆنگ و ناکۆك بوو و لەگەڵ دەستەکەی تردا هەزارو یەك باس و گەنگەشەی هەڤدژو بێ سەروبەری بە قازانجی خۆی لێك دەدایەوەو هەمیشە کۆك بوو. بە هەرحاڵ رەجەبۆف وەکو زۆربەی خەڵکی بوو.
"لەگەڵ بابی مارگرێتادا، کە بە یەکێك لە دۆستانی خۆی دەزانی، هەمیشە تەباو کۆك بوو. کەڕەتێك لە میواندارییەکدا شەراب بەکراسە پەمەییە کاڵەکەی مارگرێتادا ڕژا بوو. کراسێکی جوان بوو. زۆرم حەز لێ بوو. خۆیشی ئەو کراسەی خۆشدەویست و زۆرجار بەو پەڵەیەشەوە کە
تاڕادەیەك چوو بووەوە، لە بەری دەکرد. رەجەبۆف جارێك ئەو پەڵەیەی بینی و پرسی! "بۆچی کراسەکەت پەڵاوی کردووە؟" مارگرێتا رووی کردە بابی و گوتی:" بینیت بابۆ، دەتگوت پەڵەکە رۆییوە، بینیت نەڕۆییوە."
بابی روویکردە رەجەبۆف: "چما تۆ هیچ پەڵەیەك دەبینی؟" رەجەبۆف لە پەرسڤدا گوتی: "پەڵە، نەخێر، با تەمەشایەك بکەم. نەخێر، تەقریبەن چ شتێك دیار نیە. نەخێر هیچ شتێك نابینرێ. هەر هیچ شتێك دیارنیە،" من لەو رۆژەوە بۆم دەرکەوت کە چۆن بنیادەمێکە."
ئاشنایەتی موڕتەزاو مارگرێتا بەمجۆرە بوو، موڕتەزا دەیویست روسی فێر بێ و بە دووی موعەلیمی روسیدا دەگەڕا. یەکێك لە ئاشناکانی بە رەجەفۆفی، کە روسی دەزانی، ناساند تا بەڵکو ئەو کەسێکی روسی زانی بۆ بدۆزێتەوە کە بتوانێ وانەی روسی پێ بڵێتەوە. پاش ماوەیەك رەجەبۆف پێی گوت: "زۆرچاکە، چونکە من متمانەم بەتۆ پەیدا کردووەو دەزانم کە تۆ لاوێکی نەجیب و خانەدانی، دەمەوێ خزمەتێکت پێ بکەم. من یەکێکم خۆش دەوێ کە بنیادەمێکی زۆر چاکە، کیژێکی هەیە کە روسیەکی باش دەزانێ، ئەگەر مەیلت لێیە، تۆ فەرەنسی بەو بڵێوەو ئەویش روسی بە تۆ بڵێتەوە."
موڕتەزا چونکە بنیادەمێکی شەرمنە، نەیدەویست ئەم پێشنیازە قەبوڵ بکات و گوتی: "زۆر سوپاس. بەڵام حەزم دەکرد مامۆستایەکی پیاوم هەبێ و بە پارە دەرسم پێ بڵێتەوە. دەترسم دەرەقەتی ئەم کارەنەیەم."
– کەیفی خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە تۆ بەم شێوەیە باشتر فێردەبیت، پێم باشە ئەم پێشنیازەی من قەبوڵ بکەی، ئەگەر زانیت سەرکەوتوو نابی، هەنگێ هەوڵدەدەم کەسێکی دیکەت بۆ بدۆزمەوە. گوێ مەدەیێ، ئەو ماڵە

دۆستەی من خەڵکانێکی فرەخاسن و پەشیمان نابێتەوە. مەدام مارگرێتا کیژێکی زۆر زرینگ و بە هۆش وگۆشەو روسیەکی باش دەزانێ، حەزیش دەکات فێرە فەڕەنسی ببێ. ماڵباتێکی یەجگار باشن.

موڕتەزا هێشتاش نەیدەویست بچێتە ژێر بارو نەیدەویست وەڵامی یەکجارەکی بداتەوە. رەجەبۆف ئەمەی بە رەزامەندی حەساو کردو لەسەری رۆیی:

– سبەی نیوەرۆ من لەوێم. تکایە کە لە قوتابخانە تەواو بووی یەکسەر وەرە بۆ ئەوێ. بۆ سبەینێ موڕتەزا بە چەند دەققەیەك دوای نیوەڕۆ بۆ ئەوێندەر چوو.

"٢"

هاو ژوورەکەم لە زیندانی کاتیدا، بایەخێکی فرەی بەم یەکەمین دیدارەی مارگرێتا دەدا. بەم یەکەمین دیدارەی کە ئەوی لە بەستەڵەك و جەمەدی رۆژانەی ژیانەوە خستە جوڵەو بەو دوا دیدارە کە ماناو مەبەستێکی بە ژیانی بەخشی. دوایەمین جار کە هاواری لێکردبوو: "مارگرێتا، مارگرێتا، ئەمە بە هیچ کەسێك نەڵێی، بە هیچ کەس." رەنگە دوا دیدار ئەو رۆژە نەبووبێ، لەوەیە دوێنێ بەیانیش کە لە زیندان وەدەرکەوتووە، لەبەر دەرگای زندان، لەو شوێنەدا کە ترومبێلان دەوەستن و پاسەوانان کەسوکاری زندانیان دەتارێنن تا نەبادا قسەیەکیان دەگەڵ بکەن، رەنگە لەبەر دەرگا دیتبێتی، رەنگیشە جارەکی دی مارگرێتا جەنازەکەی دیتبێ. موڕتەزا ناتوانێ ئەم دوا دیدارە بگێڕێتەوە. بەڵام یەکەمین دیدار، خۆی بۆی گێڕامەوە، هەموو هەست و سۆزو گودازو لەزەتێکی خۆی، هەموو پەشۆکان و پەشێوان و خورپەو ترپەیەکی دڵی خۆی بۆ گێڕاومەتەوە. خۆزیا توانیبام قسەکانی ئەو وەکو خۆی لێرەدا دووبارە بکەمەوە، بەڵکو ئەو کارەی کە لە منی کردووە یان بەلای کەمەوە سێبەرێکی ئەو کاریگەرییە لێرەدا بەرجەستە بوایەتەوە، تا دەربکەوێ کە ژیان، مەینەتیەکانی ژیان، دەردو ئازاران، چتۆ بنیادەم دەکەن بە شاعیرو هونەرمەند. موڕتەزا کەسێکی سادە بوو، بنیادەمێکی شەرمن بوو، بەڵام ژیان کردبووی بە شاعیر. هیچ فەرقێك ناکات هەم ئەم دزە بۆگەنە کە هەنووکە لەبەر پێی مندا لە عاردی خەوتووەو دەپرخێنێ، هەم موڕتەزا ف، زیندانی مەحکوم بە ئیعدام کە تەواو بووەو براوەتەوە، هەم مارگرێتا کە لە ژێر کێوێکی دەردو ئازارا گینگڵ دەداو ورتەی لێوە نایەت، هەم من کە لەم نیوە شەوەدا بە دزییەوە ئەم یاداشتانە دەخەمە سەر کوتە کاغەزان و هەمیشە گوێ قولاغم کە دەنگی ناڵچەی چەکمەی سەر چیمەنتۆی داڵانەکەی قاوشی شەشەم لە ژوورەکەی ئێمە نزیك نەبێتەوەو سەدای چرك و هوڕی کلیلی کلیلداری فەلاقە هاتنی ئەفسەری ئاسایش یان موفەتیش رانەگەیەنێ، فەرق ناکات! هەر هەموومان کاتێ کە دەکەوینە ژێر نیری ئەشکەنجەو عەزابی ژیانەوە، ناچارین لە قە فرتێ بکەین، هاوار بکەین، و ئەمە ئەوزاری دەربڕینی هەستەکانمانە، ئەو دڵۆپە خوێنانەیە کە لە جەرگمان دەڕژێت، پارچەی روحمانەو بەم شێوەیە دەردەکەوێ. گرینگ ئەمەیە کە ئازارو شادییەکانی خۆمان بە هەر رێگەیەك هەیە دەربڕین، بەڵام دەردەدار باشتر پەی بە دەردی دەردەدار دەبات.

من کاتێ کە بیردەکەمەوە کە چوار ساڵە تریفەی مانگ لە دەرکی دەلاقەوە دەبینم، لە شیش بەندەوە تەمەشای تریفەی مانگم کردووە، کاتێ دەبینم، ئەم دزەی کە بەدەم هەر هەناسەو هەر پرخەیەکەوە تۆپەڵێك بۆن بۆگەنی بەرەڵڵای ئەم ناوە دەکات، وێڕای ئەو دەهەزارو پەنجا هەزارو سەد هەزار تمەنەی کە لە ماڵ و دارایی رەنجبەران و زەحمەتکێشانی ئێرانی دزیوە، چەند رۆژێکی تر بەر دەبێت یان عەفو دەکرێ و منیش دەبێ بۆ چەندین ساڵی دیکە بەشم هەمان دەلاقەو تریفە، هەمان پرخو هۆڕو هەمان ترو تس و هەمان چرك و هۆڕی کلیل و هەمان تەپە تەپی چەکمەو لە هەموو ئەمانەش خراتر شەلاق و جەڵدەو جنێوو پاشانیش دوورخستنەوەو نەفی کردن بێ، بۆیە ئاساییە کە کاریگەریی شرۆڤەی سەمای مەرگەکەی موڕتەزا، هەر چەندە وشەکان نارەوان و نا شاعیرانەن،

لە مندا زیاترەو هەستی توندو مجێز وخووی ئاگرینی من هەموو دنیا، بەلای کەمەوە دنیای من لە شێوەی سەمای ئیسکەپەیکەری مردووان دا دەبینێ. ئاه من مردووەکان دەپەرستم و خۆشم دەوێن. بە خێرایی کەوتمە گێرانەوەی و ئەم بابەتە، مورتەزا باشتری دەگێڕێتەوە:

" تامن لە قوتابخانەوە سواری گالیسکە بووم و خۆم گەیاندە ماڵی ئەوان چارەکە سەعاتێکی پێ چوو. ماڵی ئەوان لە شەقامی نادری بوو. کە دەچووینە حەوشەوە، بە دەستی چەپدا قاڵدرمە بوو دەچووە سەر هەیوانێک، لەوێندەرەوە دەچوویتە ژوورێک کە پەنجەرەکانی رووەو هەیوانەکە دەکرانەوە. کارەکەرەکەیان بەبێ ئەوەی لە هاتنی من ئاگاداریان بکاتەوە بردمی بۆ ژوورێکی بچووک، مێزێکی خڕی کورت لە ناوەندی ژوورەکەدا بوووکاغەزیان لە سەردانا بوو. پیاوێکی کامڵ و کیژێکی گەنج و رەجەبۆفی ئاشنای من لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون. هەر کە من وەژوور کەوتم رەجەبۆف گوتی: "ئەها، ئەمە ئاغای (مورتەزا ف)یە. فەرموو، تەشریف بێنە ژوورەوە." ئەم جۆرە پەزێراییە رێک بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووی منەوە بوو، من پێم وابوو دەچمە ماڵی بابایەکی ئێرانی، دەمبەنە ژووری میوان و پاشان یەکێک دێت و قسەم دەگەڵ دەکات، یان لە بێرونی دا چاوەنۆڕ دەکەم. بە هەرحاڵ باوەڕم نەدەکرد کە راستەوخۆ بمبەنە سەر مێزی نان خواردن، بە سەرو سیمای باوکی مارگرێتادا دیار بوو کە لەم کاتەدا چاوەڕوانی من نەبووە، یان بیری چوو بوو کە قەرار بووە کەسێکی واهی بێت و دەرس بە کیژەکەی بڵێتەوە. لە زەینی خۆیدا دەگەڕا تا بزانێ من کێم. دەیویست قسەم لەگەڵدا بکات و نەیدەزانی چ بڵێ. دەنگی نەرم و ناسکی مارگرێتا وەکو چرکەی زیوێک کە بکەوێتە سەر بەردێک دەنگی دایەوە:

– بابۆ گیان، ئەمە هەمان ئاغایە کە دەخوازێ لای من فێری روسی بێ.

"مارگرێتا چەند ساتێ تێی روانیم. لە جێی خۆی هەستاو پێکەنی. پێکەنینەکەی وەکو هەتاوێک بوو کە لە ژێر هەورەوە سەر دەربێنێ و دنیا نوقمی شادی و خۆشی بکات. چەند تاڵێکی قژی وەکو ئاوریشمی زێرکفت بەحەواوە دەفڕی. باڵاو ناو قەدی باریکی کە لە کەمەربەندێکی پاندا بەرزتر دەهاتە بەرچاو، پەرجووی هەم ئاهەنگی بوو. چ خەندەیەکی ناسکی هەبوو، گاڵتەی بە من نەدەکرد، نە گاڵتەی پێ نەکردم. سەراپای بەرنیگایان دەدام. من جانتاو دەستکێشە چەرمەکانم بەدەستەوە گرتبوو، کڵاوو پاڵتۆکەم لە دەرێی ڕا لەسەر کەرەویتەیەک لەبەر هەیوانەکە دانا بوو. دەستی راستم ئازادو ئامادەی تەوقەکردن بوو، رەنگە پێکەنینە شادی بەخشەکەی مارگرێتا زیاتر بەو جانتا زەردە چەرمە گەورەیە بوو بێ کە چاوەڕوانی بوو.

" دەترسام زۆر نیگای بکەم، دەترسام ئاگری ئەو بم سووتێنێ. چاوم بڕی بووە تابلۆیەکی تاڕادەیەک گەورە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو، چونکە شەرمم دەکردو بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم چاڵەی تێی کەوتووم بێمە دەرێ، تەنیا ئەم قسەیەم وەبیردا هات:

– ببورن، وا دیارە لە ناوەختدا هاتووم. دەڕۆم و جارەکی دی دێمەوە، ببورن.

" کۆتایی زستان بووو پڕتە قاڵیان لەسەر مێزەکە دەنابوو. قسەکەم کردو چاوەڕوانم نە کرد. بەڵام کاتێ کە لە قاڵدرمەکانەوە دادەگەڕام گوێم لێ بوو کە بابی مارگرێتا دەیگوت:

– بفەرموو چ قەیدیە، بە خێر هاتی: بەلای کەمەوە پرتە قاڵێک بفەرموو.

" گەییشتمە نێو حەوشەکە. کارەکەرەکە لە بەر دەرکە وەستابوو، دەرگاکەی ڤەکرد تا من وەدەر بکەوم. مارگرێتا وەکو بروسکە بە قاڵدرمەکاندا داگەڕاو لەبەر دەرکە گرتمیەوە و گوتی:

– کەی تەشریف دێنی تا قسە بکەین؟

" زەنگی دەنگی وەکو ئاهەنگی سکەی زیوو بوو، قژە پڕو درێژەکەی بەسەرشانو ملیا ئاوێزان بووو بە پشتی هەردووك گوێیدا وەکو دووکەزیەی پێچاوپێچی درێژ، بە درێژایی دەستەکانیا هاتبوونە خوارێ و لوولیان دەخوارد. چاوە شینەکانی وەکو چاوی پشیلە دەدرەوشانەوە. لە عومراتما کیژی وا خشکۆکم نەدی بوو. دەمی دەتگوت خونچە گوڵی گوڵاڵەیەو دەیەوێ تازە بکرێتەوە. عەتری لە خۆی نەدابوو، مکیاجی نەکردبوو، لێوی سوور نەکرد بوون، گۆناکانی تەڕو بڕ، پێستی وەکو مەخمەل بوو، بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات گێژی کردبووم. ئارەقەی دنیام کردەوە، زمانم لەگۆ کەوت، کەوتمە زمانە لاڵکێ:

– هاتبووم دەرسی روسی بخوێنم.

– دەزانم، کەی دەڵێی قسە بکەین

– هاتبووم قەول و قەرار بکەین.

– ئەدی بۆ دەڕۆی. فەرموو بچینە سەرێ قەرارێکی لێ بدەین.

"من سوور هەڵگەڕام، بۆی دەرکەوت کە شەرم دەکەم جارێکی دی سەر بکەومەوە".

– کەی وەختت هەیە.

– من هەمیشە وەختم هەیە.

"دەنگە رون و زوڵاڵەکەی وەکو مۆزیقا دنیای ئەفسانەی لە مندا دەنواندو بێدار دەکردەوە."

– ئەمشەو سەعات حەوت تەشریف بێنە.

"ئەوسا تەوقەی لەگەڵ کردم، بە دەنگی بەرز پێکەنی و من لە ماڵی ئەوان وەدەرکەوتم. کاتێ هاتمە کۆڵانەکە، بێویستی خۆم کەڵەموست و قامکی شادەم لێکدی هەڵدەسوو تا بزانم هێشتا هەست بە گەرمی دەستی ساف و ناسکی ئەو دەکەم یان نا، من ئەم دیمەنەی بەر دەرگا فەرامۆش ناکەمو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. لەوەیە چەند رۆژێکی تر..."

مورتەزا وەختێ سەبارەت بە مارگرێتا قسەی دەکرد، ئیدی زندان و قاوشی شەشەمی لەبیر نەدەما، لەبیری دەچوو کە زیندانیەو لە قاوشی شەشەمدایە. منی لە بیر دەچوو و لە تۆ وایە بیرەوەری و سەربهوردەکانی بۆ خۆی دەگێڕایەوە. من دڵنیام کاتێ باسی مارگرێتای دەکرد هەستی بە قژە زێڕینەکەی دەکرد. هەندێ جار بۆ چەند دەقیقەیەك بێدەنگ دەبوو، ئەوسا ئەگەر هێشتا لە دنیای خەیاڵدا بوایە لەسەری دەڕۆیی یان دەیگوت: "فایدەی چییە؟ ژیان چەند شیرین و چەند تاڵە. چەند تاڵە، باشە. جارێکی دی بۆتی باس دەکەم".

ئیدی من چاوەنۆڕی دەرفەت بووم.

لە زستاندا سەعات چوار و نیو دەیانکردینە ژوورەوە. ئەوپەڕی رۆژی پێنج سەعاتێك لە دەرەوە دەبووین، لە ژوورەوە یەکێك خۆی دەدۆزی، یەکێك شۆرتەکەی بە پەنجەرەوە هەڵدەواسی، یەکێك باوێشکی دەدا، یەکێك گۆرانی دەگوت، یەکێك گۆرەوییەکانی پینە دەکرد، بۆیە زاتم نەدەکرد رووی لێ بنەم کە جوانترین هەستی خۆی بۆ من شرۆڤە بکات و چاوەنۆڕ بووم  تا جارێکی دی لە گێمی چوونە دەرەوەماندا ئەگەر تەفتیشیان نەکردباین، ئەگەر تەپوتۆزی تەکاندنی کەلوپەلی زندانیان رێگەی دابایەن، ئەگەر پاسەوانێکی تازە پەلپ و بیانووی سەماوەرو چای لێنەگرتبایەنو لێمان نەبوایە بە مووی لووت، فرسەتێ بێنم و ئەو گێولی هەبێ کە سەربوری بەدبەختی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

"ئەو شەوە سەعات حەوت رۆیشتم، نازانم بۆچی وێڕای ئەوەی کە کارم زۆر بوو، سەعات پێنج چووم بۆ ماڵەوەو خۆم وەکو ئەو منداڵانەی کە دەخوازن بچنە میوانی، ئامادەو تەیار کرد. هەر چەند بەیانی ردێنم تەراشی بوو،

دوای نیوەڕۆش تەراشم کردەوە. جلکێکی کەوەییم هەبوو کە زۆر جوانو باش دروا بوو، لەبەر کرد، قەرەویتەیەکی کەوەیی خاڵ خاڵی سوورم بەست، پاڵتۆیەکی نێوقەد تەنگم کە ئەو دەمە مۆدی بوو لەبەر کردو سواری گالیسکە بووم. بە درێژایی ڕێگەکە دڵم لێی دەدا. هەزارو یەك بیری شیرینم بە مێشکدا هات، داهاتوویەکی پرشنگدارم لەبەردەم خۆدا دەبینی، بەڵام باوەڕم نەدەکرد، جار جارێ جوانی ئەندام و ناسکی پێستی مارگرێتام وەبیر دێنایەوەو دەمگوت: "نا، مەحاڵە". هەندێ جار خەندەو پێکەنینەکەیم بیر دەکەوتەوەو زایەڵەی دەنگیم دەژنەوت و دەمگوت: "قەشمەریم پێدەکات" بۆچی پێی دا دە گرت کە ئەمڕۆکە بێم، بۆچی؟ بۆ ئەوەی لە منەوە فێری فەرەنسی بێ. خۆیشم نەمدەزانی چیم گەرەکە بەڵام هەموو ئەم خەیاڵاتە شیرین بوون.
چەند دەقەیەك بەر لە سەعات حەوت لەبەر ماڵەکەیاندا دابەزیم، لە پڕ دڵم کەوتە ترپە ترپ، هەستم کرد هەڵبەتە تێدەگەن کە من لەبەر چوونم بۆ ئەوێ وا خۆم ڕازاندووەتەوە. بە دەستە سڕ بۆدرەکەی دەموچاوم سڕی. بە دەست هەندێ قژم شێواند تا دیار نەدات کە تازە شانەم کردووە، جوان نییە وا هەست بکەن کە من بە تایبەتی بۆ دیداری ئەوان خۆم تەیار کردووە. دەمویست پێڵاوەکانیشم کەمێك خۆڵاوی بکەم کە لە پڕ دەرگای ماڵێك کرایەوە. من بەو خەیاڵەی کە دەرگای ماڵی ئەوانە، ڕەنگم تێك چوو، بەڵام خۆشبەختانە دەرگای ماڵی دراوسێکەیان بوو. لە زەنگم دا. کارەکەرەکەیان دەرگای ڤەکرد. هەر کە پێم نایە ناو حەوشە، بابی کە لەبەر هەیوانەکە وەستابوو، لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕاو پێی گوتم: "فەرموون فەرموو وەرە سەرەوە. هەندێك لەگەڵ کیژەکەمدا قسان بکەن، ئێستا شیڤ ساز دەبێت". لەهجەکەی ترکیەکی گڕ بوو، گوتم:
– سوپاس، بەڵام من شیوم خواردووە.
– فەرموو سەرێ. هەر کەسێك بێتە ماڵی ئێمە دەبێ شیڤ بفەرمووێ. جا تۆ حەز دەکەی مەخۆ.
ئەمەی گوت و ڕەوانەی کردمە سەرێ، چوومە ژوورەوە مێزێکی گەورە لە دوڕ ژوورەوە بوو. گڵۆپێك بە دیار مێزەکەوە، بە میچەکەوە هەڵواسرا بوو، چەترێکی تۆخی بە پلپلەو سلسلەی مەنجوخی بە دەورەوە بوو. ژوورەکە نیوە ڕووناك بوو، پەردەی ئەستوورو قورس سەرووی پەنجەرەکانی سەر حەوشەی داپۆشی بوو. لە گۆشەی چەپاو دوور لە هەیوانەکە پیانۆیەکی گەورە دانرا بوو، و لەلایەکییەوە گرامافۆنێك و لەلایەکەی ترییەوە ڕادیۆیەك دانرا بوو. مارگرێتا جلکێکی شینی کاڵی لەبەردا بوو، یەخەیەکی چین چینی گەورەی هەبوو، کە لە ناوەڕاستیاو لەسەر سینگی قردێلەیەکی سوری پەپولە ئاسای گرێ دابوو. نازانم ڕوناکی گڵۆپەکە بوو یان ڕەنگدانەوەو کاریگەری چەترە سورەکە بوو، یان گڕی سوری سۆپا نەوتیەکە بوو یان پەردە ئەستوورو قورسەکان بوو یا ڕەنگی ڕەشی پیانۆکە بوو، بە هەر حاڵ مارگرێتا ڕەنگ بزرکاو هاتە بەرچاوم، نەك بڵێی کە گۆناکانی پەمەیی نەبوون بەڵام لەبەر چاوی منا ئەم مارگرێتایە دەتگوت هەزار هێندەی نیوەڕۆ جوانتر بووە. مارفینکا لەم لای پیانۆکەوە وەستا بوو. مارفینکا دەسەخوشکی مارگرێتا بوو. ئەمانە بە دوو قوڵی و پێکەوە بە ڕوسی قسانیان دەکرد. ئەمە کیژە ڕوسێك بوو کە لە ئێران لە دایك بوو بوو، بابی مردبوو لەلای دایکی کە شووی بە پیاوێکی ئێرانی کردبووەوە، دەژیا.
کاتێ من وەژوور کەوتم مارگرێتا دەستەیەکی نۆتەی پیانۆی لەسەر کورسیەك هەڵگرت و لەسەر تەپڵەکێکی تەنیشت پیانۆکەی دانا: "لە وەختێکی باشدا هاتی، ئەم دەستە خوشکەم نا ناسیت؟ مەدام مارفینکا".
یەکەمجار خۆی تەوقەی دەگەڵ کردم. ئەوجا من تەوقەم لەگەڵ مارفینکادا کرد. ئەوسا مارفینکا خواحافیزی کردو ڕۆیی، من و مارگرێتا بە تەنێ لە ژوورەوە ماینەوە.
– هەوەڵجار شیڤ دەخۆین، پاشان سەبارەت بە کارەکەمان قسە دەکەین.

– من شیڤم خواردووه.
– قەیدی نیە، کەمێکیش لەگەڵ ئێمەدا بخۆ... چاوەڕوانین تا ئاغای رەجەبۆف بێت.
چەند قسەیەکی دەکرد، ئەوجا بەوپەڕی سادەیی سەیری منی دەکردو چاوەڕوانی وەڵامی من بوو.
– هەمیشە درەنگ دێت. باشتر.
قسەی دەکردو پێدەکەنی. دەنگی پێکەنیناوی نەبوو، وەکو ئەو ئاهەنگانەی کە لە تەلی تارەوە دەردەچن ماوەیەك لە هەوادا دەلەرییەوە. ئەو قسەی دەکرد و چاوەڕوانی نەدەکرد کە من وەڵام بدەمەوە: "تۆ بۆ ئەوەندە شەرمنی؟ بابۆ بنیادەمێکی باشە دەتوانی رەفیقایەتی لەگەڵ بگریت. تەمەنی لە پەنجا پتر نییە، بەڵام روحی گەنجە. قەلەندەرە هەمیشە نەخۆش و توڕەیە. حەز ناکەم کە دارعاسا هەڵدەگرێ. تەمەنت چەندە؟".
چاوەڕوانی وەڵامی من بوو، بەڵام من نەمدەزانی بەچی بانگی بکەم. ئەگەر ناوەکەی فارسی بایە، بە ئاسانی دەکرا بڵێی: ئەختەرخانم یان پەروانە خانم بەڵام مارگرێتا خانم قورس دێتە بەر بای گوێ. مەدامیش خۆش نیە، چونکە ئێمە بە فارسی قسە دەکەین. بەڵام هێشتا باشتر بوو"من بیست و پێنج ساڵم مەد... مەدام"
– پێم مەڵێ مەدام، زۆر فەرمی دەردەچێ. هەر کاتێ فەرەنسی فێر بووم، هەنگێ بە فەرەنسی قسەت دەگەڵ دەکەم، و ئەوسا دەتوانی پێم بڵێی مەد موزیل، باشم گوت؟ من تۆزێك فەرەنسیم لای خۆم خوێندووە، بەڵام ئیتر تۆ باشم فێر دەکەی. من روسی باش دەزانم. دایکم روسی بووە. مەبەستم ئەوەیە کە روسیە، ئێستاش ماوە.
ئەوسا چوو بۆ سووچی ژوورەکە لە ژێر مێزێکدا ئەلبومێکی دەرهێنا، گوتی: "فەرموو با لێرەدا وێنەکەیت نیشان بدەم. تەمەشا چەند خشیکە، نازانم ئێستا لە کوێیە. لە ئێران نیە، بەڵام من زۆرم خۆش دەوێ. لە ژوورەکەی خۆمدا وێنەیەکی گەورەی دایکم هەڵواسیوە، مەخابن کە من لە جەم ئەو نیم".
وێنەکەم لە دەستی وەرگرت و تەمەشام کرد. راستی دەکرد ژنێکی یەجگار خشکۆك بوو. لێ من ترسم لێ نیشت. نەبا بخوازێ ژووری نووستنەکەیم نیشان بدات. گوتم: "لەم وێنەیەشدا دیارە کە ژنێکی یەکجار جوانە".
– ئێستاش هەندێ جار کاغەزم بۆ دەنووسێت. باوکی زۆر خۆش ویستووم. هەمیشە ئامۆژگاریم دەکات کە ئاگام لێی بێ.
حەزم دەکرد لێی بپرسم کە هۆی جیابوونەوەیان چیە بەڵام زاتم نەکرد.  مارگرێتا لەسەر قسەکەی رۆیی:
– وا نەزانی کە روسیم لە یاد چووە. من هەموو رۆژێ سەعاتێ دووان بە رووسی قسان دەکەم.
پرسیم: "لەگەڵ کێدا؟".
– دەگەل مارفینکادا. زۆر رەفیقین. پێکەوە مۆزیقا لێ دەدەین. بە دوو قۆڵی پیانۆ لێدەدەین. ئەگەر حەز بکەی، شەوێك دەعوەتی دەکەم و پێکەوە مۆزیقات بۆ لێدەدەین. کیژێکی زۆر چاکە.
هەر قسەی دەکردو پێدەکەنی، هەندێ جاریش رووی دەکردە من و شتێکی دەربارەی من دەگوت و لێی دەپرسیم: "حەز لە کتێب خوێندنەوە دەکەیت؟".
یان: "لە نووسەرە روسیەکاندا کامیانت لە هەمووان خۆشتر گەرەکە؟"و یان: "من دڵبەستەی پوشکینم، ئەو لە هەموو کەسێك زیاتر پەی بە پێداویستی و ئازارەکانی بەشەر دەبات".
سەرم دەسوڕما لەمەی کە ئەم کیژە بەم هەموو جوانی و نازدارییە بۆچی ناوی ئازارو پێداویستیان دەبات.
بە دەم خەندەو پێکەنینەوە لەسەری دەڕۆیی و
– گەرمات نییە؟ سۆپاکە کەمێك کز بکەم.
گەرمام نەبوو.

– نەتگوت کە مۆزیقات حەز لێیە یان نا؟
هەڵبەتە حەزم لە مۆزیقا هەبوو.
– ئەگەر دەتەوێ با بۆت لێدەم، بەڵام با هەڵیگرین بۆ دوای شیڤ، ڕەجەبۆف حەزی لە مۆزیقا نییە، لەگەڵ بابمدا شەترەنج دەکات، هەڵبەتە ئەگەر عارەقی نەخواردبێتەوە. ئەوسا پیانۆت بۆ لێ دەدەم. چ جۆرە مۆزیقایەکت حەز لێیە؟ لێ هەندێ جاریش چاوەنۆڕی وەڵامی منی نەدەکرد. بە دەم خەندەوە لە سەری دەڕۆیی.
من نقومی ئەو ئەفسوونە بووم کە لەوەوە بەسەرما دەڕژا. دەمڕوانیە بزاوتی لێوە تەنك و ناسکەکانی. من غەرقی ئەم هەموو جوانیە سەر ڕێژە بووم. من ئاهەنگی پڕ جۆشی قسەکانیم هەڵدەمژی. بۆی ئەو گەرماو روناکیەم دەکرد کە لەوەوە دادەچۆڕا. تامی لەزەتی جوانیم دەچەشت. هەستم بە مەستیەکی زۆر، دابڕان، و حەپەسان لە خۆدا دەکرد.
من چوو بوومە دنیایەکی تازەوە، دنیای دەرێی هەمووان، دنیای دەرێی خۆم، دەرێی دنیای ڕۆژانەو یەکهاوی. لەم دنیایەدا ئومێدو هێڤیان هەبوو، لەم دنیایەدا بەشەر نەیدەزانی کە سبەی چ دەقەومێ، لەم دنیایەدا مرۆڤ عەزرەتی هەڵدەکێشا، لەم دنیایەدا مرۆڤ دەردو ئازاری دەکێشا بەو ئومێدەی کە لە دوای ئەوە خۆشی و لەزەت هەیە. مارگرێتا بۆچی پێدەکەنی؟ قەشمەری بە من دەکات، ڕەنگە وانەبێ. لەوەیە خۆشی بە مندا هاتبێ. دەبینە دۆستی یەکتر. لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان، زەڕەیەکی خۆش بوێم. هەنگێ هەموو ژیانی من بۆ ئەو، هەموو بوونم فیدای ئەو بێ، چەند ناسك قسەی دەکرد. من زاتم نەدەکرد هیچی لێ بپرسم. لێ لە دڵی خۆدا بیرم دەکردەوە: "مارگرێتا، تۆ چۆن بیر لە من دەکەیەوە؟" جوانی ژیان لەم نەزانینەدایە، لەم هیواو ئومێدەدایە کە سبەینێ باشتر دەبێت. دنیا هێدی تر، جوانتر دەبێت.
ئەوسا بابی هات: "ئاغای ف هیچ قسە ناکات. لەو ساوە هەر من قسەم کردووە"
– ئێ ماری، بۆچی زۆرت قسان کرد؟ خۆ ئەگەر قسەت نەکردبا، هەنگێ ئاغای ف قسەی دەکرد.
ئەوسا بابی رووی کردە من: "جەنابت مامۆستای؟"
– بەڵێ.
– چەند ساڵە دەرس دەڵێیتەوە؟
ئێمە پێکەوە وەکو چۆن دوو پیاو پێکڤە قسان دەکەن، قسەمان کرد، دوایی ڕەجەبۆف هات، لەسەر شیڤو پاش شیڤش قسەمان کرد. سەبارەت بەکاری من، دەربارەی ئایندەی منو وەزعو حاڵی دنیا؟ تازە لەو سەرو بەندەدا پەیمانی مونیخ بەسترا بوو. سەبارەت بە جەنگو بەمەی کە ئەڵمانیا ئیختراعێکی کردووە کە ئەگەر هەموو دنیا یەك بگرن، کۆنترۆڵیان دەکاتو ئیدی جەنگ نابێ. ڕەجەبۆف بە تایبەتی پێی لەسەر ئەمە دادەگرت کە ڕژێمی روسیا هەر دەبێ نەمێنێو لە ناو بچێت. بۆچی دەستیان بەسەر کارخانانی خەڵکیدا گرتووە؟ بۆچی ئەو پێنج خانووەی کە ئەو لە باکۆدا هەی بوون، نایدەنەوە. خانووەکانی ئەویان داگیرکردووەو قوتابخانەیان لە جێی دروست کردووە. ئەو باخەی لە بابیەوە بۆی مابووەوە ئەمڕۆ کراوە بە پەروەردگەی منالان، لەوەتای دنیا دنیایە ئاغاو نۆکەر، دەوڵەمەندو هەژار هەر هەبووەو هەر دەبێ. لە هەموو ئەمانەش خراتر ئەوەیە کە بازرگانی نیە. پیف! مەملەکەتی بێ بازرگانی بۆچی باشە. تەرەقی مەملەکەت بەندە بە دەوڵەمەندی بازرگانەکانیەوە. تاقەیەك بازرگانی روسم پێ نیشان بدەن. و زۆرشتی دیکەی لەم بابەتە.
هەنگێ مارگرێتا هەڵیدایێ

– بابۆ، چەند باسی سیاسەت دەکەن؟ من دەمویست کەمێك پیانۆ بۆ ئاغای ف، لێ بدەم، ئێوە ئەگەر گوێ ناگرن، بۆ خۆتان شەترەنج بکەن.

ئێمە بە دووقۆڵی چووینە ژوورەکەی تەنیشتەوە. چونکە پیانۆکە لەو ژوورەدا بوو. ئەو هۆدەیەی کە نانمان تیاخوارد، هەمان ئەو ژوورەبوو کە یەکەمجار مارگرێتام تێدا بینی، لێ دەرکەی مەعبێنی ئەم دوو ژووره وازبوو، بە جۆرێ کە ئەگەر کەسێك لەسەر مێزەکە وەستابا بە ئاسانی دەیتوانی قسە دەگەڵ دانیشتووانی ژووری نان خواردن دا بکات. مارگرێتا لێی پرسیم: "حەزت لە چیە؟ موزیقای سووك یان قورس؟"

شەرمم کرد بڵێم جیاوازی نێوان ئەم دووە نازانم، بە خەیاڵی خۆم مارگرێتا وەکو جاران چاوەڕوانی وەڵامی من ناکات. بەڵام بە دەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی نۆتەکانەوە، هەڵوەستەیەکی کردو گوتی: "شتێك بلێ".

– بە کەیفی خۆت.

– یانی حەزت لە مۆزیقا نیە؟

– بۆ نا، زۆریش.

بابی گوتی: "شتێکی باشی، شاد لێ بدە، خەمگین نەبێت".

رەجەبۆف گوتی: "ئەگەر بیەوێ (سەمای مەرگ – Dance macabre) لێ بدات، من هەڵدێم".

مارگرێتا پرسی: "بەڕاست،ئاغای ف –Macabre– یانی چی؟

من شپرزە بووم. لە تۆ وایە دەیەوێ تاقیم بکاتەوە. Macabre واتە شوم، macabre واتە ترسناك، واتە ئەو کپییە سامناکەی کە باڵی بەسەر مردو شۆرخانەکاندا، بەسەر گۆڕستانەکاندا کێشاوە. من ناتوانم هاوتایەکی دەقاو دەق بۆ ئەم وشەیە بدۆزمەوە.

مارگرێتا گوتی: "هۆو، ترس لە بنیادەم دێنێ. مۆزیقاکەشی هەر هەروایە".

رەجەبۆف گوتی: "منیش هەروام گوت".

مارگرێتا بە توندی پەرسڤی دایەوە: "نەخێر، تۆ وات نەگوت، تۆ شتێکت گوت و باقیەکەیت بە ئیشارەی دەست نیشان داو من هیچ حاڵی نەبووم".

سەرە روتاوەکەی رەجەبۆف سور هەڵگەڕا. دیار بوو لە حوزوری مندا بە تەمای هێرشێکی واهی نەبوو. ئیدی بۆم دەرکەوت کە مارگرێتا نای حوبێنیێ، وەك بێژی ئەم راستیە سوکنایی بە دڵی من بەخشی.

ئەوسا مارگرێتا چووە سەر پیانۆکەو ماوەیەك پیانۆی لێدا. نەرمی و ئارامیەکم تێ گەڕا، حەزم دەکرد هەموو دنیا میناکی من بەختەوەر بوایەو لەزەتی لەم دەستە ناسکانە بدیبا کە بەم سەلاری و مەنگییە لەم دەزگا جادوییەوە ئەم ئاهەنگە ئەفساوناویانەی دەردێنا. حەزم دەکرد رازو نهێنییەکانی مارگرێتا لە چاوەکانیا بخوێنمەوە. چی لێدەدا نازانم لێ ئاوازو ئاهەنگەکان دەیان سوتاندم، لە دڵمدا کڵپەیان دەسەند، خوێنم هاتبووە کوڵ و جۆش و خۆم بە بەختەوەرترین خەڵقەندەی دنیا دەزانی.

ئەو شەوە تا کەنگێ لەوێندەر مامەوە، بیرم نییە. بە هەر حاڵ دێر بوو بوو، رەجەبۆف دەگەڵ بابی مارگرێتادا لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە دانیشتبوو. ئاخری رەجەبۆف هات تا خوا حافیزی لە من بکات و بۆم دەرکەوت کە دەبێ منیش هەستم.

قەرارمان وا کرد کە هەفتەی شەش شەو بچمە ئەوێندەر. شەوێك من فێری روسی ببم و شەوێك من دەرسی فەرەنسی بەو بڵێم، ئەمە یەکەم دیداری من و مارگرێتا بوو، لەو شەوە بە دواوە زۆربەی کات، واتە هەموو شەوێك تا سەعات دەو یانزە هەندێ شەوانی هەینی نەبێ، لەگەڵ ئەودا بووم.

پێویست بە گوتن ناکات کە ئیدی ژیانی من گۆڕا، شێوەیەکی تازەی لە خۆ گرت. هەموو زیکرو فیکری من تەنیٰ ئەمە بوو کە: چ بکەم تا بچمە دڵی مارگرێتاوە، جارێك پێی گوتبووم کە حەزی لە ڕەنگی شینباوە. ئیدی من تەنیا کراسی شینم لەبەر دەکرد. هەموو بێجامەکانم شینی کاڵ بوون. جارێکی دی پێی گوتم: "بە ڕای من ڕەنگی قاوەیی لە قژی ڕەش و چڕو ڕەنگی ئەسمەری تۆ دیٰ".

ئیدی من جلکی قاوەیی ئامال سوورم لەبەر دەکرد. جارێك لە سەرەتای ڕۆژانی ئاشنایەتیماندا گرێی قەرەوتیەکەی بۆ ڕێك خستم و توندی کردەوە، ئیدی من بۆ هەمیشە ئەمەم کرد بە ئاڵقەو لە گوێم کرد.

ئەو حەزی لە مۆزیقای قورس و بەرز دەکرد، من بەمە ڕانەهاتبووم، بەڵام هەوڵم دەدا زەوقی خۆم لەم ڕووەوە پەروەردە بکەم. بەکرەی گرامافۆنم دەکڕی، چەندین کتێبم دەربارەی مۆزیقا کڕی و خوێندەوە، تەنانەت شەرمم لەوەش نەبوو کە هەندیٰ شەرح و شرۆڤان لە خودی مارگرێتا بپرسم.

ئەو حەزی لە چارەی ڕەجەبۆف نەدەکرد، منیش بە چاولێکەری ئەو حەزم لێی نەدەکرد. تا پتر شەیداو دڵبەستەی مارگرێتا دەبووم پتر لەو دڕدۆنگ دەبووم. شەوێك پاش ئەوەی دەرسمان تەواو بوو، داوای لە مارگرێتا کرد کە کەمێك پیانۆ لیٰ بدات. مارگرێتا نیگایەکی منی کرد. پێویست بەوە ناکات بڵێم کە ئەو شەوە، خۆشترین شەو بوو کە من لە ژیانما لە ئازادیدا ڕام بوارد، ئەو نیگایە مانای نەبوو. دەیویست بە من بڵیٰ: "من ماندووم، بەڵام ئەگەر تۆ حەز دەکەی ئامادەم لەبەر خاتری تۆ، چونکە تۆم خۆش گەرەکە، مۆزیقا لیٰ بدەم و ئەگەر تۆ نەتەویٰ، ئامادەم تەنانەت داوای ئەم ڕەجەبۆفە عارەقخۆرە ڕەت بکەمەوە."نەخێر وا نەبوو، من ئەم مانایەم لە نیگاکەی ئەوەوە هەڵێنجا. نەخێر ئەمە ماخۆلانێك بوو تووشی من بوو بوو. من وام خەیاڵ دەکرد کە خۆشم گەرەکە، من ئەم نیگایانەم بەدڵی خۆم لێکدەدایەوە. چەندین ڕۆژ، چەندین شەو، هۆش و بیری من تەنیاو تەنیا بە دەوری ئەم نیگایەدا دەسوڕایەوە، منیش تەمەشای ئەوم کرد، بەڵام دەرم نەبرد، لەپڕ دەماری نێوان هەردوو برۆم بەرز بووەوە، هەموو ئەم دنیایەم هاتە بەرچاو. مارگرێتا یان شەکەت بوو یان نەیدەویست داواکەی ئەو بەجیٰ بێنیٰ. مارگرێتا لە بەرسڤدا گوتی: "من ماندوو بووم بە چاوان دوایی بۆتان لێدەدەم".

هەمدیس داوای لێکردەوە، بە ڕادەیەك کە لەزگ بوو ڕەجەبۆف زویر بیٰ، هەنگیٰ بابی مارگرێتا ناچار بوو بکەوێتە بەینەوە. ناچاری کرد لە پشت پیانۆکەوە دانیشێت.

من پەست بووم، بەڵام پێم سەیر بوو کە چۆن ڕەجەبۆف لە ناکاودا ئەوەندە زەوقی چووەتە سەر مۆسیقاو تەنانەت پێم وابوو کە بەڕاستی پێویستی بە مۆزیقایە. چەند بێزار بووم کاتیٰ بینیم کە لەو کاتەدا کە مارگرێتا ئاڵۆزو توڕە، تەپەتەپ بەر بوو بووە پیانۆکەو چەند دەققەیەك بەردەوام بوو، ئەو سیٰو دوو دانە جار باوێشکی دا، نۆ جاریان بیری چوو دەست بە دەمیەوە بگرێت و نزیکەی یازدە جاریش ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە.

کە مارگرێتا لیٰ بووەوە گوتی: "ببورن باشم لێنەدا".

پاشان لە ژوورەکە چووە دەریٰ. نزیکەی نیو سەعاتێکی پێچو، ئەوسا پاڵتۆکەی لەبەر کردو هات خوا حافیزی لە من بکات، ڕۆژی هەینی بوو و دەیویست دەگەڵ مارفینکادا بۆ سینەما بڕوات. منیش ڕابووم و پێکڤە لە ماڵ هاتینە دەر، مارفینکا لە حەوشەدا وێستا بوو، من تا بەر سینەماکە لەگەڵیان چووم. لە ڕێگەدا پێی گوتم: "ئەمشەو زۆر خراپم لێدا، من کاتیٰ ناچار دەبم، ناتوانم باش لیٰ بدەم".

– ئاگام لیٰ بوو کە توڕە بوویت.

– که ناچار دەبم ناتوانم باش لێ بدەم. لە تۆڵەی ئەمەدا ڕۆژی هەینی داهاتوو مارفینکا دوای نیوەڕۆ بۆ ماڵی ئێمە دێت، بە بابیشم گوتووە. ئەو ڕازیە، دەگەڵ مارفینکادا پێکڤە بە چوار دەستی سەمای مەرگت – Dane macabre بۆ لێ دەدەین.
یەکسەر بیرم کەوتەوە کە هەمدیس ڕەجەبۆف لەوێ دەبێ و هەمدیس بە باوێشکان تووڕەو پەستم دەکات، بۆیە لێبڕام کارێك بکەم کە تا ئەوساکە نەم کردبوو.
– ببوورە، من ئەم هەینییە کارم هەیەو ناتوانم بێم.
– چۆن، کاری چیت هەیە؟
مارگرێتا سەری سوڕما. ئەمە یەکەمجار بوو کە من داوای ئەو ڕەت بکەمەوە.
مارگرێتا هەستی کرد کە نیازێکم هەیە، ئەو ڕۆژەمان بە بێدەنگی گوزەراند. دوای چەند ڕۆژێك کە هەردووکمان بووین، لێی پرسیم: "بۆچی ئەو شەوە دەعوەتەکەت ڕەت کردمەوە؟"
– تۆ نازانی بۆ؟ تۆ ئەوە شەوە کە مژوڵی پیانۆ لێدان بووی قیافەو سیمای ڕەجەبۆفت نەبینی. تۆ بەم ئاوازانەت وێنەیەکی تازەی ژیان بە من نیشان دەدەی، من نامەوێ ئەم بەختەوەری و شادیە بە خۆڕایی لە کیسی خۆم بدەم. دەمێ بوو پێوە بووم داوات لێ بکەم ئەم (سەمای مەرگەم – Dane macabre) بۆ لێ بدەیت.
– ئەدی بۆچی دەعوەتەکەی منت ڕەت کردەوە؟
– مەرجم ئەوەیە کە ئاغای ڕەجەبۆف لەوێ نەبێ.
– پێم وایە غیرە دەکەی.
سور هەڵگەڕام و نزیك بوو چاوانم پڕ لە روندك بن، لێ خۆم گرت. ئەم گفتوگۆیانە بەدەم دەرس خوێندنەوە کران. چونکە بە فەرەنسی قسەم دەکرد، پرکێشیەکی زیاترم هەبوو، مارگرێتاش ئەوەندەی دەیتوانی بە فەرەنسی و باقیەکەی بە فارسی دەگوت. ئەمە یەکەم کەڕەت بوو کە مارگرێتا ئەگەرچی بە شێوەیەکی تەوس ئامێزش بوو، ئاماژەی بۆ هەست و سۆزی من دەکرد.
– نە، غیرە ناکەم، بەڵام کە تۆ پیانۆ لێ دەدەی، من باوێشکەکانی ئەوم پێ تەحەمول ناکرێ.
– دڵنیابە کە منیش لەم زەلامە بێزارم، بەڵام قەبوڵ کردنی ئەم مەرجە بۆ من زەحمەتە، هەوڵدەدەم بە گوێرەی حەزی تۆ ڕەفتار بکەم، هەوڵدەدەم بە دڵی تۆ بکەم، تۆ ئاگاداری هەموو وردو درشتێکی پەیوەندی بەینی ئێمە نیت. پێویست ناکات. من چاوەڕوانی دەرفەتم.
"بەڵام ئەم دەرفەتە ماوەیەکی زۆر هەر نەڕەخسا. تا شەوێك کە لەگەڵ مارگرێتا و بابیدا لە سینەما بووین، تووشی مارفینکاو دایکی بووین و پێکەوە چووینە کافەی (ئوستریا). ئەو شەوە دیسان باسی داواکەی من کرا، من هەمدیس مەرجەکەی خۆم دووبارە کردەوە.
ئەوەی ڕاستی بێ من دەمویست جارێك مارگرێتا بە ئازادی بدینم، دەمویست لە ژێر کاریگەری و گوشاری ڕەجەبۆف دا نەبێت. دەمویست بزانم کە مارگرێتا کاتێ ئەسیری هەست و سۆزی خۆیەتی چۆنە، چونکە دەمزانی کە سەمای مەرگ – Dane macabre لە هەر هەموو شتێك پتر کاری لەوە کردووە، حەزم لێ بوو کە لە ژێر گوشاری ئەم پارچە مۆسیقایەدا بێ، دەمویست بزانم کە مارگرێتای ڕاستەقینە چۆن هەست دەکات".
لێرەدا من مەجبور بووم بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی خۆمەوە قسەکەی مورتەزا ببڕم و لێم پرسی: "من لە یەك شت باش حاڵی نابم. وێڕای ئەم هەموو جۆش و خرۆش و سۆزو گودازەی کە لە تۆدا هەبووە، مارگرێتا هیچ

کاردانەوەیەك، هیچ نیشانێك، هیچ شتێکی، ئاخر مەیلیّ یان بیّ مەیلییە، بێزارییەکی نیشان نەدەدا، چونکە خۆشەویستی تۆ بتەویّ و نەتەویّ لە هەموو هەڵس‌وکەوتی تۆدا دیار بووە، ئەمە قسەی لەسەر نییە".
"من خۆشم دەویست و ئێستاش خۆشم گەرەکە، ئاخر بۆیە ئێستا مەرگ بە ئاوات دەخوازم. مەبەستت ئەمەیە کە مەبەستی من چ بووە، چم دەویست. ئایا ئەویش منی خۆش دەویست، نە، هیچ کاتێك دەری نەبڕی، نیشانەو هێمایەکی بە من نیشان نەدا: وەکو دوو هاوڕیّ بووین. بەڵام پەیوەندیمان لەم ئاستە سەرڤە یە تیّ نەپەڕی. پەلە مەکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە. تۆ نازانی چەند خۆشە پیاو بتوانیّ لە خۆ بردوویی هەبیّ، فیداکاری بکات، لە رای فکرێك، ئارەزوویەك، لەڕای ئیمان‌و باوەڕێك، لە پێناوی هەرشتێك دا کە شایستەی ئەوەبیّ ژیانی لەسەر دابنەی. ئەم ژیانە پڕ بێزاریو یەکهاویو رۆتینییەی من چ نرخێکی هەبوو. ئامادەیی بۆ مەرگ بوونی ژیان خۆش دەکات. بەڵام مارگرێتا چ کاردانەوەیەکی هەبوو؟ ئێستا باسی دەکەم، ئێمە بەدەم دەرسی روسیەوە بەرە بەرە هاتبووینە سەر کتێبانی روسی. من تکام لیّ کردبوو هەندیّ بەشی "یەڤگینی ئونیگین"ی پوشکین لەلای مارگرێتا بخوێنم‌و ئەویش قایل بوو. هەرچەندە تێگەیشتنی بۆ من زەحمەت بوو، لیّ چونکە باجڤە فەرەنسییەکەیم خوێند بووەوە بە ئاسانی دەمتوانی پەیگیری بابەت‌و نێوەرۆکەکانی بکەم.و بەردەوام بم لەسەری. کە گەیشتینە سەر نامەکاری تاتیانا، ئەوەندە کاری تێکردم دەتوانم بڵێم جڵەوی خۆم لە دەست دەرچوو. مارگرێتا هەستیکرد کە ئەم نامەکاریە زۆر کاری تێکردوم‌و گوتی: "تاتیانام خۆش گەرەکەو حەزم دەکرد وەکو ئەو بووایەم."
گوتم: "تۆ هەرگیز نەتدەتوانی وەکو تاتیانا بی. کیّ دەتوانیّ وەکو تاتیانا فیداکاری بکات‌و لە خۆ بوردەییەکی واهی نیشان بدات، بەرانبەر بە پیاوێك کە ئەو پیاوەی خۆش دەویّ، بە ئاشکرا ئیعتراف بکات کە من تۆم خۆش گەرەکە. تاتیانا وا مەزەندە دەکات کە ئەم پیاوە ناتوانیّ وەڵامی هەست‌و سۆزەکانی ئەو بداتەوە، یان نایەویّ وەڵامی بداتەوە، ئەوجاش بەو پیاوە دەڵێت‌و دەنووسێت کە من تۆم خۆش گەرەکەو هەرچی بوونم‌و نەبوونم هەیە، هەموو رازو نهێنییەکانی ژیانم، دەخەمە بەر پێی تۆ چونکە خۆشم دەوێی."
من لە وشەیەك دەگەڕام‌و بۆم نەدەدۆزرایەوە.
– من ئەم فیداکاریو لەخۆبوردەییە لە تۆدا نابینم. مارگرێتا پێکەنی، جا دەیویست گاڵتە بە من بکات یا دەیویست وەکو هەمیشە شادی ببەخشێتەوەو لەهەر شوێنێك دا بیّ خۆشی بڵاوە بکاتەوەو خەمباری من بتارێنیّ یان بەوە پێدەکەنی کە شتێکی لە من شاردۆتەوەو پێی نەگووتم.
– نەء تۆ سەهویت، من خوێندوومەتەوە. تۆ ناتوانی ئەو تاتیانایەش بی کە ئێستا مێردی بەجەنەراڵ کردووە، ژنی جەنەراڵێکە کە خۆشی ناوێت‌و ئەوجاش ئامادەنیە کاتیّ کە کۆنە دڵدارەکەی دیّ بۆلای، ئەودڵدارەی کە رۆژیّ لە رۆژان سۆزی ئەوو خودی ئەوی لە پیّ کردبووو ئەمێستا پەشیمان بووەتەوەو خۆشی دەویّ، تاتیانا، ژنی جەنەڕاڵ، بە ڕواڵەت بەشکۆو شاناز، لە جەوهەرو کرۆك دا دڵشکاوو پەریشان، تاتیانا ئامادەنیە دەگەڵ ئەم دڵدارەدا بژیو دەست بە مێردەکەیەوە بنیّ... تۆ توانای ئەم فیداکارییەت نیە.
هەمویس پێکەنی، بەڵام بەدەم پێکەنینەوە قسەیەکی کرد خستیمە بیرو ئەنێشەوە. ئەوسا پەیم بە بایەخی قسەکانی نەبرد، ئەو رۆژە وام خەیاڵ کرد کە چونکە هەندیّ هەڵچوو بووم، بۆ هێورکردنەوەی من ئەو قسەیەی کردووە. پێی گوتم: "چوزانی، بەڵکو بمەویّ فیداکارییەکی گەورەتر بکەم. خۆ هەموو شتێك نا گوتریّ. با ئەم لاپەڕەیە تەواو بکەین..." ئاقیبەت ئەو دەرفەتە ڕەخسا. رۆژێکی هەینی، پاش نیوەڕۆ میوانی مارگرێتاو بابی بووم. مارفینکاش لەویّ بوو.

هەموو دانی بەیانیەکەی ئەو ڕۆژە من لە ماڵەوە بووم. دنیا ساردو سەهۆڵبەندان بوو، تەنیا بۆ ماوەی چەند دەققەیەك ئەو ڕۆژنامانەم کە دەربارەی جەنگ بوون، خوێند بووەوە، ئیدی هەموو ڕۆژەکەم بە گوێگرتن لە بەکرەی سەمای مەرگ– Dance macabre کە دەمێ بوو کڕی بووم، رابوارد. لە کتێبانی هونەریدا ئەو وێنەیەم کە هلباین لە مەڕ سەدەکانی ناڤینی وێنا کردبوو، موتاڵا کرد.

نزیکی سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە ماڵ وەدەرکەوتم، بە پێیان بۆ ماڵی مارگرێتا رۆییم. بایەکی تەزی دەهات، هەوا وشك و دنیا سەهۆڵبەندانی تەواو بوو. سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو. هەر چەند دنیا هەتاو بوو بەڵام بەفری ژێر پێی بنیادەم قرچە قرچ دەشکا. خەڵکی لە سەرمادا بەشەقەماکاندا هەڵدەهاتن. من هێندە سەرقاڵی خۆم بووم کە سەرمام هەر لە بیر نەبوو. من تەنیا لە بیری مارگرێتادا بووم و لە دڵی خۆدا بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی سەمای مەرگ– Dance macabre ئەوەندە کاری تێکردووە. ئەو لەهەر جێیەك بێ، هەمووی کەیف و سەفایە، ئارامی و شادمانیە، خەندەو پێکەنینە، ئەوو مەرگ کوجامەرحەبا. سەمای مردووان، سەمای مەرگ چ کارێك لەو دەکات، بنیادەم دەبێ چەند لە ژیان بیزار بێ تا لەزەت لە سەمای مەرگ، سەمای ئێسکەپەیکەری مردووان ببینێ و بە ئاواتی بخوازێ. نازانم بۆ پەریشان بووم؟ خۆ من بە درێژایی ڕۆژەکە، چەندین هەفتەو چەندین مانگ بوو بە ئومێدی ئەو ڕۆژە دەژیام، ڕۆژێك پاش نیوەڕۆیەك لەگەڵ مارگرێتا دابم و ڕەجەبۆف لەوێ نەبێ. بێگومان بە درۆوە بە ڕەجەبۆفیان گوتووە کە ئەمڕۆ لە ماڵ نین و پولیان پێوەناوە. باشە ئەگەر ڕەجەبۆف بێت چ دەبێ؟ هۆی ئەم پەریشانیەی من چ بوو؟ لە هیچی نەبوو دڵم کەوتبووە ترپەترپ. کە وەژوورکەوتم هەستم کرد مارگرێتا خەمبارە، پێنەدەکەنی، بەڵام سەدای بە بەرزی و میناکی دەنگی سکەی زیو دەنگی دەدایەوە: "باش بوو زووتر هاتی. دۆستەکەم هێشتا نەهاتووە. مارفینکا هەر ئێستا دێت. زۆر تەنیا بووم. بابم نەخۆشە، حاڵی باش نیە، نایەتەلامان. لە بەیانیەوە تا ئێستا بەوەوە خەریك بووم. بەڵام حاڵی باشترە. ڕەنگە تا سەعاتێکی دی بێت. سەرماتە، فەرموو لای سۆپاکەوە."

– ئەگەر بابت نەخۆشە، ئیجازە بفەرموو بامن مەرەخەس بم.

– نە بابە، بمێنەوە، من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ هاتی.

لێکدا لێکدا قسەی دەکرد، قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد، پرسیاری لەمن دەکرد. بەتەنێ بووین. چ دەرفەتێکی لە بارە پێی بڵێم کە تۆ بۆ من دەکەیە چی، چ پایەیەکت لە ژیانی مندا داگیر کردووە، پێی بڵێم کە ژیانی من تا ئێستا کارێکی ئاسان و یەکهاوی، بەڵام پڕ زەحمەت بووە. پێێ بڵێم کە ژیانی من یەکپارچە ڕەنج و زەحمەت و ئازار بووە، لە هەموو ئەمانەش خراتر بێ جوڵەو بێ گۆڕان بووە. پێێ بڵێم کە من تاکو نەو تەنیا بەڵاو مەینەتیەکانی ژیان، برسێتی خەڵکی، ئازاری داماوان، کوشتارو زوڵم و زۆرم دەبینی. پێی بێژم کە هەموو ڕۆژێك لە خەو رابوون، بێ ئامانج و مەبەستێك لە ژیاندا، دەست لەسەر دەست دانان، هەموو ڕۆژێ ڕۆن و برنج مەسرەف کردن بۆ من کوشندەبوو. ئێستا لەوساوە کە تۆم ناسیوە، دنیایەکی دیم لەبەردەم کراوەتەوە. پێی بڵێم کە ژیان ئیدی بریتییە لە مۆزیقاو هونەر. پێی بێژم کە ژیانی من تانهو بەبێ هونەر بووەو ئەگەر هونەرێکیش لە ئارادا بووبێ، بێ ژیان بووەو گیانی لەبەر نەبووە، پێی بێژم کە تۆ دنیای ڕاستەقینەت بەمن نیشان داوە، پێی بڵێم کە ژیانت وەبەر ژینی من خست، پێی بڵێم کە دۆستایەتی تۆ هیواو ئاواتم پێ دەبەخشێت، ئاه چەندم شت پێ بوو کە دەمویست پێی بڵێم، دەمویست پێی بڵێم کە خوشم دەوێی. زمانم بەسترا بوو، زارم چوو بووە کلیلەو تەنیا بە نیگای چاوان دەمویست ئەم شتانەی تێ بگەیەنم. مارگرێتا هەمیشە لە نیگا قوڵەکانی من دەترسا، بەڵام خۆی لە

گێلی دەدا. بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك خراتربوو، یەكبینە قسەی دەكرد، بۆ ساتێكیش زاری لێك نەدەنا. یا لە بێدەنگی دەترسا یان دەیویست روحی لەمن وەشێرێ، دەیویست گیانی بە پەیڤان داپۆشێت.
مارفینكا هات. بەروسی قسەیان كرد. وام لێهاتبوو كەمێك حاڵی دەبووم. چاو شیرینیان هێنا، پاشان بە دوو قۆڵی لە پشت پیانۆكەوە رۆنیشتن. Dance macabre واتە سەمای مردووان، واتە سەمای مەرگ بە خەتێكی درشت لەسەر نۆتەی پیانۆكە نووسرا بوو، ژوورەكە كپ و بێدەنگ بوو، دەنگی خشەخشی نۆتەكان دەهاتە گوێ. بێدەنگییەكی تەواو بۆ چەند ساتێك بەرپا بوو.
من ئانیشكم بەسەر سێ سوچی مێزەكەدا دادابوو، هۆش و حەواسم لای ئەوان بوو. ئاوازو ئاهەنگەكانی هەوەڵ ترس و غەریبیان لا چێكردم. Macabre بوون، هیچ وشەیەك لە فارسیدا پڕ بە مانای ئەو وشەیە نییە. شووم بوون لە نێو ئاوازو ئاهەنگەكانەوە بە باشی روحی پەیڤم دەژنەوت.
سەعات، دوانزە زەنگان لێدەدا. لەم سەعاتەوە تاكو سپێدە، مردووەكان ئازادن، ئازادی ئازاد.
نیوە شەوە!
چ شەوێكی سامناك
هەموو شەوێك بەو جۆرە قورسە. چونكە ژیانی ئێمە قورس و گیان پروكێنە. ئەوان چیتر گیانیان ناپروكێ، مردووەكان گیانیان نیە.
چونكە ئێمە وەكو یەك نین، یەكسان نین، بەڵام مردووەكان وەكو یەكن، یەكسانن.
مردووەكان لە نیوە شەوەوە تا بانگی كەڵەبابی بەیانی ئاهەنگ دەگێڕن، ئاهەنگی ئازادی، ئاهەنگی رزگاری لە مەینەتی و دەردەكانی ژیان. هەر هەموویان بەرابەرو یەكسانن.
نە شان و نە گەدا، نە پیرو نە لاو، نە كیژو نە كوڕ، نە ژن و نە پیاو، هەموو هەر مردوون. هەر هەموویان ئێسكە پەیكەرن.
نە كەس پۆیلە بەسەرەو نە كەس شڕە لەبەرە، دەستی یەكتر دەگرن و دەرەقسن.
مەرگ كە كوڵكەی هاوبەشی هەمووانە، بەشێكە لە هەموویان، خودی ئەوانە، مەرگ ئێسكەپەیكەرەكانی هێناوەتە سەما.
مەرگ، بە لولاقێكەوە كە رۆژێ لە رۆژان لاقی كیژۆڵەیەكی باڵابەرز بووە، لەسەر كەللەسەرێكی دیوار ئەستوور، تەپڵیان بۆ لێدەدا.
كە سەعات دەبێ بە دوازدە، ئێسكەپەیكەرەكان لە گۆڕیچەی گۆڕەكانەوە دێنە دەرێ و دەرەقسن. مەرگ كە خودی ئەوانە، چونكە ئیدی هیچ فەرماندارو فەرمان پێكراوێك لە گۆڕێ نیە ئاهەنگێكی نەرم و خۆش لێدەدا.
مردووەكان بە دەوری یەكدا دەس دەقوتن و هەڵدەپەڕن. ئەمەی كە هێشتا نێشخەن بە ئێسكەپەیكەری دەموچاویەوە دەبینرێ، ئەمە لە ژیاندا قازی بووەو بە دەردو ژان و سكاڵای مەحكومان پێكەنیوە، بەڵام تازە مردووە، بەم زووانە ئەم شوێنەوارە لە كەللەیا مەحو دەبێتەوە، ئیدی ئەم شوێنەوارە لە نێوان كاژێرەو گۆناكانیدا نامێنێ. چونكە ئیدی ئەو مردووەو ئازادە.
ئەمەی كە ئێسكەكانی پشتی كووڕە، ئەوە لە ژیاندا پشتی دانەواندووەو سەری شۆڕ كردووە، لێرە ئیدی پێویستی بەمە نیە، چونكە ئەوەی ئەوی لە خەڵكانی دی جیا دەكردەوە، واتە پێداویستییەكانی ژیانی رۆژانە، باوی نەما، لێرە نە خەندە هەیە نە گریان، نە شادی نە غەم، نە دڵ تەنگی و نە هیوا، نە فڕناخی و نە سوكایەتی، نە زوڵم و نە لاڵانەوەو كوڕوزانەوە، نە برسێتی و نە تێری.

هیچ شتێك لێرە نییە، جگە لە مەرگ، جگە لە ئازادی.
ئایا ئەم مەرگەو ئەم ئازادیە لە ژینی بندەستی و كۆیلەیەتی، لە ژینی نێو زندان باشتر نییە.
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە كە قازی بە عەزابی مەحكومی خۆی پیّ بكەنیّ و ڕۆژی بەسەرا لیّ بدات؟
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نییە كە ئاتاج پشت دابنەوێنیّ!
ئایا ئەم مەرگە لەوە باشتر نیە كە بەشەر لە بەندا بیّ؟
لەبەر ئەمەیە كە ئەوانە ئاهەنگیان سازداوە.
سەما دەكەن، چونكە ئازادن.
مەرگ بە لولاقی كیژێك لەسەر كاسە سەری كەللە زلێك، ئاوازو سروودی سەمای مردووانیان بۆ لیّ دەدا.
حەیفیّ، ئەم ئازادییەش سنووردارە.
كەڵەباب بانگی بەیانی دەخوێنیّ.
هەموو مردووەكان، گشت ئێسكەپەیكەرەكان بڵاوەی لێدەكەن.
دەنگ... دەنگ
من ئەم دیمەنەم لەو مۆزیقایەدا كە مارگرێتا و مارفینكا لێیان دەدا دەبینی.
كە تەواو بوو، هەردووكیان ڕەنگیان پەڕی بوو، سەیری منیان دەكرد. من حەپەسا بووم".
مورتەزا هەناسەیەكی درێژو قووڵی هەڵكێشا. ئەم بە شانەی دوایی بە نیمچە بیّ ئاگاییەك دەگێڕایەوە. ئیدی گوێی لەوە نەبوو كە كەسێك گوێی لێدەگریّ یان نا، گومان لەوەدا نەبوو كە هێشتا لە ژێر گوشارو كابوسی ئەو ڕۆژەدا بوو.
"ئیدی هیچم لە یاد نەماوە كە ئەو ڕۆژە چی ڕووی دا. دەزانم كە بە درێژایی ئەو شەوە وەكو جەنازە تا سپێدە كەوتم، لەگەڵ ئەمەشدا بەیانییەكەی هێشتا هەر پەرێشان و تووڕە بووم. ئەوەندەم بیر دیّ كە ڕۆژی دوایی هەمیشە دەموچاوی ڕەنگ پەڕیوی مارگرێتا پاش ئەوەی كە (Dance macabre)ی تەواو كرد بوو، لە بەرچاوم بەرجەستە دەبوو.
ئیدی دڵنیا بووم كە مارگرێتا ئەو كیژە زار بە پێكەنین و شادی بەخشە نیە كە من وێنام دەكرد، و لە ژێر ئەم جۆرە پێكەنینەدا ڕازو نهێنییەك پەنهانە. من پەرێشانی ئەوە بووم كە بۆچی تا نهۆ نەم ناسیوە.
ڕۆژی دوایی نزیكەی سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ لە ژوورەكەی خۆم دانیشتبووم و گوێم لە بەكرەی Dance macabre دەگرت كە لە پڕ دیتم ئەو گلیمەی كە لەبەر سەرما بە شووشەی دەرگاكەوەم هەڵواسی بوو، بە دەستێكی چكۆلەی لە دەستكێشی چەرما، جوڵا، دەستەكە چەند جارێك كێشای بە شووشەكەداو پاشان وەژوور كەوت. مارفینكا لە ناو ژوورەكەی مندا وەستا بوو.
بە سیمایدا دیار بوو كە شتێكی تازە قەوماوە. مارفینكا فارسیەكەی باش نەبوو و منیش ئەوەندە ڕوسی فێر نەبوو بووم كە بتوانم قسەی دەگەڵ بكەم، بەڵام ئەوەندە حاڵی بووم دەیویست بە هەر زمانی بووە، ناچارم بكات، تا زووەو بە پەلە بچمە هانای مارگرێتا، بەڵام چی قەوماوە، چی بووە، من چ كارێكم لە دەست دیّ، نەمزانی، بە هەشتاو لە ماڵ وەدەركەوتم. چونكە لەسەر جادەكە ئۆتومبیل و گالیسكەم دەست نەكەوت – دنیا سارد بوو و گالیسكەكان خۆیان دابووە پەنا– و مارفینكاش بە پێڵاوە پاژنە بەرزەكانیەوە نەیدەتوانی بەسەر ئەرزە بەستەڵەكەكەدا غار بدات، پێم گوت: "من دەڕۆم و تۆ بە تەنیّ وەرە".

نیوەی ڕێگاکەم پتر بە غاردان بڕی، ئاخری سواری ئوتوبوس بووم، پاشان گالیسکەیەکم پەیدا کرد. لە نێو گالیسکەکەدا بیرم کەوتەوە کە ئەو وشە روسیەی کە مارفینکا لێکدا لێکدا دەیگوت و دەیگوتەوەو من لێی نەدەگەیشتم، فارسیەکەی (خۆکوژی) بوو. مارگرێتا دەیەوێ خۆ کوژی بکات، من دەتوانم ڕێی لێ بگرم، چاوانم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد، خۆم گرت. زۆرم لە گالیسکەچییەکە کرد کە خێراتر بڕوات. دەیگوت: "ئەسپەکانم لەسەر ئەم سەهۆڵە دەخزێن، ناتوانم لەوە خێراتر بڕۆم".

– یەك تۆز خێراتر، کارێك بکە کە تۆزێ زووتر بگەم.

لەسەری شەقامی نادری لە گالیسکەکە دابەزیم، نەم دەویست خەڵکی پێم بزانن. نزیکەی سەعات حەوت گەییمە بەر دەرکەی ئەوان. دنیا تاریك بوو. دەرگا لەسەر پشت بوو، خۆم بەحەوشەدا کرد.

کە لە قاڵدرمەکان هاتمە خوارێ، ترسام. وام زانی شێت بووم. ڕەجەبۆف لە ناوەندی حەوشەدا یەك تەختە کەوتبوو. خوێن لەسەری دەهات، وێڕای تاریکی دنیا خوێنەکەم بینی.

مارگرێتا بە چاوانی گێژو وێژەوە، بە دەموچاوی درێژ کوڵەوە، دەستی نا بووە پشتیو هاواری دەکرد، بابی مارگرێتا بە جلکی خەوەوە دەستی بە محەرەو تامانی قاڵدرمەکەوە گرتبووو دەیویست بێتە خوارەوە

مارگرێتا زمانی چوو بووە کلیکە: "من... من."

لە باوەشم کرد، بردمە ژوورەوە، وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی. لێم پرسی: "تۆ ئەمەت کرد؟ تۆ کوشتت؟

– من... من...

بابی مارگرێتام ڕاکێشایە ژوورەوە.

هیچ نیە. خەمت نەبێ. خۆت مەپەشۆکێنە. هەر ئێستا بۆ خەستەخانەی دەبەم.

ئەو جارووم کردە مارگرێتا.

– مارگرێتا، ئەمە بە کەس نەڵێی، بەڵێنم بدەیە کە ئەم قسەیە دووبارە نەکەیەوە. ئەگەر یە ك تۆز منت خۆش دەوێ، قەولم بدەیە کە ئەمە بە کەس نەڵێی. ئەگەر باوکت نەیزانیوە، مەیەڵە بزانێ، برۆ ئیسراحەت بکە.

مارگرێتام لە باوەش گرت، دەستو دەموچاویم ماچ کرد، لێم دووبارە کردەوە: "مارگرێتا من بۆ خەستەخانەی دەبەم، هیچ نیە چاك دەبێتەوە." لە ماڵ دەرپەڕیمە دەرێ. بە دوای گالیسکەدا دەگەڕام، بینیم مارفینکا وا خەریکە دێت.

– تۆش بڕۆ. حاڵی باش نیە. چووە بنوێ.

گالیسکەم دەست نەکەوت. گەڕامەوە حەوشەو هاوارم کرد.

– مارگرێتا، مارگرێتا بە هیچ کەسێك نەڵێی. بە هیچ کەسێك. جەستەی نیوەگیانی ڕەجەبۆفم دا بەکۆڵماو لە ماڵ بردمە دەرێ. دەمویست چ بکەم، نازانم.

کاتێکم بە خۆزانی سەیرم کرد خەڵکی دەوریان داومو پاسەوانێك بۆ جێیەکی بردم. هەر چیەکیان لێدەپرسیم، دەمگوت: "من کردوومە، من کوشتم."

وئێستاش هەر دەڵێم: "من کردم."

چەند خۆشە گوناهی کەسێکی دی لە ئەستۆ بگریو چەند خۆشە لە ژیانا ئامانجو مەبەستێکت هەبێ."

مورتەزا ف، ئیدی قسەی نەدەکرد، لە دنیای خەوا بوو، لە تۆ وایە هەموو ئەمانەی لە خەوا دەبینی. ئیدی تێگەیشتم بۆچی بەم شەوقو زەوقەوە بەرەو پیری مەرگ دەڕوات، مەبەستو ئامانجێکی بۆ ژیانی پوچی خۆی دۆزی بووەوە.

دوێنێ بەیانی مورتەزایان لە نێو ئێمەدا برد، وەکو چۆن مەرێك لە نێو مێگەلێکا بۆ قەساوخانە دەبەن. رەنگە من تەنیا کەس بووبم کە پێم خۆش بوو، چونکە لە دڵی خۆدا دەمگوت، بۆ خۆی ئیسراحەتی کردو ئەمشەو سەعات دوانزە بەشداری سەمای مردووان دەکات، دەستی رەجەبۆف دەگرێتو پێکڤە ئاهەنگی ئازادی دەگێڕن، بێ بوغزوکینە، بێ تەماعکاریو چاوچنۆکی، بەڵام ئازادی ئازاد. نا، وانیە.
ئەمڕۆ بەیانی هاتنو شمەكو سیپاڵەکەیان کۆکردەوە. ئیدی دڵنیا بووین کە ئیعدامیان کردووە . کاتێ کە دەمویست شمەکەکانی کۆبکەمەوە چەند پەڕە کاغەزێکم دۆزییەوە. من بە دزییەوە خوێندمەوە تا بزانم ئەگەر پێویست بکات بیاندەمێ و وەکو بەشێك لە شمەکەکانی بیبەن و بیگەیەننەوە ماڵەکەی، یان ئەگەر بە قاچاخ دەستی کەوتووە، بە هەر جۆرێ بووە بیگەیەنمەوە بە مارگرێتا یان خوشکەکەی.
بەڵام ئەم نامەیە دەست خەتی مورتەزا نەبوو، دیار بوو کە لە دەرەوە هاتووە. ئەمە دەقی نامەکەیە: "دڵدارەکەم، ئەی تاقە دۆستی من، بەلای تۆوە من هەموو کاتێ هەر کیژێکی سەرسەری و سەرڤەسەرڤە بووم، پێدەکەنیم، قسەم دەکرد، کەمتر منت بە غەمگینی دیتوە، وانیە؟ جارێکیان لە بەینی قسواندا پێت گوتم کە فیداکاری لە من ناوەشێتەوە، فیداکاریم لە دەست نایەت. هەندێ جار رەنگی بزرکاوم لە رازە پەنهانەکانی دڵمی ئاگادار دەکردیتەوە، سەرنجی رادەکێشایت بەڵام قاقاو پێکەنینی من هەر زوو ئەم بیرانەی لە مێشکت دەتاراند، وا نییە؟ لەوەشە هەندێ جار لە دڵی خۆتا گوتبێتت کە من گاڵتەت پێدەکەم و تۆو هەستەکانی تۆم بە هەند نەگرتووە، وا نییە؟ تۆ سەهوو بوویت دەزانی؟ پەی بردن بە دەردی خەڵکی کارێکی ئاسان نییە، چ جای ئەو بەڵاو مەینەتیانەی کە بە سەر من هاتوون و تەحەمولم کردوون، ئێستاش بە جورئەتەوە ئامادەی تەحەمولم. ژیانی من سەراپا فیداکاری و لە خۆ بردوویی بوو. دڵدارەکەم، ئازیزەکەی من، دایکم لە دوا نامەیدا نووسی بووی، کە ئاگاداری باوکم بکەم. دایك و باوکم زۆریان یەکتر خۆش ویستبوو، هێشتاش هەر یەکیان خۆش دەوێ، چەرخی زەمانە ناچاری کردن لێکدی جیاببنەوە. زۆر جار دەمبینی کە بابم بە سەعاتان لە بەردەم وێنەکەی دایکم دا دادەنیشت و لە فکران ڕادەچوو. دایکم لەوەتای من فامم کردووەتەوە هەمیشە ئامۆژگاریم دەکات، رام دەسپێرێت کە ئاگام لە بابم بێ و هەوڵی ئەوە بدەم کە پێی رابگەمو بابم منی فرەخۆش دەویست و لەبەر خاتری من هەموو مەینەتیەکی ژیانی تەحەمول دەکرد. ئەوەندەی هەموو دنیا لە رەجەبۆف بێزار بوو، بەڵام چونکە منی خۆشدەویست هەموو مەینەتیەکی ژیانی، سەرباری هاتوچۆی رەجەبۆف بۆ ماڵی ئێمە، بە روویەکی خۆشەوە قەبوڵ دەکرد. رەجەبۆف بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی بابمی لە کۆمەڵێك مامەڵەی ترسناکدا شەریك کردبوو، و بەمجۆرە ژیانی ئێمەی وێران کرد، لە سەرەتادا رەجەبۆف بۆ قازانجی خۆی یارمەتی بابمی لە کارەکانیا دەدا، بابم رەجەبۆڤ لە روسیاوە دەناسی و ئەو لەوێندەر دەڵاڵی دەکرد. بەڵام لەم دواییانەدا چونکە چاوی تەماعی بڕی بووە من، ئیدی ژیانی ئێمە بەبێ کۆمەکی ئەو مەحاڵ بوو. ئەگەر چی رەجەبۆف قازانجی خۆی دەکرد، مەگەر خوا بزانێ بابم چ رۆژگارێکی سەخت و دژواری رادەبوارد، لەلایەکەوە هەر لەبەر خاتری ئەوەی کە ژیان لە من تاڵ نەبێ، رەجەبۆڤ تەحەمول دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی من بەو بسپێرێت. لەم کەین و بەینەدا تۆ پەیدا بوویت. ئەڤینی من، ئەی کاشکێ نەهاتبای. لە ژیانی مندا تروسکەی ئومێدێك هەڵهات، ئەم ڤیانە پەنهانە، ئەم ڤیانەی هیچ کەسێك تەنانەت مارفینکاش ئاگای لێ نەبوو، ئەم ڤیانەی کە لە هەر ئاگرە گڕەیەك بە سوێ ترە، ئەم ڤیانە هێڤی و ئاواتی پێ دەبەخشیم، من ئامادە بووم کە میناکی تاتیانا هەموو ژیانی خۆم بکەم

بە قوربانی تۆ، هەڵپڕێژمە بەردەم تۆ، لە بەردەم تۆدا دای بنەم، بەڵام دڵنیا بووم کە تۆ ئەوەت نەدەکرد، وا نیە؟ ئەنجام لە رای ئاسوودەیی بابمدا چارەیەکم دۆزییەوە. رۆژێ پێم گوت کە من بە تەواوی رەزامەندی ئامادەم شوو بە رەجەبۆف بکەم، بەڵام بابم وێڕای سوور بوونی رەجەبۆف هەمیشە ئەم کارەی دوا دەخست، چونکە دڵنیا نەبوو. ئەو رۆژی هەینییە، ئێمە بە رەجەبۆفمان گوت کە لەماڵەوە نابین و لە ماڵی دۆستێکی بابم دەعوەتین، بەڵام کاتێ کە تۆ لە ماڵی ئێمە دەرچوو بوویت، تۆی دیتبوو، هەر هەمان شەو، هەر چەندە بابم نەخۆش بوو، سەبارەت بە من قسەی لەگەڵ کردو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا دەزگیراندارى من بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێ و ئاهەنگێك بگێڕدرێ. هەر ئەو شەوە بابم سەکتەی گرت و من دڵنیا بووم کە ئیدی لەم نەخۆشییە هەڵناسێتەوە یان ماوەیەك زەمینگیر دەبێت.

من لە بیری ئەوەدا بووم کە لەم عەزابەی رزگار بکەم و خۆم و بابم بکوژم، هەموو کەرەسەیەکی ئەم کارەم بۆ هەمان رۆژی شەممە فەراهەم کردبوو، دەمویست بەکرەی – Dance macabre دابنەم و بە دوو قۆڵی بمرین.

من مژولی زەمینەسازی ئەم کارە بووم کە رەجەبۆف هات بەسەرا، ئیدی لەم کات و ساتەدا سیمای ئەوم پێ تەحومول نەکرا، داوام لێکرد و پاشان ئەمرم پێکرد کە لە ماڵی ئێمە وەدەربکەوێ، هەندێ قسەی قۆڕو نا شیرینی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان من و تۆ کرد. سوکایەتی پێکردم، تانەی لێدام، ئەوجا کەوتە شەڕفرۆشی، تەنانەت بە نیاز بوو بێ حورمەتیم پێ بکات. مەست بوو. من بە دارعاسا ئەستوورەکەی بابم هەڕەشەم لێکردو ئەوسا لە ژوورەکە وەدەرم نا، کاتێ گەییە بەر هەیوانەکە لەسەر قاڵدرمەکانەوە بۆ خوارەوە دەڵەکم دا، پێی خزی و سەری بە گۆشەی پلەکەدا کەوت. ئەڤینی من، باقیەکەی دەزانیت، کارێکی خراپم کرد. هەق وابوو تۆم ئاگادار بکردایەتەوە، وا نییە؟ باوکم مرد، بەڵام وا دەزانم کە قۆناغی فیداکاری من هێشتا تەواو نەبووە، هێشتا نەوێرام هەواڵی مردنی بابم بۆ دایکم بنووسم. تۆ ئەم کارە بکە. هەرچییەك دەربارەی من دەزانی بۆ دایکمی بنووسە، بۆی بنووسە کە کیژی شایستەو لە باری ئەومو منیش دەزانم فیداکاری بکەم. مەبەستم لە ناردنی ئەم نامەیە ئەمەیە کە من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم تۆ لە زیندان دا بیت و یان بمریت و من چ مەبەست و ئارمانجێکم لە ژیاندا نەبێت. رەنگە ئەگەر قازیان بە وەزعو حاڵی من بزانن حوکمی ئیعدامم نە دەن. من دوای دە ساڵ یان یازدە ساڵی دی لە زیندان دێمە دەرێ. ئەوسا ژنێکی بەختەوەر دەبم، تۆم خۆش دەوێ و بە خۆشی و خۆشەویستی تۆوە دەژیم، ئەگەر مردیشم بە خۆشییەوە دەمرم. بڕیارم داوە، هەر ئەمڕۆکە خۆم بدەمە دەست پۆلیسەوە.

مارگرێتا".

دوای چەند رۆژێك هەمان ئەو کەسەی بە دەنگی بەرز هەموو کەسێك بانگ دەکات و مورتەزای کوڕی جەوادی گاز کردو بەرێی کرد، ناوی منی گاز کردو بڕێك خۆراك و کڵاوەکەشی بۆ هێنامەوە. لەو دەفتەرەدا کە من رەسینی شتەکانم ئیمزا کرد، نووسرا بوو: "هێنانی: ... مورەتەزا ف."

دوای چەند رۆژێکی دیکە دیسان پارەیان بۆ زیندانیەکان هێنا، کاتێ کە یەکێك لە هاوژوورەکانی من وەسڵی پارەکانی ژێرو ژوور دەکرد تا وەسڵەکەی خۆی بدۆزێتەوە، وەسڵێکی هاتە بەردەست کە هی زندانی ژنان بوو، و لەسەری نووسرا بوو: "ناوی وەرگری پارە: مارگرێتا".

(١٩٤١)

## ٤- پیاوێك له قه‌فه‌زدا

سه‌ید حه‌سه‌ن خان به‌ده‌م خه‌وه‌وه گینگڵێکی داو که‌وته سه‌ر ته‌نیشت، تا هات بێدار بێته‌وه و ره‌نج و مه‌ینه‌تی ژیانی ته‌نیایی خۆی وه‌بیر بێنێته‌وه، دیسان خه‌و بردییه‌وه. به‌ڵام ئه‌م خه‌وه زۆر سووك بوو. له حاڵی نێوان خه‌وو بێداریدا دوو دڵ مابوو که ئایا به‌ر له ئێسته‌ش زیندوبووه و له‌م دنیایه‌دا بووه یان نا. له‌ناو ئه‌و بێهۆشییه شیرینه‌ی خۆیدا ده‌گه‌ڕا به‌ڵکو شتێکی له زیندوبوونی خۆی به‌یادبێته‌وه" به‌ڵام چ شتێکی ده‌ستگیر نه‌بوو و ئه‌و کاردانه‌وه پڕ بێزارییه‌ی له‌بێداریدا ده‌رهه‌ق به‌ژیان هه‌یبوو، ئه‌وی خسته گومانه‌وه.

هیچی له عومری رابردووی خۆی له بیرنه‌مابوو. بۆ ساتێك وای به هزرا هات که به‌هه‌ست و ساده‌یی منالێکه‌وه له دنیایه‌کی دیدا که خه‌ون و خه‌یاڵ و فه‌رامۆشی سه‌رانسه‌ری گرتووه، له داوێنی دایك به‌ربۆته‌وه‌و یادگارێن نیو سه‌ده‌ی ژیانی بچڕ بچڕ و کاڵه‌وه‌بووی که له هیچه‌وه ده‌ستی پێکردووه‌و به‌هیچ کۆتایی دێت له‌و بێده‌نگی یه‌دا فه‌وت و فه‌نا بووبوو.

لێ له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌دا له‌وکاتدا حاڵه‌تێکی هه‌بوو که له خه‌وو بێهۆشی روناك تر بوو، پتر له بێداری و هۆشیاری پرسوێیه‌وه نزیکتر بوو. به‌ته‌قه‌لایه‌کی بایتینی یه‌وه هه‌وڵی ده‌دا به‌ڵکو هه‌قیقه‌تی تاڵی ئه‌و حاڵه‌ته له‌بێن به‌رێ و ئه‌و داوه‌ی که ئه‌وی به‌ژیان و بێداری یه‌وه به‌ستبوو ، بپچڕێ و زیندووبوونی خۆی له‌یاد ببات. به‌ڵام ئه‌م هه‌وڵه‌ی دوایی بووه هۆی ئه‌وه‌ی که به‌ته‌واوی بێداربێته‌وه‌و دڵنیا بێ که تازه له‌دایك نه‌بووه به‌ڵکو نیو سه‌ده به‌ر له ئێستا له لاهور هاتۆته دنیاوه‌و ئه‌زیه‌تی دیتوه و لاقی چه‌پیان له ژوور زرانییه‌وه بڕیوه‌ته‌وه‌و سودابه‌ی له‌ده‌ست دابوو، ئێستا له‌م دنیایه‌دا چ که‌سێکی نییه جگه له سه‌گێك و کاره‌که‌رێك، دوور له‌خه‌ڵکی له کۆنه ماڵه‌که‌ی بابیدا خۆی زنده به‌گۆڕ کردووه‌و مه‌حکومه که بژی. بۆیه که له زیندووبونی خۆی دڵنیا بوو زویر بوو، ژیان دووباره سه‌رو دڵی گرت و حه‌ییرما که هێشتا زیندووه.

به‌چاوانی نوقاوه‌وه تاریك و روونی به‌یانی له ده‌رگاو په‌نجه‌ره‌که‌وه هه‌ست پێده‌کرد و له‌پشت پێڵووانی نوقاوه‌وه تیشکی لاساری سپێده‌ی ده‌بینی" لێ نه‌یده‌ویست چاوانی بکاته‌وه. به‌دیتنی ده‌رگاو دیواری ژووره‌که‌ی هه‌ستی به جۆره ترس و ڕه‌وینه‌وه‌یه‌ك له خۆیدا ده‌کرد. بێزارو دڵقرێژ بوو له دووباره روو به‌روو بوونه‌وه‌ی ژینکه‌ی خۆی. دیسان ئه‌و بوو و هه‌مان هۆده‌یێن یه‌ك له نێویه‌کی په‌رده که‌وتووی تۆز گرتوو که فڕنده باڵی تێدا له‌یه‌ك نه‌ده‌دا. دیسان ئه‌و و کۆمه‌ڵێك کۆنه که‌ل و په‌لی ناو ماڵ که ساڵانی ساڵ بوو تۆزیان له سه‌ر نیشتبوو، که‌سێك نه‌بوو بیانته‌کێنێ و ئه‌م جێ و جێیان بکات.

له‌دنیادا یه‌ك دڵخۆشی هه‌بوو ئه‌ویش راسو بوو. راسو ئاسووده‌یی به‌هزری ده‌دا. راسو. شه‌وان لای ته‌خته‌که‌ی ئه‌وه‌وه‌و له‌سه‌ر دۆشه‌که‌که‌ی خۆی کپ و بێده‌نگ و بێ پڕخه پڕخ وه‌کو هێلکه شه‌یتانۆکه خۆی لوول ده‌کردو ده‌خه‌وت. بوونی بوونه‌وه‌رێکی دیکه له ژووره‌که‌یدا که به هیچ کلۆجێ ئیرادی لێ نه‌ده‌گرت و خۆی له کاره‌کانی ئه‌و هه‌ڵنه‌ده‌قورتان باعیسی دڵگه‌رمی و ئاسووده‌یی هزرو بیری بوو.

که‌واته یه‌که‌م له‌به‌ر راسو و دووه‌م به‌ئۆمێدو دڵخۆشی تلیاك چاوانی هه‌ڵهێنان.

سه‌ید حه‌سه‌ن خان پاش مه‌رگی سودابه‌ی ژنی – که هه‌موو ماوه‌ی هاوسه‌رێتیان له سێ مانگ پتری نه‌خایاندبوو – په‌یوه‌ندی خۆی له‌گه‌ڵ هه‌موو شتێکدا بڕی بوو، دووباره وه‌کو هه‌وڵجار به تاقی ته‌نیا له کۆنه ماڵه‌که‌ی باب و باپیرانیدا له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك تفاقی نێو ماڵی میراتی وه‌کو باده‌یێن چینی و لاله‌و سوراحی بلورینی

ئەمساوی و مۆمدان و چۆلە چرای زیوکفتی نەخشێندا و تەزبیحی شامەقسودی و کەشکۆڵ و یوسرو مەرجان و عەلی مردای و هەموو جۆرە دارێکی وافورێن دارکهوری لەکاغزگیراو – وەکو میکرۆبێك کە ژینگەیەکی لە باری بەدەست هێنایێ – بۆخۆی لە نێو ئەوانەدا لوولی دەخواردو هەبوو. نەجارێ بیری لە فرۆشتنی ئەو هەموو تفاقە دەکردەوەو نەپێویستی پێیان بوو، نە جارێك تاقەتی دەبوو سەرێکیان بدا. لەنێو ئەو هەموو تفاقەدا تەنیا یەك قەڵەمبڕی دوازدەدەم هەبوو کە سی ساڵ بەر لە ئێستا لە (ئاگرە) لەسەر مێزی هاوڕییەکی گیانی بەگیانی هیندی خۆی دزی بووی. ئەم قەڵەمبڕەی هەم خۆش دەویست و هەم زۆری ڕق لێ بوو. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی دزی بووی" ڕەنگە هەر بۆ ئەوە بووبێ کە بەدزییەوە کارێك ئەنجام بدات. بەهەر حاڵ ئەوەی روویدابوو ئەمەبوو کە ئەو بێ ئەوەی هاوڕێکەی بیدینێ چاوی تێ بڕی بوو، قەڵەمبڕەکەی لەسەر مێزەکە قاپاندبوو لە گیرفانی خۆی نابوو، هەر هەموو ئەو ماوەیەی کە لەو شەوەدا پێکەوە چووبوونە گەڕان دەستی لە گیرفانی دەرنەهێنابوو" بەڕادەیەك قەڵەمبڕەکەی لە دەستی خۆیدا گوشی بوو، کە قامکەکانی ئارەقەیان کردبوەوە و ماندو بووبوون. پاش سی ساڵ هێشتاش ئەو قەڵەمبڕە لەژێر ئەو دۆشەکەڵەیەدا کە لەسەری دادەنیشت و تلیاکی دەکێشا دەبینرا. هەرکاتێ بیری دەکەوتەوە هەڵی دەگرت و زۆر بەسەرسامی و بێگانەیی، وەکو ئەوەی هەرگیز نەی دیتبێ، لە چاوانی دەبردە پێشێ و لەپشت عەینەکە هێلکەییەکەیەوە تەمەشای دەکرد و بە سەبرو حەوسەڵەو عینادی یەوە قەیچی و هەڕە و بڕبەنگ و کەوچکەکەی و چەتاڵەکەی و گوێ پاك کەرەوەکەی و دەمە بریقەدارو تیژەکانی یەك یەك دەکردەوە و بە جۆرەکینە و ڕقێکی کۆنەوە دوو بارە دای دەخستنەوە و لەژێر دۆشەکەکە تەقەتی دەکرد. زۆربەی کات کە بەنینۆك دەمە بریقەدارەکانی تاقی دەکردەوە، بەسەریدا دەهات کە بیفەوتێنێ و چیتر نەیبینێ چونکە بەدیتنی نارەحەتی و ترسێکی لێ دەنیشت کە ئازاریان دەدا و روحیان دەخوارد. پاش ئەوەی بیری لەوە دەکردەوە کە فڕێی بداتە ناو حەوزەکەوە یان بیخاتە ئاودەستەوە یا بیخاتە جۆگاکەوە، دووبارە هەموو دەمەکانی دادەخستەوە و بە دزی یەوە دەیڕوانی یە دەوروبەری خۆی و لە جێیەکەی خۆی دایدەنایەوە.

هاوسێکان وایان دەزانی کە سەید حەسەن خان شەو و ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆیدا خەریکی عیبادەت و نوێژ و ڕۆژووە بۆ سودابەی جوانەمەرگی هاوسەری. چونکە گوایە جارێك یەکێ لەوانە لە دادە یاسەمەن–ی کارەکەری سەید حەسەن خانی پرسی بوو، ئەویش لەڕقانا وەڵامی دابووەوە: (بەڵێ سەید حەسەن خان لەوەتەی ژنەکەی مردووە بەردەوام لە ماڵەوە خەریکی نوێژ و ڕۆژووە بۆ ژنەکەی.) ئیدی لەو ڕۆژەوە لە گەڕەکدا هێندەیان شاخ و باڵ لەم قسەیە نابوو کە سەید حەسەن خان لەبەر چاوی خەڵکی گەڕەك بوو بوو بە ئیمامزادە. بێوەژنان و قەیرەکیژان بەغیلیان بە ئەمەکداری ئەو دەبرد و خۆزیان دەخواست کە بیبینن. بەڵام سەید حەسەن خان بۆ جارێك پێی لە ماڵ دێنایە دەرێ؟

بە پێچەوانەی قسەی دادە یاسەمەن – وە سەید حەسەن خان لە ماڵی خۆیدا هەرگیز خەریکی نوێژ و ڕۆژوو نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو سۆفییەکی سست باوەڕو بێ ئیمان بوو. کە رقی زۆری لەو شتانە بوو. ئەم بنیادەمە لە دنیاو مرۆڤانی دنیاو مەزەبانی دنیا تۆرابوو پەنای وەبەر چواردیواری ماڵەکەی خۆی بردبوو. لەو ڕۆژەوە کە سودابە مردبوو، لێبڕابوو کە دەستبەرداری هەموو پێوەندی و ئارەزووەکانی خۆی بێ و خوو نەداتە هیچ شتێك و هۆگری چ شتێك نەبێ.

هەربۆیە کە هیشتا هەفتەی ژنەکەی نەچوو بوو کەناری یە هۆڵەندییە جوانەکانی کە هەر یەکێکیانی بەخوێنی جگەر پەیداکردبوو، و جووجکی لێ گرتبوونەوە، لە قەفەز ئازادکرد.

ئەم ڕۆژەش لە بیرەوەری ژیانی ئەودا غەمگین و زندوو بوو. کاتێ یەك یەك فڕاندنی دڵی گوشراو گریان بینی

گرت.
لێوی دەگوشین و هەوڵی دەدا گریانەکەی بخواتەوە. کە سودابەی بیردەکەوتەوە چەندی خۆش دەویستن، گڕ بەر دەبووە دڵی. بەڵام کەنارییەکان چونکە لە هەوەڵەوە لە گەڵ قەفەزدا راهاتبوون و فێرنەبوون بە ئازادی بفڕن، بە چەند بازێك خۆیان گەیاندە سەر گیایە وشکەکانی پەرژینی باخەکەو بەسەرسامی و ترسەوە سەریان بەم لاو بەولادا دەسوڕاندو جیکەجیکیان دەکرد.سەید حەسەن خان بەزەیی بە ئاوارەیی و دەربەدەرییان هاتەوە و لە کارەکەی خۆی ژێوان بووەوە. حەزی دەکرد گەر بکرابوایە بیانگێڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکە بانگی کردن، بەڵام ئەوان بە هەمان دەقەوە بە نابەڵەدی لەسەر پەرژینی باخەکە نیشتبوونەوە، سەریان لە ژینگەی نا ئاشنای خۆیان سوڕ مابوو. سەید حەسەن هەستی دەکرد کە هێشتا لە چوارچێوە و قەڵەمڕەوی خۆشەویستی و مەحەبەتی ئەودان. بەڵام لە خۆشەویستی دووبارەی خۆی ناڕەحەت بوو و دارەشەقەکەی لێ ڕاوە شاندن و کشەی لێکردن.
کەنارییەکان بەترسەوە هەریەکەیان بۆ گۆشەیەك فڕی. بەفڕینیان دڵی ئارام بوو. چونکە ئیدی نەمابوون تا خەفەتیان بۆ بخوات. تەنیا قەفەزە بەتاڵەکانیان مابوو کە بەقولابەوە هەڵواسرابوون و وەکو جەستەی مردووانی لە قەنارە درواى تازە گیان دەرچوو تەکانی دەدا. ئەو رۆژگارە سەید حەسەن خان گەنج بوو و لەمێژ نەبوو کە بەلاقی بڕاوەوە لە هیندوستان گەڕابووەوە.
بەڵام راسو، دێڵە سەگێك بوو لە توخمی(سەتر)ی هۆڵەندی کە دوو ساڵ بەر لەمە، کاتێ هێشتا چاوانی نەتروکا بوون، خۆبەخۆ داخڵی ژیانی ئەو ببوبوو. سەید حەسەن خان کە تا ئەو رۆژە هەوڵی دا بوو کە لە هۆگری و پەیوەندی خۆی کەم بکاتەوە-نەك زیادی بکات-کاتێ راسوی لە کونی ئاوەڕۆی باخەکەدا بە چاو نەترووکاوی و نووزەنووزەوە بینی کە سەری لەرزۆکی بەم لاو بەولادا دەبرد و لمۆزی تەڕی بەعاردی دا دەسوو، نەیتوانی فەرامۆشی بکات و تێپەڕێ.
لەو رۆژە بەدواوە بەدەستی خۆی شیری دایێ و پێی وابوو کە کەمێك خۆی بگرێ ئیدی دەتوانی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. بەڵام بەرە بەرە کار گەییە جێیەك کەنەك هەر دەری نەکرد. بەڵکو بەجۆرێ خوی پێوەگرت و هۆگری بوو کە پێی ئەستەم بوو لێی جیابێتەوە. بۆیە لە ماڵەوە رایگرت.
راسو وەکو کەناری نەبوو کە کاتێ ئاو و دانی دەدانێ بەبێ ماناو گەوجانە بەدەوری خۆیاندا بسووڕێنەوەو نمەك حەرامانە پەڕو باڵی خۆیان لە فینجانەکەدا بشۆن و مرۆڤ تووڕە بکەن و فڕکە فڕکە بەم لاو بەولادا بکەن و ئاو بەرە و ئەو بپرژێنن. راسو هەر هەڵسوکەوتێکی دەکرد مانادار و دڵگیربوو. راسو لە مرۆڤێك باشتر هەستی بەرەنج و شادی و ترس دەکرد. بەرانبەر بە پێشهات و رووداوەکان بێ موبالات و خەمسارد بوو. هیچ کاتێك وەکو مرۆڤان کاردانەوەی نەدەنواند. ئەتوارو رەفتاری بنیادەمانی نەبوو.خۆی بوو. سەگ بوو. ئەگەر جارێ سەید حەسەن خان لێی تورەبوایە و لەخۆی دووری بخستایەوە، پاشان ژێوان دەبووەوە و نازی دەکێشا. ئەویش بێ گلەیی و نازونووز دەچووە لای و دەستی دەلستەوە و مەرایی دەکرد. ئیدی خەیاڵی لە کۆڵ کردنەوەی راسو بۆ ئەو لە هەموو شتێ ناخۆشتر بوو. چونکە وەکو چۆن ئالوودەی تلیاك بووبوو، ئاواش خووی بە راسووە گرتبوو. تاقە سەرچاوەی دڵخۆشی سەید حەسەن خان هەر ئەو بوو.
راسو هاوبەشی تەنیایی و خەمی ئەو بوو. رۆژ دەبووەوە کە سەید حەسەن خان کاتێ سەرگەرمی ئامادەکردنی تلیاك دەبوو، یان عارەقی دەکردە خەمری یەوە، یان سیغاری رەشتی دەپێچایەوە، دەردە دڵی بۆ راسو دەکرد و سەر بوری ژیانی پڕ مەینەتی خۆی کە بۆ چ کەسێکی نەگێڕابووەوە، بە ئاوو تاوێکی تایبەتی یەوە بۆ ئەو دەگێڕایەوە. راسوش چاوانی رەشی وەکو چاوی ئاسکی دەبڕییە دەموچاوی ئەو و هەرچی نیرو و هێزی

پەنهانی خۆی هەیە بەکاری دەبرد تا خۆی بەشەریکی تەنیایی و خەمی ئەو نیشان بدات. ئەو جووتە بوونبوون بەدۆستی یەکدی.

چەند جارێك چاوانی ترووکاند. رووناکییەکی کاڵ لەپشت شووشە رەنگاو رەنگەکانی دەرگاکەوە دابووی لە ژوورەوە، ئالکاوی چاوانی بوو. دیسانەوە بەگرژی و بێتاقەتی چەند جارێکی دی چاوانی تروکاندو ئەنجام بڕینییە میچەکەو لەسەر وێنەی گوڵ ئەندام بۆ ساتێك بەماتی روانی یە ئەو وێنەیە. پاشان دووبارە روانییە دیوارەکەی بەرانبەری خۆی.

بەڵام لە سەر دیوارەکەش بۆ ساتێك وێنەی گوڵەندام–بەهەمان شێوە کە لە میچەکەدا وێنەکێشرابوو لێ کاڵتر–لە بەردەمیا بەرجەستەبوو. چەند جارێکی دی چاوانی خۆی نووقاندن و کردنی یەوە. وێنەکە رۆیی بوو" تەنیا چوارچێوە ڕەشەکەی لەزەین و هزریدا دەجووڵا.

دیسان روانییە وێنەی بن میچەکە. بۆ تاقیکردنەوە خێراو بە دزییەوە و منالانە چاوانی بڕییە دیوارەکە. بەڵام دیسان وێنەکەی گوڵەندام لە دیوارەکە کەوتبوو. دەیڕوانییە هەر شوێنێکی دیوارەکە، وێنەکەش دەچووە ئەو شوێنە. تا بەرە بەرە یەکەم خودی گوڵەندام و پاشان چوارچێوەی وێنەکەی لەبەر چاوی سڕایەوە.

کە نیگای کەوتە سەر سەعاتی قەد دیواری شانشینەکە، وێنەکەی گوڵەندامی فەرامۆش کرد. چواردە ساڵ بوو کەس ئەم سەعاتەی کۆك نەکردبوو. لە هەموو ئەم ماوەیەدا میللەکانی لەسەر چوارو سێ دقیقە وەستا بوون. وەك ئەوەی بە درێژایی ئەم چواردە ساڵە ژیانی ئەو لە جێی خۆی وەستابووبێ و جوڵەی نەکرد بێ. چواردە ساڵی تەواو ژیانی پڕ مەینەت و یەکنەوای ئەو لەسەر سەعات چوارو سێ دەقیقە مابووەوە.

ئەم چوارو سێ دەقیقەیە کە شایەتی عومرێك لە ژیانی تاریك و پڕ خەمی ئەو بوو لە جێی خۆی نەدە جوڵا و نەدە جوڵا.

عادەتی وابوو هەر بەیانییەك کە لە خەو ڕادە بوو لەنێوان هەموو نەخش و نیگارەکانی بن میچەکەدا بڕوانێتە وێنەکەی گوڵەندام و پاشان رووەو دیوارە سپییەکەی وێنەکە نیگای وەرگێڕێ و رۆژانە ئەم گەمەیە دووبارە بکاتەوە.

گوڵەندام بە بن میچەکەوە، کیژێکی لەچك بە سەری نەرم و نۆڵی لێو قرمزی بوو کە کراسێکی ئەتلەس و تەنوورەیەکی کورتی سپی فشی لەبەر بوو، مانگایەکی مۆنی لەخۆی گەورەتری، کە زمانی لەلایەکی دەمییەوە هاتبوە دەرێ، دابوو بە شانیداو لەسەر دوا پلیکانەی تەلارێك وەستا بوو و بەچاوانی بێ حاڵی دەیڕوانییە بەردەم. لەپشت گوڵەندام – وە، وێڕای ئەوەی لەهەردوو لایەوە پەردەیەکی مەخمەڵی شەرابی بەگێز و گوڵینگەی قەلایی هەڵوا سرابوو، چیایەکیش لەوێندەر قوت بوو بووەوە کە لەپشت ئەوەوە لەسەر چیایەکی دی سەروکەللەی راوچی یەك بە سمێڵی بابڕو زوڵفی کلکە سۆنە ئاساو چاوانی درشتی بێ بژۆڵەوە پەیدابوو کە وێستابوو، قامکی تەپاند بووە نێو زارییەوە. ئەم راوچییەی کە لەپشت چیایەکەوە وێستابوو لە خودی گوڵەندام و تەنانەت لە مانگاکەشی گەورەتر بوو، زۆر بەوردی دەموچاوی وێنەکێشرابوو. قامچییەك و شێرێك و دوو کارمامزو کەروێشکێك، بە تێکەڵ و پێکەڵی لە تەنیشت راوچییەکەوەبوون کە لەبەر تەنگەبەری جێگەکە کەروێشکەکە لەژێر دەست و پێی شێرەکە نووستبوو، هەڵبەتە یارۆی ڕاوچی گوێی نەدەدانێ.

ئەمڕۆش سەید حەسەن خان وەکو هەموو رۆژێك لە وێنەکەی گوڵەندام ڕاما و وەکو هەمیشە بە دەست لێنەدراوی بینی. وردە وردە تەماشای وێنەێن شکاری مراوی لە ئاوا و مەلیکەی چین و دەریاچە و کەشتی و خەیام و ماشوقەی شەراب بە دەست و حەزرەتی ئیسماعیل و مەڕی قوربانی و زوهاك و مارەکانی سەرشانی و شێخی

سەنعان و کچۆڵەی گاور و وێنەی لاوێکی قۆز کە گوڵەباخی پێشکەش بە دەنکەکەی دەکرد.
هەر یەکێك لەوانە بیرەوەرییەکی لەلای هەبوو" بەڵام وێنەی گوڵەندام شتێکی دی بوو.
سودابە هیچ یەکێك لەوانەی بەقەد وێنەکەی گوڵەندام خۆشنەدەویست. کاتێ کە زندوو بوو، بەیانیان کە لەهەمان ژوورا بێدار دەبوونەوە، سودابە سەبارەت بەیەك بەیەکی نەخش و نیگارەکان پرسیاری لێدەکرد و پێکەوە پێدەکەنین و شۆخییان دەکرد. بەڵام سودابە کە هەر سێزدە ساڵان دەبوو، زۆری حەز لە چیرۆکی گوڵەندام دەکرد و هەر رۆژەی شتێکی تازەی سەبارەت بەو لەمێردەکەی دەپرسی.
-((ئەگەر منیش هەموو رۆژێك گوێرەکەیەك بخەمە سەر شانم و لە قاڵدەرمەکانەوە بۆ سەربان سەربکەوم، پاشان کە گوێرەکەکە بوو بە مانگا دەتوانم هەڵیگرم؟ چۆنە ئەو شێرە هەقی بەسەر کەروێشکەکە و کارمامزەکانەوە نییە؟ ئەو پیاوە مەگەر تفەنگی لە شان نییە، چۆنە ئەو شێرە ناکوژێت؟ ئەو کارمامزانە دایك و باوکیان نییە؟))
سەید حەسەن خان هەندێ جار نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، بۆیە ئاوڕی دەدایەوە لە دەموچاوی مناڵکارانەی ژنەکەی رادەماو پاشان پێدەکەنی و چاڵی روومەتی ماچ دەکرد.
ئێستاش بەیادی رابردوو دەیڕوانییە وێنەکەی گوڵەندام و ژیانی رابردوویی خۆی لەبەر چاو بەرجەستە دەبوو. لەبەر خۆیەوە خەیاڵی کردەوە
-(سودابە چەنێ تەماشای ئەم رەسمانەی کرد نەیتوانی یەك تۆزقاڵ لە نیگای خۆی بۆ سێبووری دڵی من لەوێ بەجێ بێڵێ. نەۆ ئەو بووە بە خۆڵ و ئەمانە بەدەقی خۆیانەوە لە شوێنی خۆیانن. هەی تف لەم دنیایە.)
ئەم خەیاڵە نوکی کەپووی توزانەوە. بەئەسپایی و بەپارێزێکی باوکانەوە، وەك ئەوەی بیەوێ نازی سودابە بکێشێت یان لە خەو بێداری بکاتەوە چپەچپێکی کرد.
-(راسو گیان بێداری؟)
راسو ماوەیەك بەر لەو بێدار بوو. ئەویش لەسەر دۆشەکەڵەکەی خۆی لەخوار پێی ئەوەوە لەناو ژوورەکە خۆی لوول کردبوو و نیوەی ژێرملە سپییەکەی هێنابووە دەرێ و خۆی کردبووە خەو، بوونی سەید حەسەن خان لەناو ژوورەکە بۆ راسو مایەی ئاسوودەیی و ئارامی بوو. ئەو زۆر باش دەیزانی کە بوونەوەرێکی دیکەش لە ژوورەوەیەو لەسەر تەختەکە نووستووە. دەنگی هەناسەی دەژنەوت و هەستی دەکرد پێویستی بە نەوازشی ئەو هەیە. حەزی دەکرد بۆنی گەرم و زیندووی دەستی ئەو کە بۆنێکی جیاواز لە بۆنی خواردەمەنی بوو، بەڵام لەزەتێکی وەکو لەزەتی خواردەمەنی هەبوو، لە نزیکەوە بکات. ئەم بۆنەش ئەوی بەجۆرێکی دی تێردەکرد.
لە هەمان کاتدا کە سەید حەسەن خان دەیڕوانییە وێنەکەی گوڵەندام و بیری لە سودابە دەکردەوە، راسو بەدەم چاوەڕوانی ژنەوتنی دەنگی پڕ مەحەبەت و گوێنەوازی ئەوەوە چاوانی دەترووکاندو سەراپای بوو بوو بەگوێ. بەتیلەی چاو دەیڕوانییە تەختەکەو چاوە -ڕوان بوو کە بانگی بکات. بۆیە هەر کە گوێی لەناوی خۆی بوو، بە بازێك لەسەر دۆشەکەڵەکەی رابوو و هاتە سەر فەرشەکە. هەوەڵجار کێشمانی خۆی دا" گوشارێکی خستە سەردوو دەستە درێژەکەی خۆی و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت، پاشان لاقەکانیشی درێژکرد و باوێشکێکی داو دەنگێکی ناسك لە بنی گەروویەوە دەرهات. ئەوجا زمانێکی بەدەم و قەپۆزیدا هێناو یەکسەر چووە لای تەختەکەوە و سەری بۆ نەوازشی دەستەکانی ئەو خستە سەر دۆشەکەکە و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت.
سەید حەسەن خان دەستە سڕو بێ هەستەکانی، کە قامکەکانی بەزەحمەت دەنووشتانەوە، خستنە سەر سەری ئەو نەوازشی کرد. کە دەستی بەر قەپۆزە تەڕو ساردەکەی کەوت حەزێکی توند-وەکو حەزێکی شەهوانی- لە گیانیا بێدار بووەوە. چاوەکانی کە هێشتا روو لە میچەکە و لەسەر وێنەکەی گوڵەندام گیرسابووەوە، بە ئەسپایی و

به لەزەتەوە لێکنان.
یەکسەر بەدەنی لاوازی سودابە لەبەر چاوی بەرجەستەبوو. عەینەن وەکو چۆن هەمیشە لەناو جێگەدا دیتبووی لێ دەستەکانی بەدەر لەویستی خۆی وەکو عادەتێك، یان وەکو کاردانەوەیەك بەرەو لمۆزی راسو دەکشان. دەستی پێدا دێنا، دەیگوشی و قامکەکانی دەبردنە بەر کونی کەپوی و هەستی بە هەناسەو نەفەسی گەرم و تەڕی ئەو دەکرد. کوڵکە نەرم و مەخمەلییەکەی نەوازش دەکرد. راسوش لێوە گۆشتنەکانی بێ چ شەرم و نازێك خستبووە بەختی نەوازشەکەی ئەوەوە. پاشان وەکو ئەوەی رازی نەبووبێ لمۆزی بەرداو بەپەلە گوێی گرت. ژێر بناگوێی کرکراگەیەکی بچکۆلەی دەرپۆقیو بوو کە لە ژێر دەستیان دەخزی. هەمیشە لەزەتی لە گەمەکردن بەم کرکراگەیە دەبرد. هەرکە دەیدۆزییەوە راسو لیکاوەکەی زاری قورت دەدایەوە و بەکەیف و شادییەوە کلکی بە فەرشەکەدا دەدا.
-((لاسی گیان، لوسی گیانی من، شەگ شەگی من، تۆ شەگی یان بنیادەمی. ئەگەر بنیادەم بوایەی هەرگیز لێرە جێت نەدە بووەوە... دەزانم برسیتە. ئەی دەڵە سیاسەگ. بێ تاقەت بووی حەیوان؟ نووکە هەڵدەستم. قاوەڵتی یەك دەخۆین، تلیاك دەکێشین" راوت دەنەم...))
ئەم قسانەی بە دەم چاوی نوقاوەوە دەکردو هەنکەهانکی دەکرد. لەگەڵ هەر رستەیەك دا کەدەیگوت دەستی یەك هەوا بەسەر لمۆزو گوێچکەی راسودا دێنا. دڵی ترپە ترپی دەکرد.
(ئامان لە دەست ئەم دڵە. دەڵێی رۆژ بە رۆژ خراتر دەبێ. کاتێکت زانی وەستا. یانی ئەو رۆژە دێ؟)
بە خەیاڵ ئەوانەی وێناکرد، پاشان گوێی راسوی بەرەڵڵا کرد. بۆساتێك دەستی بەقەد تەختەکەوە شۆڕ بوەوە و خۆیشی ماوەیەك لەناو جێگەکەدا بەبێ جوڵە مایەوە.
پاشان بە ئەسپایی بە کۆمەکی هەردوو دەستی لەسەر تەختەکە دانیشت. کەمەری سڕبوو، ماندویەتییەکی ئازاراوی ئەزیەتی دەدا. کە دانیشت ماوەیەك سەبری کرد" ئەوسا جوڵاو لەقەراخی تەختەکە رۆنیشت. پێی ڕاستی گەییە عاردی. ڕانە بڕاوەکەی لە ژێر پانتۆڵە سپییەکەوە پەنهان بوو، ئەوەی کە لە ڕانی مابووەوە بە ئاسۆیی لەقەراخ تەختەکەدا جێگیربوو. دەلنگی پانتۆڵە چرچ و لۆچەکەی لەسەر عاردی ژوورەکە و لەپاڵ لاقی راستیدا کەوتبوو.
دەلنگی پانتۆڵەکەی بەدەست بەرزکردەوە و لە خوارەوە دەستی بە پێچانەوەی کرد. ماوەیەك پێچایەوە و ئەوجا وازی هێنا. چ شتێك لەڕانە بڕاوەکەی بەدیار نەکەوت. پاشان بە کۆمەکی دوو دار شەقە قاوەییەکەی کە چەرمی سەر تۆپەوانەکانی بن باڵی شەق شەق بوو بوو، لەسەر تەختی نووستنەکەی دانرا بوون، هەستاو لە جێی خۆی وەستا. ئەم جووتە دار شەقەیان لەگەڵ لاقێکی تەختەییدا کە پێڵاوێکی زەردی ئامال نارنجی لە پێدابوو" لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبایدا کاتێ کە لاقیان بڕی بووەوە، پێ دابوو، بەڵام ئەو لاقە هێشتا هەر نوێ بوو، لەنێو کیفەکەی خۆیدا لە سووچێکی عەماردا کەوتبوو. تەنیا یەکجار، ئەویش لە رۆژی زەماوەندەکەیدا لەگەڵ سودابە، لە لاقی بەستبوو.
لەسەر لاقی راستی وەستاو بە دوو دار شەقەکەی هاوسەنگی خۆی راگرت. باڵایەکی بەرزو دوو شانی هەڵتۆقیوو ملێکی خوزی هەبوو. گرژییەکی هەمیشەیی لە روو، چارەیدا قاڵبی گرتبوو. سیمایەکی گریە ئامێزی هەبوو. گۆشەی چەپی لێوی شۆڕ بوو بووەوە- وەکو ئەوەی بخوازێ بگری. لاقی وشك و بێ گیان بوو. خۆی دا بەسەر هەردوو دار شەقەکەیداو سینگی پێی راستی نایە عاردی و هەستاو کەوتەڕێ. هەموو هێزی خۆی لەم رێکرنە ناسروشتییەدا بەکاردەبرد.

ئەم مرۆڤە نوقستانو و زەبوونەش وەکو هەموو تیرەی بەشەر لە هەنبەر پێداویستییە سروشتییەکانی خۆیدا زەبوون و بێچارە بوو. ئەویش ناچار بوو لە بارتاقای چەند پاروە خۆراکێکدا کە دەیخوارد چەندین وەخت لەناو ئاودەستخانەی بۆگەن و قەور ئاسای ماڵەکەی خۆیدا دانیشێت و بۆنی بۆگەنی هەڵمژێ. مەجبوور بوو کە بەکۆمەکی ئەو دارشەقە کورتەی کە هەمیشە لە سووچی ئاودەستەکەدا هەڵی پەساردبوو، لەسەر یەک لاق دانیشێت و بەبێ تاقەتی و لارەخواری بنووشتێتەوە و دابنیشێت و بە هەناسە بڕکێ ئەوەی کە بەلەزەت و تامەزرۆییەوە خواردبووی بە ناچاری دەری بداتەوە. ئەمە لەو کۆتانەبوو کە ئەوی لەلای خۆی بچووك دەکردەوە. بەڵام لێرەدا، لەناو گەلیی ئاودەستی ماڵەکەیدا مشکێکی گەورەی ئامال زەرد هەبوو بەچاوانی کارەبا ئاساو لمۆز و سمێڵی درێژەوە، کە ساڵانێك بوو لەوێدا دەی بینی. ئەم مشکە مژوولی دەکرد. بەڵام حەزی لەم سەربارە بە تۆبزییە نەدەکرد. رۆژێك هات بە خەیاڵیدا کە مەرگە مووشی بداتێ. بەڵام وای بەبیرا هات کە دەبێ هەوەڵجار خۆی بیخوات تا بتوانێ مشکەکە ژەهر خوارادوو بکات. بەم بیرە مەخسەریەی خۆی پێکەنی بوو.

دەیبینی کە بەدزییەوە و بەترسەوە لمۆزە درێژەکەی لە پیسایییەکەی ئەو دەژەندو بەسیمای تەخسیرکارو گەدا ئاساوە لێی دەخوارد و سمێڵی دەجووڵاند. ترس لە بوونی گیانلەبەرێکی دی کە لە خۆی گەورەتر بوو، وای لێدەکرد کە پەیتا پەیتا بەدزییەوە سەیری سەید حەسەن خان بکات، وەکو ئەوەی تاوانێکی کردبێ.

ئەمیش گووراوو خەلقەندەیەك بوو کە دروست وەکو مرۆڤ بە ترس و لەرزەوە لە خوانی نیعمەتی بێ درێغی پەروەردگاری خۆی دەلەوەڕی. بەڵام ئەو وەکو بنیادەم رازیقی خۆی نەدەناسی و سوپاس و ستایشی نەدەکرد. لەوەیە بەلای کەمەوە لەم رووەوە لە بنیادەم بەختەوەرتر بووبێ. ئەم مشکە بێزەوەرە بۆ وەدەست هێنانی رزق و رۆزی خۆی کاریشی نەدەکرد. مێملێ بوو" بەڵام پارەیەکیشی نەبوو کە هەقەکەی بدات. ئەم مشکە بە سەعاتان لە کونی پشتەوەی گەلیی ئاودەستەکەدا وەنەوزی دەداو بێچووەکانی خۆی دەلستەوە و هەموو رۆژێك لە کاتی خۆیدا رزقەکەی لە قولی مشتی دا بوو. سەید حەسەن خان بە قێزو بێزو مۆنییەوە لێی دەڕوانی و خەفەتی بۆ دەخوارد ولە دڵی خۆیدا شەرمی لێ دەکرد. لێ مشکەکە هەرگیز ئاگای و لە هزرو بیرو میهرو دڵسۆزییەکانی سەید حەسەن خان نەبوو. بەڵکو لەزەت و ئیشتیا ورگی لەوەی کە پێی دەگەیی پڕدەکرد.

کاتێ کە گەڕایەوە ژووری، تازە هەتاو لە شووشە رەنگاوڕەنگەکانی دەرگاکەوە لە فەرشەکەی دابوو و نەخشە کاڵەوەبووەکانی نواندبووە وە. لە شانشینەکەدا سفرەی قاوەڵتی و مەقلی و وافور ئامادە بوو. جووتێ قۆری پیرۆزەیی رەنگ، وەکو دوو کیژی جمکانە لە نێوی مەقلییەکی جەوجۆش بەپاڵ یەکەوە دانرا بوون. سینییەکی گەورە کە دوو جۆرە مرەباو نانە چەورە و کەرە و پەنیری تێدا بوو، لە پاڵ مەقلییەکەو لەسەر سفرە چەرمییەکە بەر چاودەکەوت. لەناو سینییەکی دی، وافورێکی درێژ کە لە کیسەیەکی گرانبەهادا پێچرابووەوە و یەك بن پیاڵەی تەژی تلیاك کەهەر هەمووی بە یەك ئەندازە خڕ کرابوو، لەگەڵ چادانێکی زومڕودی لەپاڵ مەقلییەکە دانرابوو. ئەمانە هەمووی دادە یاسەمەن پاك و تەمیز ئامادەی کرد بوون و ئەمە کاری هەموو رۆژێکی بوو.

دادە یاسەمەن زۆر خەمی سەید حەسەن خانی دەخوارد. کاتێ کە سەید حەسەن خان هاتە ژوورەوە، راسو لە ناوەندی ئوروسییەکەدا لەبەر تیشکە میناتۆرییەکانی شووشە رەنگاورەنگەکاندا پاڵ کەوتبوو و خەریك بوو خۆی دەلستەوە، لێ هەرکە سەید حەسەن خان لەپشت کەرەستەی وافورەکەوە دانیشت، راسوش وەك ئەوەی ماوەیەك بێ چاوەنۆڕی ئەو بێ، هەستاو کێشمانێکی خۆی داو چووە نزیکی مەقلی یەکە" و لە دوورییەکی کەمەوە کە بەباشی هەستی بەگەرمی ئاگرەکە دەکرد راکشاو دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژکردو تێکی ئالاندن و بەگەردنی قووت و گوێچکەی رەپەوە دەیڕوانییە مەقلییەکە. وێنەی دوو قۆرییە پیرۆزەییەکە و پشکۆ ئاگرەکان

لە چاوانیدا رەنگیان دابووەوە.
سەید حەسەن خان بەهێمنی قامکە باریکە جومگە دەرپۆقیوە زەردەکانی دایە بەر ئاگرەکەو پاشان دەستەکانی هەڵگلۆفین. کە گەرمی ئاگرەکە گەییە دەموچاوی هەستی بەگەرم و گوڕییەکی خۆش و بەلەزەت کرد. ئەو لە کارەکەی خۆیدا چ پەلەیەکی نەبوو. دەیویست بە ئاسودەیی و دڵی رەحەت کارەکەی ئەنجامبدات، و دڵنیا بوو کە چ کەسێك نییە لە کارەکەی بکات. تۆزێ کەرەی خستە سەر دوو تێکە نان و نایە بەر راسو و گوتی: ((بخۆ بەستەزمان)).
راسوش نانەکانی یەك یەك لەنێو قاپەکە بەدەم هەڵگرت و نایە نێو هەردوو دەستییەوە و بە نەزاکەتێکی خانمانەوە خرچ خرچ کەوتە خواردنی.
راسو فێرە دووکەڵی تلیاك بوو، لەبەر ئەمەیە جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ حەیواناتی دیکە هەبوو. چونکە یەك پێداویستی ئینسانی زیاتر، لەوانی دی هەبوو. هەر ئەم پێداویستییە زیادەیە ئەوی لە مرۆڤ زۆر نزیك کردبووەوە. دوکەڵی تلیاك بۆ ئەو پێداویستییەك بوو کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مێشکی هەبوو و بوو بوو بەسەر باری پێداویستییەکانی دیکەی. کاتێ لە دووکەڵی تلیاك سەرمەست دەبوو، هەرچی پێویستی تری هەبوو لە یادی دەچوو. بە جۆرێ گیرۆدەی ئەم کەیف و خۆشییە بوو بوو کە نەیدەتوانی بەهیچ جۆرێ خۆی لەبەری بگرێ. ئەگەر کەیفەکەی تۆزێ درەنگ بکەوتایە، بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ چییەتی و دەبێ چ کارێك بکات تا ئاسودە ببێ، مردوو ئاسا لەسەر عاردی دەکەوت و بەتووڕەیی چاوانی دەتترووکاندو کلکی بە فەرشە کەدا دەکوتاو زمانە سمارتە ئاساکەی بەدەوری کەپوویدا وەردەچەرخان و هەندێ جار حاڵی تێك دەچوو و هێڵنجی دەداو وشکەکۆکەی دەکرد.
کە بۆنی تلیاك هەستا راسو خۆبەخۆ لەسەر لا پاڵکەوت و دەست و لاقەکانی درێژ کرد و لێی راکشا. هەستی بە قورسی و فێنکی دووکەڵ لەسەر کەپوە تەڕەکەی کرد بوو. چاوانی نووقاندو چەند جارێك زمانە ئامال سوورەکەی دەرێنا و دووکەڵەکەی هەڵمژی. بێهوشی و لەزەتێکی شیرینی لە خۆیدا بینی، لەزەتێ کە بەلایەوە لە خواردن خۆشتر بوو. سەید حەسەن خان لەزەتی لە کەیف و زەوقی ئەو دەبینی و بەردەوام دوکەڵەکەی بۆ لای ئەو دەناردو زۆری حەز لەم هاومەقلییە بێ وەیە دەکرد. راسوش بە نەفەسێن قووڵ دووکەڵەکانی هەڵدەمژی و گوێی بۆ دەنگی ئاشنای جزە جزی تلیاکەکە رادەدێراو هەر دوکەڵێکی تازە بەلایدا دەڕۆیی هەڵیدەمژی.
کەیف و لەزەتی تلیاك سەید حەسەن خان-ی دەبردە دنیایەکی دیکەوە، هەمەجۆرییەکی بەژیانی یەك ریتم و یەك دەست و یەك نەوای ئەو دەبەخش، ئەو جۆرە ژیانە تاریك و ئاڵۆزو پەنامەکییەی بڕینی وەکو رێکردنێکی دوور و درێژی ناو زەلکاوێك بوو کە تا ناقرگەی پیاو مارمێلکەو قورباغەو ماری ئاوی بێ.
سەید حەسەن خان دوا کەسی ماڵباتێکی گەروە بوو کە بەمردنی ئەو ئیدی کەس لەو ماڵباتە نەدەماو خانەوادەکە دەبڕایەوە.
ساڵی تاعوونێك کە خۆی لە هندوستان بوو، تاعوون گسکی لە ماڵیان داو هەر کەسێکی تێدابوو کوشتی. پاش چەند ساڵێك کە گەڕایەوە، سەیری کرد ماڵ چۆڵ و هۆڵە، تەنیا دادە یاسەمەن بوو کە بە لەقەلەق بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. هێشتا جل و بەرگی خوشك و براکانی لە گەنجینەکەدا لەناو یەغدانەکاندا تەپێنرا بوونە سەریەك. هێشتا ئەو قالیچە وێنەدارەی کە خوشکەکەی دایمەزراندبوو بە نیوەچڵی بەدارەوە هەڵواسرابوو.
تا لەگەڵ سودابەدا زەماوەنی نەکردبوو وەکو شێتان وابوو. لێ ئەشقی سودابە ژیانی گوڕی و پەیوەندی دەگەڵ ژیاندا تازەکردەوە. خۆشەویستی سودابە داغی گەورەی ماڵباتەکەیانی لە دڵ لابرد. بەڵام هێشتا سێ مانگ

نەبووری بوو کە سودابە وەناقی گرت و مردو هەموو دڵی داغ کرد.
ئەم کۆستە سەید حەسەن خانی تەواو پەرێشان کرد. مەرگی سودابە کە بە بەرچاوی خۆیەوە رووی دابوو و بە دەستەکانی خۆی چاوەکانی لێك نابوو، دڵی تۆران و ناچار بۆ فەرامۆشکردنی ئەم مسیبەتە دەستەو دامێنی تلیاك و عەرەق کەوت. هەرچەندە دڵی گەلەك لاواز بوو و ئەم دوو شتەش بۆ ئەو وەکو ژار بوون لێ تلیاك و عەرەق مژۆلیان دەکرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە بێدار بوایە کەیفی تلیاك لە نێوان بێهوشی و بێداریدا رای دەگرت. هەمووشتێکی دەبینی لێ هەستی بەهیچ نەدەکرد لەو کاتانەدا تەنانەت سەبارەت بەراسو – ش هەر خەمسارد دەبوو. کاتێ کە وافورەکەی لە عاردی دادەناو پاڵی بە سەرینەکەیەوە دەدا، بەدەنی لە بێهەستیدا وەکو ئەوە وابوو کە ساڵانێك بێ لەژێر گوشاری بەردا مابێتەوە و توانای جوڵەی نەبوو. هەندێ جار هێندەی تلیاك دەکێشا کە بە درێژایی رۆژەکە وەکو مردوو لە نێو عوروسی یەکەدا دەکەوت.
کە دادە یاسەمەن بۆ کۆکردنەوەی تفاقی چایەکە وەژوور کەوت، ژوورەکە یەکپارچە دووکەڵ بوو. سەید حەسەن خان لە نێو شانشینەکەدا، لەسەر دۆشەکەڵەکەی پاڵی بە پشتییەکەوە دابوو چاوانی وەکو چاوانی نەخۆشێکی گیان بەسەر، کرابووەوە بە تاق و جووت کەوتبوو و توانای جووڵەی نەبوو. وەکو ئەوە وابوو کە ماوەیەك بێ مرد بێ، دەستەکانی لەژێریدا رەق بوو بوو. دەموچاوی ڕەنگی مۆمی گرتبوو. راسو–ش لە بەرانبەری، وەکو ئەوە بوو تۆپی بێ وشك بوو بێ، هەر چوارپەلی لێ راکێشا بوو، بە تەنیشت دا خەوتبوو، جووڵەی نەدەکرد. وا دەهاتە بەرچاو کە شتاقیان زندوو نەبێ.
لێ هەردوکیان زندوو بوون و سەید حەسەن خان هەمووشتێکی دەبینی. بەڵام توانای ئەوەی نەبوو تەنانەت بەویستی خۆی پێڵووی چاوەکانیشی بجووڵێنێ. هەندێ جار کە پێڵووەکانی دادەهاتنەوەو چاوانی وەکو چاوانی مردوو بە نیوەکراوەیی دەمایەوە توانای هەڵبڕینیانی نەبوو.
مێشکی ئاوسابوو، لەناوەوە گوشاری بۆ دیواری کاسە سەری دێنا. بەدەنی مێروولەی دەکرد. توانای هیچ کارو هیچ خەیاڵێکی نەمابوو. راسو – ش بەهەمان شێوە لەسەر لا پاڵ کەوتبوو، جارجاریش بە چاوانی نوقاو و سیمای خەواڵووەوە، زمانێکی بە دەمولموزی خۆیدا دێنا و لیکاوەکەی دەمی قووت دەدایەوە و سووکە ئاهێکی دەنگداری هەڵدەکێشا.
دادە یاسەمەن چاوی بە راسودا هەڵنەدەهات و گەر بیتوانایە بە دەستی خۆی خەفەی دەکرد. چونکە دەیبینی هەرچی زەحمەتێك کە ئەو دەیکێشا، ئاسودەییەکەی راسو دەیبرد. هەر پارچە گۆشتێك لەسەر سفرەکە مابا‌وە هی راسو بوو. کوێ زۆر رەحەت و ئاسوودە بوو راسو لەوێندەر دەنووست. سەید حەسەن خان هەوەڵجار خواردنی دەنایە بەر راسو پاشان بۆ خۆی دادەنا. دادە یاسەمەن کە دەیبینی راسو لە شانشینەکەدا جێی خۆشکردوەو مەست و خۆشحاڵی تلیاکە و لەولاشەوە تەمەشای خۆی دەکرد و دەیبینی کە تەمەنێك زەحمەتی کێشاوە و ئێستاش رۆژ و رۆژگاری لە سەگێك–ش کەمترە، لە داخ و حەسوودیدا گڕی دەگرت و خەریك بوو لە سوێیاندا بتەقێ. هێندە بە رق و حەسوودییەوە دەیڕوانی یە هەناسە هەڵکێشان و ئاسوودەیی راسو بەو بوایە لەقەیەکی توندی بەسەر دڵیدا بکێشایەو دەم و دەست بیتۆپێنێ. هەندێ جار لەپشت دەرگاکەوە گوێی هەڵدەخست و دەیژنەوت کە چۆن سەید حەسەن خان بە قوربان و بەساقەی راسو دەبێ. لە داخا لێوی خۆی دەگەست، بەڵام چ چارەیەکی نەبوو.
ئەمشەو شەوی سێیەم بوو کە سەید حەسەن خان لە دەستی راسو هەراسان و خەوزڕاو بوو. سەگێك کە ژیانێکی رێك و پێکی هەبوو و بەهیچ جۆرێ مایەی نارەحەتی نەبوو. سێ شەوبوو خەو نەچووبووە چاوی و خەوی

خاوەنەکەشی زڕاندبوو. ئەمشەویش وەکو دوێنێ شەو و پێرێ شەو بەردەوام خەریکی دەرگاکەبوو و بە چنگ دەیڕووشاند.
دەیویست بچێتە دەرەوە، لێ چونکە دەرگا داخرابوو هەموو جارێك بە نائومێدی دەهاتەوە لای جێگەکەی سەید حەسەن خان و بەسیمای پاڕانەوە ئامێز و پڕ چاوەنۆڕی تەمەشای دەکرد و سەروکلکی بۆ بادەداو دەیویست کە هەستێ و دەرگاکەی بۆ بکاتەوە تا بچێتە دەرەوە.
تاریکییەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. سەید حەسەن خان لەسەر گازی پشت راکشابوو، رێك دەیڕوانییە بن میچەکە. ئەو هۆی بێتاقەتییەکەی راسوی بەباشی دەزانی، لێ جورئەتی باوەڕکردنی نەبوو. نەیدەویست و نەیدەتوانی باوەڕبکات کە راسو-ی عەزیزو دوڕدانەی ئەو مەست بووە و بێتاقەت و عەوداڵی گۆڵە. دەیزانی کە راسو هەوڵدەدا بچێتە دەرێ و لەگەڵ سەگانی کۆڵان ئاشقێنی بکات.
ئەم حەقیقەتە بە سوێ و حەسوودی ورووژێنە ئازاری دەدا" چونکە بە جۆرێ هۆگری راسو بوو بوو کە رازی نەدەبوو جگە لەو ئاشقێنی و خۆشەویستی دەگەڵ کەسی دیدا بکات. ئەو لە لای خۆیەوە ئەوەی بڕانبووەوە کە راسو هەرچییەکی دەوێ دەبێ لەوی بوێ نەك لە غەیری ئەو. لە چاوی ئەودا راسو سەگ نەبوو تا ئاتاجی پێداویستییە سەگییەکان بێ، بەڵکو کچۆڵەیەکی بە هۆش و بە سۆز بوو، کە خۆشبەختانە لە شێوەی سەگدا هەڵکەوتبوو و بوو بوو بەهاوڕێی ژینی ئەو. لە دنیادا دڵی تەنیا بە راسو خۆش کردبوو کە ئەویش خەریك بوو لە دەستی دەڕۆیی. رەقیبانی بە تواناتر ئەویان (راسو) لەڕێ دەرکرد بوو و کاری سەید حەسەن خان گەیی بووە کوێرە کۆڵان.
بە ئەسپایی و بەدەنگی گلەیی ئامێزەوە راسوی گازکرد:
(راسوی من، کچوڵە جوانەکەی من، تۆچەند بێوەفای؟ چماتۆ بنیادەمی؟ خۆ تۆ بنیادەم نەبووی، لێ بووی بە بنیادەم؟)
راسو کە لەم کاتەدا بە ئەدەب و نەزاکەتەوە لە نزیکی تەختەکەی ئەو دانیشتبوو، یەکسەر هەستاو چووە بەردەمی و وەکو هەمیشە سەری نایە سەر دۆشەکەکەی. سەید حەسەن خان بەزەحمەت خۆی خستە سەر لاو گوێی ئەوی خستە ناو دەستی و دووبارە بە ئەسپایی و بە ئازارەوە گوتی:
(کیژۆڵەکەی من !)
راسو زاری کردەوە و سەری زمانی بە لمۆزی خۆیدا سوو. ئەوجا سەری لەسەر دۆشەکەکە هەڵبڕی و دەستی سەید حەسەن خانی لستەوە. ئەوجا بێدەنگ و غەمگین لە هەمان شوێندا هەڵتووتاو لە تاریکییەکەوە روانییە سەید حەسەن خان.
گەرمی بەدەنی راسو و زندوو بوونی پێست و تووکی ئەوو، ئەوەی کە ئیدی دڵی ئەو بە جێیەکی دیکەوە بەندە وەها دڵی گوشی کە نوکی کەپووی تزاویەوە و قورسایی توێژێکی ناسکی فرمێسکی گەرم گەرمی لە چاوانیدا هەست پێکرد. لەرەی فرمێسکەکە تاریکییە هەرە خەستەکەی شەوی لەبەر چاویدا هێنایە رەقسین. و لەو تاریکی یە لەرزیوەدا چاوانی درەخشان و ئاشنای راسو وەکو دوو بنە مۆمی کەم رووناکی کە لەبنی بیرێکدا عەکس بوو بێتەوە، لەبەر چاوی دەبریسکایەوە.
(وەرە بەرەوە بەسەزمان. تۆش وەکو بنیادەم گیرۆدەی شەهوەت و ئارەزوویت؟ ئەم کارو ئەتوارانە بۆ خەڵکانی شارستانی کە دەیانەوێ توخم و تۆویان لە دنیادا بمێنێ و میراتی یەکەیان بخۆن باشە" تۆ بێچووت بۆچییە؟ بێچووەکانی تۆ سبەینێ لە پەناو پاسارو کۆڵانان لەسەر زبڵدانان، هێشتا چاویان نەپشکوتوە کە منالانی کوچەو

کۆڵان پەت دەکەنە ملیان و بەدووی خۆیاندا رایان دەکێشن. من تۆم لەکوێ پەیداکرد؟ خۆ بێچووەکانت ئەگەر گەورەش بن لەبەر دوکانی قەسابان و لەبەر قەسابخانەکاندا هێندەیان لەقە بەلاتەنگەدا دەکێشن کە خوێن هەڵێنن... بەڵام من، من کە هەمیشە خۆم لە هۆگر بوون و دڵبەستەگی دەدزییەوە ئێستا دەبینم کە ئەوەی لێی دەترسام هاتە ڕێم. تۆش زۆرت مەرحەمەت لەگەڵ کردم کە تا ئێستا لەگەڵم ژیای. ئەگەر تۆ نەبووایەی کێ لەگەڵ مندا هەڵیدەکرد؟ پێدەچێت من نەفرەتم لێکرابێ. لەوەیە دایکم دۆعای لێ کردبم، کە بەمراد نەگەی. ئەگەر من بەختم هەبووایە سودابە-م بەو هەموو نازەنینییەوە لەدەست نەدەچوو.
ئەگەر من تالحم هەبووایە بۆچی لاقیان دەبڕیمەوە؟ ئەگەر من شانسم هەبووایە لەم دنیا پان و بەرینەدا دڵم تەنیا بەتۆ خۆش نەدەکرد کە تۆش سەر هەڵبگری و تاوی بەرت بدا لە سەرت.)
گرێ خزەکەی بناگوێی راسو لەژێر قامکانی کەم هێزی ئەودا دەسووڕا و بەرز و نزم دەبووەوە و هەندێ جار شوێنەکەی گوم دەکرد. نەو راسۆ دوو هێندە لەبەر چاوی خۆشەویست بوو بوو. خەیاڵی دووری راسو و تەنیایی ئایندەی ئازاری دەدا. بۆ ساتێك بیری لە خۆکوژی کردەوە" دەیبینی تەنانەت سەگێکیش بەوە ڕازی نییە کە لەگەڵ ویدا بژی.
لە بەردەم خۆیدا زۆر بچووك و سووك بوو بوو. لێ لەم بیرە ترسا و لەنکاودا بۆنی توندی ئەو کلۆرۆفۆرمەی کە لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبای، کاتێ دەیانویست لاقی ببڕنەوە، دابوویان لە کەپووی بەسەرداهاتەوە. سەری گێژ بوو و گوشارو وێك هاتنەوەیەکی بە ئازاری لە خۆیدا هەست پێکرد.
چەند جارێکی یەك دوای یەك گوێی راسوی گوشی جێی دەستی گۆڕی و لمۆزی گرت.
(دەمەوێ بزانم کە تۆ لە جیهانی حەیوانیەتی خۆتدا لەم ماوەیەدا بۆت دەرنەکەوتووە کە لەم دنیایەدا لەمن بەدبەختترو بێکەستر کەس نییە؟)
دەنگی نووزکانی پەیتاپەیتای چەند سەگێك وەکو ناڵەیەکی دوور و درێژ کە لەسەرمادا بێ، لە دەرێ ڕا هاتە گوێ. دەنگێکی پڕ ئارەزو و پاڕانەوە بوو کە لە دوورەوە لمۆزی راسوی لەدەستی سەید حەسەن خان دەرهێناو بەرەو دەرگاکەی وەرگێڕا. راسو بە جووڵەیەك کە سەید حەسەن خان تا ئەو ساتە وێنەی نەدیتبوو، بەرەو دەرگا غاریدا. دەنگی چرنۆك گرتنی لە دەرگاکە وەکو دەنگی چەقۆیەك بوو کە بەسەر چینی شکاویدا بێنی، و موچورکی بە گیانی سەید حەسەن خان دا دێنا.
(راسو ! راسو !)
سەید حەسەن خان تێی خوڕی.
لێ راسۆ لە ئاستانەی دەرگاکەدا راکشابوو و لمۆزی بە درزی دەرگاکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. رەنگە بۆ یەکەمجار فەرمانی ئەوی پشت گوێ خستبووبێ. سەید حەسەن خان لەخۆی تەریق بووەوە. وای هاتە بەرچاو کە میچی ژوورەکە بە سەریدا رووخاو قورساییەکی خنکێنەر کەوتە سەر سینگی.
(من نابێ ئەم حەیوانە ئەزییەت بدەم. ئەویش وەکو هەموو بنیادەمان هەوەس و ئارەزووی هەیە. ئەمیش خەریکە بەرە بەرە دەبێ بە بنیادەم... بەڵام چیدی بەکاری من نایەت. کاتێ لەوتاو لەزەتی نێری چەشت و سکی بەرز بووەوە ئیدی ناتوانێ من مژوول و سەر گەرم بکات. بەڵام ئەمەش ئینساف نییە کە ئەم بەستەزمانیە حەپسبکەم. تۆ خۆت مەگەر لە یادت چووە چ زەحمەتێکت لە پێناوی سودابەدا کێشاو چ دەردێکت خوارد؟ تا تۆ ماوی ئیدی دڵ بە کەس نەدەی تا چاوت کوێر بێ.)
ئەوشەوە نەخەوت و هەموو شەوەکەی بە وەنەوز و خەوە نوتکێی پچڕ پچڕ گەیاندە سپێدە و دەمەدەمی بەیانی

بوو کە لە جێ هەستا. بڕیاری خۆی دابوو.
ئەم شەو هەستانەی بەلاوە نا ئاسایی و قورس بوو. دار شەقەکانی لەسەر تەختەکە هەڵگرت و بە کۆمەکی ئەوان ڕاست بووەوە. ئەوجا فەروەکەشی لە پاییینی دۆشەکەکەیەوە هەڵگرت و دای بە شانی دا ! پاشان گوشاری خستە سەر دارشەقەکان و هەستاو بەسینگی پێی ڕاستی کەمێ لەولاترەوە لەسەر تەختەکەی هاتە خوارێ.
ڕاسو هەڵبەزو دابەزێکی کردو کەوتە کلکە سوتێ لەبەردەمیدا.
کە لە قاڵدرمەکانی عیمارەتەکە هاتە خوارێ و گەییە باخەکە دڵی لە سینگیدا لێی دەدا. ساڵانێك بوو کە وەکو ئەو شەوە خێراو بە ناچاری ڕێی نەکردبوو، ئەرکێکی بەو قورسییە ئەنجام نەدابوو. ساڵانێك بوو کە هەستی ئەرکی لە خۆیدا کوشتبوو، بەتەواوەتی لێی بێزار بوو. هەرشتێك بۆنی ئەرك و کاری لێهاتبووایە لێی هەڵدەهات و بە جۆرێ لێی دەڕەوییەوە وەکو جن لە بیسمیلا.
لەسەر قاڵدرمەکان ڕۆنیشت و دارشەقەکانی لەتەنیشت خۆیەوە دانا. دڵی بەتوندی لێی دەدا، وەکو باڵندەیەکی کێوی کە هێشتا بەکەش و هەوای قەفەز ڕانەهاتبێ، لە ناوەوە بە دیواری پەراسووەکانیدا دەکەوت و دەنگی دەهۆڵێکی لێدەهات کە چەرمەکەی شێی وەرگرتبێ. گۆشەی لێوەکانی داچەکی بوو. هێشتا هەرهەمان ڕووگرژی هەمیشەیی لە سیمایدا قاڵبی گرتبوو.
بارانێکی وردو توند لە هەورێن کەوەیی پاییز دەباری. دەنگی سڕ ئامێزو یەکنەوای دڵۆپەی وردی باران کە بەر گەڵای ووشکی چنارو گەڵای چڕی سوژن ئاسای سەر سەوزی کاژ دەکەوت، ترسێکی مالیخولیایی سەیری لەدەرون و ناخی ئەودا بەرپاکرد بوو. دەنگی تەپەتەپی باڵ و قرەقرِی هێواشی قەلان کە باران لە جێی خۆیان تەرەی کردبوو دەگەییەگوێ. لێ ئەو نەگوێی بە ساردی ئەو دڵۆپە بارانانە دەدا کە بەر سەرو رووی دەکەوت و نە گوێی بە دەنگی نا ئاشنای قەلەکان دەدا. هۆش و حەواسی تەنیا لە یەك شوێن بوو، هۆشی لە یەك شوێن و لای یەك شت بوو. تەنیا لای دەرکەی باخەکە بوو کە ڕوو بەڕووی ئەو لەژێر گەڵای لاولاودا وون بووبوو، و لەلای لورە و نوزکەی سەگەکانی پشت دەرگاکە بوو.
دەنگی لێدانی دڵی لەگەڵ دەنگی ڕێژنەی باران و فڕکە فڕکی باڵی قەلان و دەنگی شەوو نوزکە نوزکی سەگاندا ئاهەنگێکی نە سازی لە یادو یادەوەریدا بەرپاکرد بوو. لەم ماوەیەدا سەیری کرد ڕاسو–ش لە لایەوە نەمابوو.
لەسەر قاڵدرمەکان هەستاو بەلەز ڕوەو دەرکەی باخەکە وەڕێ کەوت. بەسەر هەردوو دارشەقەکەیەوە بەرز دەبوەوە و تۆزێك بە حەواوە وەردەچەرخاو دەچووە پێشێ باڵا بەرزو چەماوە بوو. هەیکەلێکی تاریك تر لەشەو هاماجی تاری شەق دەکردو دەچووە پێشێ. یەکنەوا و بە ئازارەوە ڕێی دەکرد، دەنگی ووشکی چەووی ناو باغەکە لەژێر دارشەقەکانی دا خشەخشی دەکرد قۆڵی فەروەکەی کە سەری دەستەکانی ریشاڵ ریشاڵ بووبوو و لە ئەستۆیەکی بڕیاگ دەچوو کە خوێنی لێ بچۆڕێ، بەم لاو بەولادا بە ئاسمانەوە تەکانی دەخوارد. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:
(ئایا بە ڕاستی مرۆڤی نوقسان پتر لە مردووانەوە نزیك نییە تالە زندووان؟ من نیوەی ڕێگەی مردنم بڕیوە ونیوەکەی تری ماوە.)
ڕاسو لەسەر زەوی گڵینی باخەکە درێژ بووبوو و لمۆزی بەدرزی دەرگا گەورەکەی باخەکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. دەنگی مڕە مڕو قروسکەو نوزکەی پچڕ پچڕی چەند سەگێکی دی لەو دیوو دەرگاکەوە دەهات. سەید حەسەن کە لە دەرگاکە نزیك کەوتەوە تا بیکاتەوە، ڕاسو هەستاو بازرەقەیەکی داو لەپشتەوە وەستا. بچوکترین نازو نەوازش نەکرا، بەڵام ئەویش هەموو هەست و هۆشی لای سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بوو. وەکو گوربەیەك

چاوەنۆڕی ڤەبوونی دەرگەی تەڵەی مشك بیّ بەگوێی قوت و سیمای سەرسام چاوی بڕی بووە دەرگای باخەکەو لێکدا لێکدا کلکی دەلەقاند. چاوەنۆڕ بوو دەرگاکە بکرێتەوە و ئەوەی کە تا ئەو کاتە نەیدەزانی چییە، ببینیّ.

لیّ دەرگاکە، درەنگتر لەوەی راسو بەتەمابوو، کرایەوە، چونکە قامکانی لاوازو بیّ توانای سەید حەسەن خان فێری کردنەوەی نەبوو. نووزکەی سەگەکان لەم کاتەدا گۆڕابوو بە دانەچیڕیّ ی تورەو مرەمری ترسناك. بەربوو بوونە یەك و یەکیان دەگەوزاندو قەپاڵیان لێکدی دەگرت.

لەنکاودا گوشارێکی توند کە بۆ سەید حەسەن خان زۆر دژوار بوو کەوتە سەر دەرگاکە. چەند سەگێك پەلاماری دەرگا داخراوەکەیان دابوو. دەنگی قورسکانی بە ئازاری یەکێکیان کە ئازاری پیّ گەیی بوو و دەنگی بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە دەگەییە گویّ. سەید حەسەن خان هەموو قورسایی بەدەنی دابوو بەسەر دەرگاکەدا و پاڵی پێوە دەنا. یەکێك لە دارشەقەکانی کەوتبووە عاردی. لەشی دەلەرزی و هەناسە بڕکیّ ی پیّ کەوتبوو.

بە هەولّ و تەقەللایەك کە لە ژیانیا لەو بابەتە تەقەللایەی نەدا بوو، بەیەك لاق و یەك دارشەق هاوسەنگی خۆی راگرتبوو و پاڵی بە دەرگاکەوە دەنا.

لە پڕ سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بێدەنگ بوون. سەید حەسەن خان قەیریّ وەستا و چونکە دەنگی ئەوان بڕا هەراسان بوو. وایزانی سەگەکان هەستیان بەو کردوبوو هەلاّتبوون. بۆیە گوشاری خستە سەر دارشەقەکەی و خۆی پیّ راگرت، بە ئەسپایی و بە پارێزەوە دەرگای تۆزیّ کردەوە. هاماجی تاریکی کۆلانەکە رژایە ناو چڕە تاریکی یەکەی هاماجی باخەکە و تێکەلّ بوون. لەپڕ هەوەڵجار لمۆز و پاشان سەروکەللەی سەگێکی زەلام بە دوو چاوی بریقەداری بیّ حەیاو مەغرور و نەترسەوە لە درزی دەرگاکەوە هاتە ژووریّ و سەری کێشایە ناو باغەکە. سەید حەسەن خان دڵی رەق بوو" وەکو ئەوەی بیەویّ بەورێك بخاتە داوەوە، خۆی لەپشت تاکێکی دەرگاکە قایم کردو تۆزیّ لای دەرگاکەی کردەوە. سەگە نامۆکە بیّ ئەوەی گویّ بەو بدا گوێی قووت کردنەوەو بە تەکانێك خۆی گەیاندە راسو. هێشتا سەرو کەللەی سەگی دووەم لە درزی دەرگاکە نەهاتبووە ژووریّ کە سەید حەسەن خان بە گورج و گوڵییەکی مندالانەوە دەرگاکەی دا بەیەکاو کیلۆنی دا. ئەو تەنیا یەکێکی دەویست و ئەو یەکەشی خستبووە داوەوە.

دەنگی رێژنەی شەلاق ئاساو بەردەوامی دلۆپەی باران بەسەر لق و پۆپی دارکاژەکان و گەلاّی ووشکی چنارەوە وەکو دەنگی پەرەمێز پیاوی مەنگ دەکرد. سەید حەسەن خان تەواو بیّ تاقەت بووبوو. دڵی بە شێوەیەکی نا ئاسایی و بە لەز لێی دەدا و هەستی بە ئازارێکی توند دەکرد. بەدەنی لە عارەقەدا هەڵکشابوو و دەسووتایەوە. بیّ ویستی خۆی لەناو دەرگاکەدا دانیشت و پاڵی بە دەرگای باخەکەوەدا.

ئەم جەزرەبەیە بۆ ئەو زۆر قورس بوو و لەتەحەمول بەدەر بوو. بەلاّم لە ناخی دڵیدا ڕازی بوو. ئیدی چ مەسئولیەتێکی لەسەر نەبوو کارو ئەرکی خۆی تا کۆتایی ئەنجام دابوو. لیّ تەمبەڵی و سستی بەدەنی خۆی دەیڕەنجاند. لێدانی دڵ ئازاری دەدا، هەناسەی تا گەروی دەهات و لە هەمان شوێن دا رۆدەچوو و نەدەهاتەوە سەری. هەستی بە ترسێکی مەرگ ئامێز دەکرد. دیسان هەمان بۆنی کلۆرۆفۆرمی کە لە خەستەخانەی (جی جی هۆسپیتالّ) بە کەپویانەوە کردبوو، بەسەریا هات. لەو شوێنەی کە دانیشتبوو بەردێکی نوك تیژی لەژێردا بوو و جێگەکەی نارەحەت تر کردبوو، لیّ هەرچی هەوڵیدا جێگەکەی بگۆڕیّ نەیتوانی. بەردە نوك تیژەکە هەر لەژێریدا بوو و ئازاری دەداو ئەو توانای جولاّنی نەبوو.

دنیا بەیانی دابوو، لیّ باران بەهەمان توندی سپێدە دەباری. ئاسمان هەور بوو. ئێستا بریسك و هوڕی چەوی ناو باخەکە لەبەر روناکی بەیاندا دەبینرا. سەری حەوزەکە وەکو مەنجەڵە ئاوی وەجۆش هاتگ قوڵە قوڵە

هەڵدەبەزییەوەو دڵۆپە بارانەکانی قووت دەدا. قەلەکان کەوتبوونەفڕین و دەنگیان کراوەترو ناخۆشتر بوو بوو.
دەنگی کشداری (حی علیٰ خیر العمل)ێکی خەواڵوو و کز لە دوورەوە دەگەییە گویٚ.
سەید حەسەن خان لەپشت دەرگای باخەکەوە گرمۆڵە بوو بوو، بەدەنی لە باراندا تەڕ بوو بوو سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بوو بووەوەو دەموچاوی نەدەبینرا. لەبەر دەمیاو لە دووری دوو شەقاوان، راسوی خۆڵاوی بە سیمای کوتەك خواردووی مایەی بەزەییەوە لەگەڵ سەگێکی بێگانەدا تابن نووسابوون و هیچ شەرمێکیان لە بوونی ئادەمیزادێکی گرمۆڵەی دوو شەقاوی خۆیانەوە نەبوو.

پەراوێز:
*- عوروسی جۆرە پەنجەرەیەکە کە هەڵدەدرێتەوە.
سەرچاوە:
خیمە شب بازی چاپ پنجم ١٣٥٤
صادق چوبك ص٨٩-ص١٣٧

## ٥- لالە

لە بەیانی زووەوە گەواڵە هەوران دەهاتن و دەچوون. بایەکی ساردی ناخۆشی دەهات. ژێر درەختەکان پڕبوون لە گەڵای وەریو. گەڵا زەردەکان ناوە ناوە لە درەختەکان دەوەرین و بەدەم نەرمە سەماوە دەکەوتنە عاردی، پۆلە قەلەرەشێك بە قاڕەقاڕ بەرەو شوێنێکی نادیار دەرۆیی. خانووی دێهاتەکان لە دوورەوە وەکو قاوغە شخارتەی لەسەر یەك هەڵچنراو، بە پەنجەرەی رەش هەڵگەڕاو و بەبێ دەرگا وا دەهاتنە بەرچاو کە موەقەت دروست کرابن.
خوداداد، بەڕدێن و سمێڵی بۆزەوە، گورج و گۆڵ و دڵ وریاو زیتەڵە، هەنگاوی مکومی دەناو هەستی دەکرد هێزو گوڕێکی تازە دەڕژێتە دەمارەکانییەوە. بە رواڵەت چاوی لە جادە شێدارەکەی باوەشی پێدەشتەکەی بەردەمی بوو. بایەکە گەشکەی بە پێستی لەشی دەدا. وای دەهاتە بەرچاو کە درەختەکان دەرەقسن. قەلەرەشەکان مژدەی شادییان بۆ دەهێناو هەموو تەبیعەت لەبەرچاوی جوان و رەنگین و رووخۆش بوو. بوخچەیەکی موقەلەمی لەبن هەنگڵی نابوو، بە خۆیەوەی چەسپاندبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەر هەنگاوێکی دەنا، بەلەکە سفتەکانی لە ژێر دەلنگی پانتۆڵە رەشە دەڵبەکەیەوە بەدیار دەکەوتن.
جلەکانی شینی ئاسمانی بوو، کڵاوێکی لبادی ئامال زەردی لەسەر بوو، خوداداد، پیاوێکی شەست ساڵان بوو، پیاوێکی بە هەیکەل و ئێسقان ئەستوور بوو، باڵا بەرزو چاوگەش بوو، کونجی قەناعەتی گرتبوو و، نزیکەی بیست ساڵێك بوو خەڵکی دەماوەند نەیان دیبوو. خوداداد لەلای کانی عەلا لەسەر رێگەی (مازندەران) کوخێکی لەبەردو گڵ بۆخۆی دروست کردبوو، بیست ساڵێك بوو بە تاقی تەنیا دەژیا. بە دەستە زبرولپرەکانی خۆی زەوی دەکێڵا، ئاوی دەدا، دای دەچاندو درەوی دەکرد" هەمان کار کە باب و باپیرانی دەیانکرد.
جێی هەشتا (ربە) تۆوی بە میرات پێ بڕابوو، کە لە نەهاتە ساڵێك دا نیوەی پتری فرۆشتبوو، نووکە بە بەروبوومی ئەو پارچە زەوییە بچوکەی کە بۆی ماوبووەوە، ژیانێکی خۆشی دەقەتاند.
ئەوەی کە ببووە مایەی سەرسامی هەمووان ئەمە بوو کە خوداداد لەو (٢-٣) ساڵەی ئاخیردا، لە گوندەکان و بەزۆری لە بازێری دەماوەندا دەبینرا کە پارچەی ژنانە، قەندو چاو وردە شتی دەکڕی. زۆر کەسیش لە کێوەکانی دەوروبەری ئاوە گەرم و جابن و گیلیلاردا، لەگەڵ کچۆڵەیەکی قەرەجدا دیتبوویان، چوار ساڵێك لەوەوپێش، لە شەوێکی ساردو تۆف دا، وەختێ خوداداد فوی لە چراکەی کردو چووە نێو جێگاوە، گوێی لە دەنگێکی غەریب بوو: ناڵەو فریادی پچڕپچڕ کە هیچ مەعلوم نەبوو دەنگی گیاندارە یان ئادەمیزاد.
دەنگەکە بەرەبەرە نزیك دەبۆوە. لە پڕ لە دەرگەی کوختەکەی ئەویان دا. (خوداداد) کە نە لە گورگ و نە لە دێو دەترسا، هەستا، دانیشت، هەستی کرد تنۆکە ئارەقێکی سارد بە گازەرای پشتی دا چۆڕایەوە.
هەرچەندە پرسی کێی؟ چت دەوی؟ چ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، کە چووەوە نێو جێگاو چاوی چووە خەو دووبارە لە دەرکەیان دایەوە، بەدەستی لەرزۆك چراکەی هەڵکرد، ئەو سیکارتە زلەی کە بۆ چڵ و چێو شکاندن بە دیوارەکەیەوە هەڵواسی بوو، هەڵگرت و بە گورجی دەرگاکەی کردەوە. دیقەتی دا کچۆڵەیەکی قەرەجی سوور پۆش لەبەر دەرگادا وەستاوەو فرمێسك بەسەر گۆناکانییەوە مەییوەو دەلەرزێ. هێندەی دی سەرسام بوو، خوداداد سیکارتەکەی توڕدایە سوچێکی ژوورەکەو دەستی کچۆڵەکەی گرت و بردییە ژوورەوە. هاڵاوی ئاگرەکە کچۆڵەکەی گەرم کردەوە، پاشان خوداداد بە جلە کۆنی خۆی جێگایەکی بۆ دروست کرد.
سبەی بەیانی، هەر پرسیارێکی لێکرد، بێ ئەنجام بوو، دەتوت کچۆڵەکە سوێنی خواردووە چ شتێك دەربارەی خۆی نەڵێ و نەدرکێنێ. بۆیە خوداداد ناوی لاڵ یان لالوی لێنا، ئەم ناوە بەرە بەرە بوو بە لالە. ئەوەی غەریب

بوو ئەوەبوو کە وەختەکە وەختی گەرمیان و کوێستانی قەرەجان نەبوو، خودادادا، نەیدەزانی ئەم کچۆڵەیە لە کوێوە هاتبوو. لە کوختەکەی وەدەرکەوت و شوێن پێی کچۆڵەکەی هەڵگرت، بەڵام شوێن پێیەکانی لەسەر گەڵاوەریوەکان وون دەبوو، لە ئاشەوانەکەی (کانی عەلا)ی پرسی، ئەویش هیچی لێنەدەزانی، ئەنجام لێبڕا کچۆڵەکە لای خۆی راگریّ و ئاگاداری بکا تا کەسوکارو خاوەنی پەیدا دەبن.

لالە، کچۆڵەیەکی دە –دوازدە ساڵەی گەنم رەنگ بوو، دەموچاوی ناسك و چاوەکانی گەش و لەبەر دڵان بوو، خاڵیان لەسەر دەست و تەختی هەنیەی کوتا بوو. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لە نك خوداداد مایەوە، خوداداد پرسیاری کەسوکاری لالەی لە هەموو قەرەجەکان کرد، لیّ هیچ یەکێك لە قەرەجەکان نەیان ناسی. خودادادیش وای لێهات حەزی نەکرد لالە لە دەست بدا! وەکو رۆڵەیەکی خۆی گلی دایەوەو بەرەبەرە خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرهەق پەیدا کرد. خۆشەویستی باب و جگەرگۆشە نا، بەڵکو هی ژن و مێردان.

هەر کە وەسوەسەی ئەشق لە کەللەی دا، پەردەیەکی کرد بە ناوبڕەی ژوورەکە تا شوێن نوستنیان لێکدی جودا بیّ. ئەوەی لە هەموو شت خراتربوو، ئەوەبوو کە لالە بە (خوداداد)ی دەوت بابەو هەر جاریّ بە بابە گازی کردبا ئیدی حاڵی خراپ دەبوو، رۆژیّ خودادادا دەگەڕایەوە ماڵیّ، سەیری کرد دوو مریشکی سەربەکڵاو لەبەردەم کوختەکەیدا چینە دەکەن.

هەرچەندە خوداداد ئامۆژگاری لالەی دەکرد کە دزی کارێکی دزێوەو لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێی، بزەیەکی لاسارانە دەکەوتە سەرلێوی و هەر جارەی بە هەنجەتێك خۆی لەم چەشنە گفتوگۆیە دەرباز دەکرد.

لالە زۆری کەیف بە گەشت و گەڕان دەهات. خۆ ئەگەر (٢–٣) رۆژێك باران بووایە بە ناچاری لە کوختەکەدا مابووایەوە ئیدی دڵتەنگ و غەمین دەبوو، لیّ لە رۆژانی خۆشیاندا یان لەگەڵ (خوداداد)یان بە تەنیّ دەچووە گەشت و گەڕان.

زۆربەی کات بە تەنیّ دەڕۆیی و هەر ئەمەش گومانی لای خوداداد چێدەکرد.

چونکە (٢–٣) جاران عەباسی شوانی لەگەڵ لالەدا دیتبوو، و عەباسی بە رەقیبی خۆی دەزانی. تەنانەت رۆژێك دیتبووی کە عەباس توتڕکی دەچنی و دەیکردە دەمی لالەوە، هەر بۆ شەوەکەی کەوتبووە سەرکۆنەکردنی لالە، کە نابیّ لەگەڵ پیاوی غەریبەدا قسان بکات. فرمێسك لەچاوی لالەدا قەتیس مان و دڵی دێهاتیانەی خوداداد پڕبوو. دایکی عەباس دووجاران هاتبووە خوازبێنی لالە بۆ کوڕەکەی، لیّ خوداداد جوابی دابووەوە کە گوایە لالە هێشتا منداڵە. لەبەر خۆیەوە وای بیردەکردەوە کە ئەم عەباسە تەمەڵ و تەوەزەلە دەبیّ بە میرات گری ئەوو هەرچی سەروەت و سامانێك کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا پێکەوەی ناوە دەبیّ بەهی ئەو. ئەوجا رۆحی باب و باپیرانی چ بەو دەڵێن! لە بری میراتگر، زەلامێکی بیّ سەروبەری هەڵبژاردووە کە ناتوانیّ زەوییەکە خزمەت بکاو دای بچێنیّ. ئەمە جگە لەوەی کچێك کە بەخۆی داڵدەی داوە، نانی داوەتیّ، جلکی بۆ کڕیوە، زەحمەتی لەگەڵ کێشاوە گەورەی کردووە" عەینی وەکو درەختێکی میوەی دەهاتە بەرچاو کە خۆی پەروەردەی کردبیّ و هێنابێتە بەروزەلامێکی بێگانەی حەفتا میللەتی بەرەکەی بخوا، چما ناتوانیّ لالە بۆ خۆی بخوازیّ؟ بۆ نەو؟ لیّ هەستی دەکرد کە مەسەلەکە بەم سادەییەش نییە، رەزامەندی کیژەکەش مەرجە. ئەمە جگە لەوەی هەرچەند کیژە بە بابەی گاز دەکرد، هێندەی دی نائومێد دەبوو، زۆرجار کە شەوانە کچەکە خەوی لێدەکەوت. خوداداد چراکەی هەڵدەبڕی و قەدەرێکی تەواو بە دیارییەوە دەوەستاو سەیری دەموچاو، سینگ، مەمك و بازوەکانی دەکرد، پاشان وەکو شێت وە دەردەکەوت و دەیدایە کێو و بەندەنان و زۆر درەنگ دەگەڕایەوە، ژیانی لە نێوان ترس و هیوادا دەهات و دەچوو، ترس رێی نەدەدا ئەشقی خۆی بۆ دەربڕیّ. ئەگەر لالە بیوتبایە:کـنەو تۆ

پییری ئیدی چ چاریکی نەدەما جگە لە خۆکوژی. تاوێرە بەردێکی گەورە لە نزیکی کوختەکەی خوداداد بوو، لالە بەزۆری لەسەر ئەو تاوێرە دادەنیشت و بە لەکە سفت و سۆڵە روتەکانی پێوە دەچەسپاند و بە سەعات بەو دەقەوە دەمایەوەو جار جارە لەبن لێوانەوە سترانێکی غەمینی دەوتەوە. لێ هەر کە یەکێك لیی نزیك دەبووەوە کوتوپڕ کڕ دەبوو، خوداداد بەرێکەوت ئەم سترانەی لێ ژنەوتبوو، زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکەش گوێی لێ بێ.

ئەورۆ سبیانێ، وەختێ خوداداد دەیویست بچێتە بازێڕی دەماوەند، لالە لەسەر هەمان تاوێر دانیشتبوو، لێ لە هەموو رۆژێك شادو بە دەماخ تر بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە نەیویست دوی خوداداد بکەوێ و بچێ بۆ شاری.

خوداداد پێی وت: لەچکێکی سورت بۆ دەکڕم بزە منداڵانەو بێگەردەکەی ئۆخەی خستە دڵ و دەروونی خودادادەوە. هەر کە گەییە بازاڕە چکۆلەکەی دەماوەند بەر لە هەموو شتێك خۆی بە دوکانێکی بەزازیدا کردو لەچکێکی تەخت سووری گوڵ کەسك و زەردی کڕی. پاشان قەندوچای کڕی، هەر هەمووی لە بوخچە موقلەمەکەی ناو بەلەز رێی گەڕانەوەی بۆ کوختەکەی گرتەبەر.

بۆ خودادادی قاڵبووی رێگاوبان، هەرچەند نێوان شارو کوختەکەی دوو قۆناغە رێیان دەبوو، زۆر کەم دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە پیرو کەنەفت بوو بوو، بەڵام تازە ژیانی جۆرە مانایەکی وەرگرتبوو، بەدەم رێوەو لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: ئەم لەچکە هەر بۆ ئەوە جوانە لالە بەشانیا بدات و لچکەکانی لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێ بدات.پاشان وەك بڵێی شەرمی بە خۆی بێ، بەخۆی دەوت: دەبێ شانازی بە جوانی ئەوەوە بکەم. چونکە من لە بری بابی ئەوم و دەبێ مێردێکی چاکی بۆ بدۆزمەوە! بەڵام هەرچەندە عەباسی شوانی بیردەکەوتەوە کە لالەی خۆش دەوێ، خوێنی دەهاتە کوڵ و جۆش.

بە هەورازو نشێواندا، بە قەراغ چۆم و دۆڵانداو بەقەد پاڵ و هەڵەتاندا تێدەپەڕی. لە رێگادا کەسی نەدەدی، هەستی بە چ شتێك نەدەکرد، تەنانەت ماندووبوونی رێگاش کاری لێنەدەکرد. زۆربەی کات، وەختێ رێی دەکەوتە گوندەکانی دەوروبەر، دەیڕوانییە ئاسمان تابزانێ داخۆ باران دەبارێ یان نا. دەیڕوانییە زەوی و مەزرایان تا چاو بە حاسڵاتی خەڵکیدا بگێڕێ.

پرسیاری نرخی جۆ، گەنم، لۆبیا، قەیسی، سێو، گێلاس، زەردەلو و شتی دی دەکرد، بەڵام نەهۆ هەموو هۆش و گۆشی لەنك لالە بوو، بەروبومی ئەمساڵی زەوییەکەی چاك نەبوو، بۆیە ناچار بوو هەندێك لە پاشەکەوتەکەی خۆی خەرج بکات. بەڵام هەر هەموو ئەوە بەلای ئەوەوە تاڵێك لە قژی لالەی نەدەهێنا.

بەدەم ئەم بیرانەوە بە کەنار درەختەکاندا رەت بوو، چووە سەر ئەو جادەیەی کە کوختەکەی ئەوی کەوتبووە سەر زۆرگەکەی بەرانبەری.

کوختەکەی لە دوورەوە دەتوت دوو قاوغە شخارتەی شکاوی پێکەوە چەسپێنراوە.

پێی هەڵگرت، بوخچەکەی پتر بە خۆیەوە نوساند، بەلەز رێگەی دەبڕی، لە هەورازێکی دی رەت بوو، پێچێکی کردەوەو لەبەردەم کوختەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا، بەڵام لالە لەوێندەر نەبوو، نەلەسەر تاوێرەکە بوو نەلە ژوورەوە بوو.

هاتە بەر دەرگا، دەستی خستە ئەم لاو ئەولای دەمی، تا زاری گرتی هاواری کرد: لالە....لالە...و کەس وەڵامی نەدایەوە.

چووە دەرێ و تا دەمی گرتی گازی کرد: ک-لالە..لالو...لالو..

بانگەکەی دەنگی دایەوە: لالە... لالو...لالو ترس و واهیمەیەکی سامناکی لێ نیشت. غاریدایە سەر تاوێرەکە،

روانییە بەردەم کوختەکەی و هەموو ئەو دەوروبەرە. چ ئاسەوارێکی جل سۆری نەدی. گەڕایەوە.
وە ژوور کەوت، سندوقەکەی لالەی کردەوە، سەیری کرد ئەو جلکە تازانەی ئەمسالْ بۆی کڕی بوو. نەمابوون، خەریك بوو شێت ببێ. سەری لەو مەسەلەیە دەرنەدەکرد دیسان وەدەرکەوت، لەسەر کانی عەلاتوشی ئاخوندی گوند بوو، کلاوێکی شڕۆلەی لەسەر بوو، بە پانتۆلێکی ڕەش و کەوایەکی سێ چاکییەوە لەبن درەختێك دا دانیشتبوو، سەبیلی دەکێشا.
هێندە بە ڕقەوە روانییە خودادادزاتی نەکرد چ پرسیارێکی لێبکا. کەمێك لەولاترەوە ژنێکی چارشێو سوری بێجامە رەشی پرچ هۆنراوەی بینی کە منداڵەکەی لە کۆڵ کردبوو. ئەویش چ هەواڵێکی لالەی پێ نەبوو. خوداداد بە ناچاری گەڕایەوە.
تاریکی شەو، هەموو لایەکی گرتەوە، لالە نەهاتەوە، خوداداد چ خەون گەلێکی ناخۆشی دی، نا، هەر خەو نەچووە چاوی، کابوس، بوو، لەگەڵ بچوکترین دەنگا رادەبوو، بەخەیاڵی خۆی لالە هاتۆتەوە. زێدەتر لە دە جاران هەستا. پەردەکەی لادەدا، بە لەپەکوتێ جێگە ساردو سڕەکەی لالەی سەح دەکردەوە، دەلەرزی و دەکەت.
ئاخۆ بە تۆبزی رەدویان خستوە؟ داخۆ هەڵیان خەڵەتاندوە یان بەخۆی رۆییوە؟
سبەی بەیانی، دنیا ساف و سارد بوو. خوداداد لەچکە سۆرەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرت و چووە سۆراغ و تاقیبی لالە. لە رێگەدا هەموو خەڵکی وەك دێو و ئەژدیها دەهاتنە بەر چاوی. کێوانی شینباو و بۆر کە بەفر تا نیوەیان هاتبوو ترسیان دەخستە دڵییەوە، بۆنی پونگەی جۆگایەك هەناسەی سوار دەکرد. کە لە رێگەدا تووشی دوو کەسی دێهاتی بوو، بە شپرزەییەوە لێی پرسین: ئەرێ لالەتان نەدیتوە؟
هەوەڵجار وەیان زانی دین بووە، لێیان پرسی: کێ؟
کیژە قەرەجێك
یەکێکیان وتی: دوو رۆژە تاقمە قەرەجێك هاتوون و لە موجح دا هەڵیان داوە، دیارە مەبەستت ئەوانە! خوداداد ملی رێگەی موجحی گرت، ئەمجارەیان بە هەنگاوی هەڕاو و خێراوە نزیك بووەوە، سەیری کرد شینە زەلامێك لە کەنار جۆگەیەکدا خەوتبوو، تۆزێك لەولاترەوە ژنە قەرەجێك ساواری لە بێژنگ دەدا. ژنەکە سلاوی کردو وتی: فالْ دەگرینەوە. میروە مارانەمان هەیە، هێڵەك، بێژنگ، گوێزو...
خوداداد، شێت ئاسا گوتی: لالە، لالوت نەدیوە، نازانی لە کوێیە؟
فالْ دەگرینەوە، پێت دەڵێین.
دەی بڵێ، پارەکە دەدەم.
هەقەکەی بدە تا پێت بڵێم.
خوداداد، شەکەت بوو، دەستی بە بەڕکیدا کرد، قڕانێکی دایە ژنە قەرەجەکە. ژنەکە دەستی گرت. روانییە دەموچاوی و وتی: عەلی پشت و پەناتە. کابرا تۆ خەمێکت لە دڵدایە، چونکە شتێکت لێ گوم بووە، کە چوار ساڵی رەبەق زەحمەتت پێوە کێشاوە، نە جگەرگۆشەتەو نەلە جگەر گۆشەی خۆت کەمترت خۆش دەوێ.
خوداداد، بە چاوانی فرمێسکاوییەوە دەیڕوانییە ژنە قەرەجەکە، لە بن لێوانییەوە وتی: راستە. راستە.
.. بەڵام بە خۆڕایی خۆت خەفەتخان مەکە، چونکە ئەو کیژە لێتەوە نزیکەو لەم ناوەیە. ساغ و سەلامەتە، ئەویش تۆی خۆش گەرەکە. بەڵام بە چ دەچێ، چارەنووس کاری خۆی کردووە
چۆن، چۆن؟ تو خوایەکەت قسان بکە.
خۆت خەفەتخان مەکە، ئەو بەختەوەرە ،دەرکی ژوورەکەت بە بەتاکی جێ هێشتووەو شەیتان وەژوورەکەوتوەو

هەڵی خەڵەتاندووە.
نێوی عەباس نییە!
نەو
تۆ کێی؟ چۆن دەزانی! توبی خوا راستییەکەم پیٚ بڵیٚ، چیت دەویٚ دەتدەمیٚ.
دەستی بە بەرکیدا کردو قرانێکی دی دەرهێنا و نایە مستی قەرەجەکە. بەڵام لەوکاتەدا سەیری کرد، پەردەی رەشماڵەکەی تەنیشتەوە لادراو لالە وەدەرکەوت، هەمان ئەو جلکە سۆرە تازەیەی کە بۆی کڕی بوو، لەبەریدابوو، سێوە لاسوورەیەکی بەدەستەوەبوو.
بەسەری قۆڵی کراسەکەی دەیسڕی و قەپی لیٚ دەدا.
ئەوجا بە نەرمە پێکەنینەوە روی کردە ژنە فاڵچییەکەو وتی: دایکە ئەمە بابە خودادادە. و بەدەست ئیشارەتی بۆ لای ئەو کرد.
خوداداد، لە سەرسامیدا دەمی داچەقی بوو. لێکدا لێکدا دەیڕوانییە لالەو دایکی. تانوکە لالەی بەو شادی و بە دەماخییە نەدیبوو. دەستی بە بوخچەکەیدا کرد، لەچکە سۆرەکەی دەرهێناو لەبەردەم لالەدا دایناو وتی: کە چومە شار ئەمەم بۆ تۆ کڕی.
لالو، بە دەنگی بەرز پێکەنی. لەچکەکەی بەشانیاداو لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێی دا. ئەوجا بەغار خۆی گەیاندە بەر رەشماڵەکە.
دەستی پیاوێکی گەنجی گرت و رای کێشایە دەریٚ. ئاماژەی بۆ لای خوداداد کردو شتێکی بەو پیاوە وت. پاشان بە هەمان شێوەی تایبەتی خۆی. لەبن لێوانەوە کەوتە گۆرانی و بە بەلەکە سفت و سۆڵەکانییەوە دەستی کردە گەردنی ئەو پیاوە و بەبن دار بییەکاندا رەت بوون و دوور کەوتنەوە.
خوداداد لە خەفەت و شادیدا دەگریا. بە لەقەلەق ریٚ و ریٚ گەڕایەوە.
خۆی بە کوختەکەیدا کرد، دەرکەکەی لەسەر خۆی داخست و ئیدی هیچ کەس نەیدی.

## ٦- گێژاو

هەمایون لەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت:ئایا راستە؟... دەشێت؟ بەو لاوییە، لەوێدا لە شا عبدالعظیمدا لە نێوان هەزاران مردووی دیکەدا، لە ژێر خاکی ساردو شێدارا خەوت بێ.. کفن لەبەدەنی چەسپی بێ! ئیدی نە هەوەڵی بەهار دەبینێ و نەئاخیری پایزو نە رۆژانی کپ و خەمگینی وەکو ئەمڕۆ.. ئایا رۆشنایی چاوەکانی و ئاوازی دەنگی بەیەکجاری دامرکانەوە!.. ئەوی کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسە قوت و زار شیرین بوو..

دنیا هەور بوو، تەنکە بوخارێك نیشتبووە سەر شووشەی پەنجەرەکەو لە پشت تەنکە بوخارەکەوە سەربانە جەمەلۆنییەکەی ماڵە هاوسێکە دیاربوو کە تەنکە بەفرێکی نیشتبووە سەر. کڵو بەفرەکان بەردەوام و بە ئەسپایی دەهاتنە خوارێ و دەکەوتنە سەر گوێسەبانەی سەربانە جەمەلۆنییەکە. دوکەڵێکی رەش لە دووکەڵ کێشی سەربانەکەوە دەهاتە دەرێ و لە ئاسمانی لێڵ و تاریکدا لوولی دەخواردو بەرەبەرە ون دەبوو.

هەمایون و ژنە جەحێڵەکەی و هومای کچۆڵەیان لە ژوورەوەو لەبەر سۆپا دانیشتبوون، بەڵام بە پێچەوانەی جارانەوە کە رۆژانی هەینی پێکەنین و شادی لەم ژوورە دەباری، ئەو رۆژە کە هەموویان خەمبارو مات و بێدەنگ بوون، تەنانەت کیژە بچووکەکەشیان کە هەمیشە مایەی شادی و گەرمی ماڵەکە بوو.

ئەوڕۆ بووکە گەچینە سەروچاو شکاوەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، مات و بێدەنگ دەیڕوانییە دەرێ دەتگوت ئەویش پەی بەوە بردبوو لەشتێکیان کەمەو ئەویش مامە بارام گیان بوو کە وەکو جاری جاران نەهاتبوو، هەروەها هەستی دەکرد کە خەمباری و لێو بە باری باب و داکی سەبارەت بەوە: جلی رەش، چاوانی سوور هەڵگەڕاوی بێ خەو، دووکەڵی لە هەوادا لوول خواردووی جگەرە، هەموو بەڵگەی دروستی بیرکردنەوەکەی ئەو بوون.

هەمایون چاوی بڕی بووە ئاگری سۆپاکە، بەڵام بیری لە شوێنێکی دیکە بوو، بێ اختیار کەوتبووە یادی رۆژانی قوتابخانە، ئەو سەروبەندەی کە وەکو ئەوڕۆکە بستێك بەفر دەکەوت، کاتێ زەنگی پشوودان لێی دەدا ئەو و بارام بەر لە هەمووان، گەمەی ئەو دەمانەیان هەمیشە یەك جۆر بوو: تۆپەڵە بەفرێکیان بەسەر ئەرزەکەدا گل دەکردەوە تا دەبوو بە تۆپەڵێکی گەورە، ئەوجا منداڵەکان دەبوون بە دوو دەستە، تۆپەڵە بەفرە گەورەکەیان دەکرد بە سەنگەرو ئیدی شەڕە تۆپەڵە دەستی پێدەکرد. بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەن بە دەستی رچیوی سوور هەڵگەڕاوەوە تۆپەڵ بەفریان دەهاوێشتە یەکدی، رۆژێ کە لە گەرمەی ئەو یاریەدا بوون، ئەو چنگێ بەفری ئاوداری هەڵگرت و لە نێو دەستیا گوشی و سرەواندیە بارام و هەنیەی بریندار کرد، بەڕێوەبەر هات و حەیزەرانێکی قایمی بەنێو لەپی ئەودا کێشا، رەنگە سەرەتای دۆستایەتی ئەو و بارام بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە، تا ئەم ئاخرو ئۆخرەش هەر جارێ کە چاوی بە شوێن زامەکەی سەر هەنیەی ئەو دەکەوت، ئازاری حەیزەرانەکەی بیردەکەوتەوە. لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا هێند رۆح و فیکریان لێك نزیك ببۆوە نەك هەر تەنیا بیرو هەستی زۆر نهێنی خۆیان لای یەکدی دەدەرکاند، بەڵکو زۆر بیروبۆچوونی نهێنی یەکدییان بێ چ قسەکردنێك دەخوێندەوە.

بیرو سەلیقەو رەوشتیان زۆر لێکدییەوە نزیك بوو. تا نووکە کەمترین ناکۆکی یا دردۆنگیان نەکەوتبووە نێوان، تاکو پێرێ بەیانی کە هەمایون لە دایەرە بوو تەلەفۆنیان بۆ کرد کە بارامی میرزا خۆی کوشتووە. هەمایون دەست بەجێ گالیسکەیەکی گرت و بەتاو خۆی گەیاندە وێندەر، بە ئەسپایی ئەو پارچە سپیە خوێن مژیوەی سەر دەموچاوی لابرد، برژانگی خوێناوی، مێشکی پرژاوی سەر سەرینەکە، پەڵە خوێنی سەر قالیچەکە. شین و

شەپۆری خزمەکانی چەشنی هەورە تریشقە کاریان تێکرد، ئەوجا تا بولێڵی ئێواریٚ بە خاکیان سپارد بە دیار جەنازەکەوە مایەوە، ناردی چەپکیٚ گوڵیان هێنا، خستییە سەر گۆڕەکەی ئەو و پاش دوا ماڵاوایی بە دڵی پڕەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەڵام لەو رۆژەوە تا نووکە ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. خەو نەچووبووە چاوانی و لاجانگەکانی داوی سپیان تێکەوتبوو. پاکەتێك جگەرەی لەبەردەمدا بوو و لێکدا لێکدا جگەرەی لیٚ دەکێشا.

یەکەمین جاربوو کە هەمایون بە قووڵی بیری لە مەرگ دەکردەوە، بەڵام بیری بە هیچ کوێدا نەدەگەیی، چ بیروباوەڕێك قەناعەتی پیٚ نەدەهێنا.

تەواو کاس و مەنگ ببووو، نەیدەزانی تەگبیری چییە، هەندیٚ جار تووشی جۆرە حاڵەتێکی شێتی دەبوو، هەر چییەکی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی فەرامۆشی بکا، دۆستایەتیان لە قوتابخانەوە دەستی پێکردبوو، ژیانیان تا رادەیەکی زۆر ئاوێتەی یەکدی ببوو. ببوون بە شەریکی غەم و شادی یەکدی، هەر کاتیٚ دەگەڕایەوەو تەماشای وێنەکەی بارامی دەکرد. هەموو یادگارەکانی لەلا زیندوو دەبوونەوەو ئەوی دەبینی: سمێڵە زەردەکەی، چاوە رەش و لێك بلاوەکانی، دەمە چکۆڵەکەی، چەناگەی باریکی، قاقای پێکەنینەکەی لەبەرچاوی بوون، باوەڕی نەدەکرد کە مردبیٚ، مردنێك بەو ناگەهانییە...! بارام چ زەحمەتێکی بۆ ئەو نەکێشابوو، لە ماوەی ئەو سیٚ ساڵەدا بە ماموریەت رۆیی بوو و بارام سەرپەرشتی ماڵەکەی بۆ دەکرد. وەکو بەدری ژنی دەگێڕێتەوە نەیهێشت عەزرت لە دڵیان بمێنیٚ.

هەمایۆن نووکە هەستی بەبار قورسی ژیان دەکردو داخی بۆ رۆژانی رابردوو دەخوارد کە چۆن یەکماڵی لەم ژوورەدا لە دەوری یەکدی خڕدەبوونەوە. یاری نەردیان دەکردو چەندین سەعاتیان بەشادییەوە دەقەتاند بیٚ وەی هەست بە تێپەڕبوونی کاتەکە بکەن.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدا ئەم بیرە بوو:وێڕای ئەوەی ئەوەندە هۆگری یەکدی بوون و چ شتێکیان لە یەکدی نەدەشاردەوە، چۆن بوو بارام ئەوی لەم بڕیاری خۆکوژییە ئاگادار نەکردەوە؟ عیللەتی چی بوو؟ شێت ببوو یا نهێنییەکی خانەوادەیی لە ئارادابووە؟ لێکدا لێکدا ئەو پرسیارەی لە خۆ دەکرد. ئەنجام وەك بڵێی بیری لەسەر شتێك گیرسایەوە. پەنای بردە بەر بەدری ژنی و لێی پرسی:

تۆ چ مەزندەیەك دەکەی نازانم بارام بۆ ئەو کارەی کرد؟

بەدری کە بە ڕواڵەت خەریکی دروومان بوو و بەسەر دەرزی و تەقەڵادان نوشتابۆوە، سەری هەڵبڕی و وەکو ئەوەی چاوەنۆڕی ئەم پرسیارە نەبووبیٚ بەبیٚ مەیلییەوە گوتی:

من چ بزانم، چی بە تۆ نەگوتبوو؟

نەو.. بۆیە پرسیارم کرد.. منیش لەمە سەرسامم. وەختیٚ لە سەفەرەکەم گەڕامەوە هەستم کرد گۆڕاوە، بەڵام هیچی بە من نەگوت، پێم وابوو لە کاروباری دایەرە وەڕزە... چونکە کاری دایەرە رۆحی دەژاکاند. چەندین جار ئەمەی لا درکاندبووم... بەڵام خۆ ئەو چ شتێکی لەمن نەدەشاردەوە.

خوا عافوی بکا! چەند زیتەڵ و بە دەماخ و قسە خۆش و سوعبەت چی بوو.. ئەم کارە لەو نەدەوەشایەوە.

نەو، بە رواڵەت وای دەنواند: هەندیٚ جار زۆر دەگۆڕا . زۆر... بەتایبەتی ئەو کاتانەی بە تەنیٚ بووایە.. رۆژیٚ خۆم بە ژوورەکەیدا کرد نەم ناسییەوە. سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی و بیری دەکردەوە هەر کە چاوی بەمن کەوت راچڵەکی، بۆ وەی شتەکە لەمن وەشێری پێکەنی و دەستی بە هەمان شۆخیان کرد. تەمسیلی چاکی دەکرد!

رەنگە شتێك بووبیٚ و دڵی نەهاتبیٚ بە تۆی بڵیٚ و ملاحەزەی کردبی نەبا پێی غەمگین ببی. ئاخر هەرچییەك بیٚ

تۆ ژن و منداڵت هەن، دەبێ لە بیری ژیاندا بی. بەڵام ئەو...
بە مەعناوە سەری لەقاند. وەك ئەوەی خۆکوژی ئەو چ بایەخێکی نەبێ. بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشانەوە، بەڵام هەمایون هەستی کرد قسەکانی ژنەکەی ساختەن،هەمان ژن کە هەشت ساڵ لەمەوبەر دەی پەرست، چونکە بیری یەکجار ناسکی سەبارەت بە عەشق هەبوو! بەڵام لەم ساتەدا وەکو ئەوەی پەردەیەك لەبەرچاوی لاچووبێ، ئەم خەم ساردییەی ژنەکەی بەرانبەر بە یادگارەکانی بارام بێزاری کرد. لە ژنەکەی بێزاربوو چونکە نووکە ببوو بە پولەکی و هەموو هۆش و گوشی لەلای ژیان و ماڵی دنیا بو و نەیدەوست ڕێ بە خەم و خەفەت بدا.
هەموو بەڵگەشی ئەمە بوو کە بارام ژن و منداڵی نەبوون! چ بیرێکی قیزەوەرە، چونکە ئەو خۆی لەم لەزەتە گشتییە مەحرووم کردووە، مردنەکەشی جێی داخ نییە، ئایا بایەخی منداڵەکەی ئەو لە هاوڕێکەی زیاترە؟ هەرگیز! ئایا بارام شایانی داخ نەبوو؟ ئایا لە دنیادا کەسی وەکو ئەو دەبێتەوە؟..
ئەو بمرێ و ئەم سید خانمە خڵەفاوە نەوەد ساڵەیە، کە ئەوڕۆکە بە نێو بەفرو سەرمادا لە پاچنارەوە بە دارەتەقێ هاتبوو و سۆراخی ماڵی بارامی دەکرد تا بڕوا حەڵوای مردووان بخوا. بژی. ئەمە کاری خوایە لە روانینی ژنەکەیەوە ئاساییەو بەدری ژنی ئەویش ڕۆژێك دێ وەکو ئەم سید خانمە دەردەچێ، هەر لە ئێستاوە بێ مکیاج زۆر گۆڕاوە. چاوەکانی و دەنگی گۆڕاون. کە بەیانی زوو ئەم دەچێ بۆ دایەرە ئەو هێشتا لە غورابی خەودایە، ژێر چاوانی چرچ بوون و ناسکی جارانیان نەماوە، بێگومان ژنەکەشی هەمان هەستی بەرانبەر بەو هەیە، کێ دەزانێ؟ ئایا ئەویش نەگۆڕاوە؟ ئایا هەمان هەمایونە میهرەبان و دڵسۆزو قۆزەکەی جارانە؟ ئایا ژنەکەی هەڵنەخەڵەتاندووە؟ باشە بۆ ئەم بیرانەی لا دروست ببوون؟ ئایا ئەنجامی بێ خەوی بوو یا زادەی یادی پڕ داخی دۆستەکەی؟
لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە، کە نیزەکێکی عەبا بەسەر کاغەزکی مۆرکراوی هێنا، دایە دەستی هەمایون و ڕۆیی.
هەمایون خەتە پچڕپچڕەکەی بارامی لەسەر زەرفی کاغەزەکە ناسییەوە. بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی، کاغەزەکەی لێ دەرهێناو دەستی بەخوێندنەوە کرد:
نووکە سەعات و نیوێکی شەو تێپەڕیوە. ٣١ی مانگی مهر ٢٣٩، من بارام میرزای ئەرژن پور بە حوسن و ڕەزای خۆم هەموو سامانی خۆم بە هوما خانمی مانگ ئاسا بەخشی

*بارام ارژن پور.*

هەمایون بە سەرسامی جارێکی دی نامەکەی خوێندەوە. ئەبلەق و واق وڕما و کاغەزەکەی لە دەست کەوت. بەدری کە لە ژێرەوە چاوی لێی بوو، پرسی: کاغەزی کێ بوو.
– بارام
چی نووسیوە؟
دەزانی چ سامانێکی هەیە، بە هومای بەخشیوە...
چەند پیاوێکی چاکە:
دەربڕینی ئەم سەرسامییە پڕ لوتفە. هەمایۆنی پتر لە ژنەکەی وەڕز کرد، بەڵام بێ ئختیار نیگای لەسەر وێنەکەی بارام گیرسایەوە. پاشان گەڕایەوەو روانییە هوما. لە پڕ شتێکی بەبیرا تێپەڕی کە ئازای گیانی لەرزاند. وەك بڵێی پەردەیەکی دیکە لەبەرچاوی لاچوو: هومای کیژی بێ کەم و زیاد وەکو بارام بوو، نەبەمی کردبوونە بە دایکی، چاوی شتاقیان رەش نەبوو، دەم بچکۆڵە، چەناگەباریك، ڕێك هەموو کەسمی دەموچاوی وەکو بارام بوو.
هەمایون هەنووکە پەی بەوە برد کە بۆچی بارام ئەوەندە هومای خۆشویشتووەو نووکەش لە پاش مەرگی

سامانەکەی بەو بەخشیوە! ئایا ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەم منداڵە زادەی پێوەندی نهێنی بارام و ژنەکەی ئەم بووە؟ لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی خۆیدا؟ ژنەکەی ساڵەها دەستی لەگەڵیا تێکەڵ بووە بێ وەی ئەو بزانێ و لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەڵی خەڵەتاندووە. پێی رابواردووەو نووکەش ئەم وەسیت نامەیە. ئەم جنێوی پاش مەرگەی بۆ ناردووە. نا و نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانە ئاسایی وەربگرێ، ئەم بیرانە وەکو بروسکە بە مێشکی دا رەت دەبوو، سەری کەوتە ژان، گۆناکانی خاوبوونەوە، نیگایەکی شەڕانی بڕییە بەدری و گوتی:

تۆ چ دەڵێی، ها، بارام بۆ ئەم کارەی کردووە، چما خوشك و برای نەبوون؟

چونکە دوور لە ئێستا ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست، وەختێ تۆ لەبەندەری گەز بووی، هوما سیرۆژەی گرت، دە شەو و رۆژ ئەم پیاوە بە دیار ئەم منداڵەوە وەستا، خوا عافوی بکا!

هەمایۆن بە توڕەیی گوتی: کـنەخێر بەم سادەییەش نییە...

چۆن؟ خۆ هەموو کەسێك وەکو تۆ بێ رەحم نین کە سێ ساڵان ژن و منداڵەکەت بەجێ بێڵیی و بڕۆی، وەختێ کە گەڕایتەوەش دەست لە گونان شۆڕتر، جووتە گۆرەوییەکیشت بۆ نەهێناوم. دیاری دەست خاترگرتن و قەدرزانییە، کە خاتری منداڵەکەی تۆی ویستووە یانی خاتری تۆی ویستووە دەنا عاشقی هوما نەببوو. ئەدی بەخۆت نەتدەبینی ئەم منداڵەی لە هەردووك چاوی پتر خۆش دەویست...

نا، راستیم پێ ناڵێی

دەتەوێ چ بڵێم؟ تێ ناگەم...

خۆت گێل دەکەی..

یانی چی؟ .. یەکێکی دی خۆی کوشتووە، یەکێکی دی سامان و سەروەتی خۆی بەخشییوە، من دەبێ حیساب و کیتاب بکەم؟

ئەوەندە دەزانم کە دەبێ تۆش بزانی!

دەزانی چییە، من سەر لە قسەی بە تویکڵ دەرناکەم، بڕۆ خۆت معایەنە بکە، بیرت بڵاوە، چیت لە من گەرەکە؟

لات وایە من نازانم؟

کە دەزانی بۆ لە من دەپرسیت؟

بەسە. بەسە. تا ئێستا پێت رابواردووم!

پاشان وەسیەتنامەکەی بارامی هەڵگرتەوە. گرمۆڵەی کردو هاوێشتییە سۆپاکەوە، گڕی گرت و بوو بە خۆڵەمێش.

بەدری ئەو پارچە وەنەوشەییەی کە بەدەستییەوە بوو. توڕداو هەستاو گوتی:

باشە وا لە من چووی بە قینا، بە منداڵەکەی خۆتیشی رەوا نابینی؟

هەمایۆن هەستا، پشتی بە مێزەکەوە داو بە تەوسەوە گوتی:

منداڵی من.. منداڵی من. ئەدی بۆ لە بارام دەچێ؟

ئانیشکی دا بەو چوارچێوەیەدا کە وێنەکەی بارامی تێدا بوو، و کەوتە سەر زەوی. منداڵەکە تا ئێستا خیشی کردبوو، کەوتە گریان. بەدری بەڕەنگی بزرکاو و سەدای پڕ لە هەڕەشەوە گوتی:مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چ بڵێی

دەمەوێ بڵێم هەشت ساڵە هەڵت خەڵەتاندووم، پێت رابواردووم، هەشت ساڵە تفی سەرەو ژوور بوویت نەك ژن..

لەگەڵ منتە..؟ لەگەڵ کچەکەمتە؟

هەمایۆن بە پێکەنینێکی تووڕەوە چوارچێوەی وێنەکەی نیشان داو بە هەناسە بڕکێوە گوتی:
بەڵێ: کچی تۆ.. کچی تۆ.. کاکە ببینە. دەمەوێ بڵێم نووکە چاوم هەڵهات. بۆم دەرکەوت کە بۆچی سامانەکەی پێ بەخشیوە. بابێکی میهرەبان بووە، بەڵام تۆ بە قەولی خۆت هەشت ساڵەکە.
کە لە ماڵی تۆدا بووم. کە هەموو جۆرە رەنجێکم کێشاوە. کە بە کوێرەوەری کردمیت بە ماڵ، کەسێ ساڵان لێرە نەبووی پارێزگاری ماڵەکەتم کرد، پاشانیش هەواڵیان بۆ هێنام کە لەبەندەری گەز عاشقی ژنۆکەیەکی بێ سەروبەری روسی بوو بووی. نووکەش ئەمە پاداشتی چاکەکەمە، چ هەنجەتێکت بە دەستەوە نییەو دەڵێی منداڵەکەم لە بارام دەچێ. بەڵام من چیدی ئامادەنیم.. یەك دەقیقەی دی لەم ماڵە بەند نابم. وەرە گیانە.. وەرە بڕۆین.
هوما بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوو ترسەوە دەیڕوانییە ئەم کێشمانە کێشە سەیرو بێ وێنەیەی نێوان بابی و داکی. بەدەم گریانەوە تەنورەکەی دایکی گرت و هەردووکیان بەرەو دەرگا چوون. بەدری لەبەر دەرگاکەوە دەستەیەك کلیلی لە بەرکی دەرهێناو بە توندی تووڕی هەڵدان و لەبەر پێی هەمایوندا کەوتەوە.
دەنگی گریانی هوماو دەنگی پێ لە دالانەکە دوورکەوتنەوە. دوای دە دەقیقەیەك دەنگی پێچکەی عارەبانەیەك هات کە وانی بەنێو بەفرو سەرمادا برد. هەمایۆن مات و مەنگ لە جێی خۆی وەستابوو. دەترسا سەر هەڵبڕێ. نەیدەویست باوەڕ بەوە بکا کە ئەم رووداوانە راستن. لە خۆی دەپرسی: رەنگە دین بووبێ یا خەونێکی ترسناك دەبینێ، بەڵام ئەوەی کە بەلایەوە روون و ئاشکرابوو ئەمە بوو کە لەمەوپاش نەیدەتوانی لەم ماڵەدا بژی و هەڵبکا، ئیدی نەیدەتوانی هومای کچی کە ئەوەندەی خۆش دەویست بدینێ. نەیدەتوانی چیدی ماچی بکاو بیلاوێنێ، یادگاری رابوردووی هاوڕێکەی لەکەدار بوو بوو. لە هەمووی خراتر ئەوەبوو ژنەکەی هەشت ساڵان بە پەنامەکی دەستی لەگەڵ یەکانە دۆستیا تێکەڵ کردبوو، ژیانی  خێزانداری لەکەدارکردبوو، هەموو ئەمانەش بەدزی ئەوەوە، بێ ئەوەی پێ بزانێ! هەر هەموویان ئەکتەری لێهاتوو بوون، تەنیا ئەو خەڵەتاوەو پێیان رابواردووە. لە هەموو ژیانی بێزاربوو، بەرانبەر هەموو شتێك و گشت کەسێ دڵ کرمێ بوو. هەستی بە تەنیایی و نامۆییەکی گەورە کرد. چ چارێکی نەبوو جگە لەوەی خۆی نەقل بکا بۆ شارێکی دوور یا یەکێك لە بەندەرەکانی باشوورو باقی ژیانی لەوێندەر بقەتێنی یا خۆی بکوژێت، بچێ بۆ شوێنی کەس نەبینێ، گوێی لە دەنگی کەس نەبێ، لە چاڵێکا رابکشێت و ئیدی هەڵنەسێتەوە. چونکە بۆ یەکەمجار هەستی کرد گێژاوێکی ترسناك لە نێوان ئەو و هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەریا هەبووەو تا نووکە پەی پێ نەبردبوو.
جگەرەیەکی داگیرساندو بە ژوورەکەدا کەوتە هاتووچۆ، دیسان پشتی بەمێزەکەوە دا، کلۆ بەفرەکان لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە بە ئەسپایی و بەردەوام وەك ئەوەی لەسەر نەزمی مۆسیقایەکی سیحراوی سەما بکەن دەهاتنە خوارێ و دەنیشتنە سەر گۆیسەبانەکە. بێ ئختیار یادی ئەو رۆژە خۆشانەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ دایك و بابیا دەچوونەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لە عێراق.
بە رۆژەوە بە تاقی تەنێ لەسەر سەوزە گیای ژێر درەختەکاندا دەنووست، لەو شوێنەدا کە شێر عەلی سەبیلەکەی تێدەکردو لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت و کچەکەی کە عەبایەکی سووری هەبوو بۆ ماوەی چەندین سەعات لەوێ را چاوەنۆری بابی دەکرد. باڵتەی جەنجەرەکە بە جیڕە جیڕ سواڵەی زێڕینی گەنمی قرچەشکێن دەکرد. نووکە وەزع و حاڵی ئەو رێك وەکو ئەو گایانە وابوو، نووکە دەیزانی ئەم ئاژەڵانە هەستیان بەچی دەکرد. ئەویش بە درێژایی ژیانی بەچاوی بەستراوەوە بە دەوری خۆیدا خولابووەوە، وەکو بارگیری دەوری ناعور، وەکو ئەو گایانەی کە خەرمانیان گێرە دەکرد ئەو هەموو سەعاتانەی هێنایەوە یادی خۆی کە لە ژوورە بچوکەکەی

گومرگدا دانیشتبوو و هەمان ئەو کاغەزانەی ڕەش دەکردەوە، هەندێ جار دەیڕوانییە هاوکارەکەی و باوێشکی دەدا، دووبارە دەستی دەدایەوە قەڵەم و هەمان ئەو نیمرانەی لە ریزی خۆیدا دەنووسین، بەراوردی دەکردن، کۆی دەکردنەوە، دەفتەرەکانی ژێرو ژوور دەکرد، بەڵام ئەوساکە تاقە دڵخۆشییەکی هەبوو، هەرچەندە دەیزانی کە چاوەکانی، بیری، لاوی و هێزو توانای بەرە بەرە دەتوێنەوە، بەڵام کە شەوان دەگەڕایەوەو بارام، کچەکەو ژنەکەی بەرو خۆشییەوە دەبینی هەموو هیلاکی لەشی دەردەچوو، بەڵام نووکە لەوانیش، لە هەرسێکیان وەرەز بوو، هەر ئەوان بوون کە ئەویان گەیاندبووە ئەم ڕۆژە، وەك بڵێی لە پڕ بڕیارێکیدا، خۆی گەیاندە مێزی نووسینەکەی، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، حەوت تیرە بچووکەکەی کە هەمیشە لە سەفەراندا پێی بوو، دەرهێنا، جەربانی فیشەکەکان لە جێی خۆبوون و تەماشایەکی نێو لوولە ساردو رەشەکەی کردو بە ئەسپایی لەسەر لاجانگی خۆی راگرت، بەڵام دەموچاوی لە خوێنا خلتانی بارامی بیرکەوتەوە. ئەنجام دەمانچەکەی نایە گیرفانی.

هەستایەوە سەر پێ و لە داڵانەکەدا پالتۆکەی لەبەرکرد، پێڵاوە لاستیکەکانی لەپێکرد، چەترەکەشی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەرکەوت. کوچەکە چۆل بوو. کلۆ بەفر بە ئەسپایی دەهاتە خوارێ. بێ وەی بزانێ کێوە دەچێ، کەوتە رێ، تەنیا ئەوەی دەویست لە ماڵەکەی خۆی، لەم هەموو ڕووداوە سامناکە هەڵێ و دوور بکەوێتەوە.

لە شەقامێکی ساردو سپی و خەمناکەوە سەری دەرهێنا، جێ پێچکەی گالیسکان لەسەر بەفرەکە نەخش ببوو. هەمایۆن بە ئەسپایی هەنگاوی هەراوی دەنا، ترومبێلێك تیژ تێپەڕ بە تەنیشتیا رەت بوو و بەفروقوڕو چڵپاوی شەقامەکەی بەسەرو ڕوویا پرژاند، وەستا، سەیرێکی جلەکانی کرد، لە قوڕو چڵپاودا هەڵکشابوون، ئەمەی پێناخۆش نەبوو، بگرە بەلایەوە جۆرە دڵنەواییەکی ڕۆحیش بوو، لە ڕێگادا تووشی کوڕیژگەیەکی شقارتە فرۆش بوو، گازی کرد. شقارتەیەکی کڕی، بەڵام کە دیقەتی روخساری کوڕیژگەکەی دا سەیری کرد چاوەکانی رەش، لێوی تەنگ و قژی زەردبوو. بارامی بیرکەوتەوە، تەزوویەکی پێداهات و ملی رێگای گرت. لە پڕ لەبەر جامخانەی موغازەیەکا وەستا. چووە بەرەوە، هەنیەی بە شووشە ساردەکەیەوە چەسپاند. خەریك بوو کڵاوەکەی بەربێتەوە، ئەسباب وازی دنیا لە نێو جامخانەکەدا ڕێز کرابوون.

بەسەری قۆتی کەوتە سڕینەوەی بوخاری سەر شووشەی جامخانەکە، بەڵام ئەم کارە بێهودەبوو، بووکۆکەیەکی گەورەی دەموچاو سووری چاوشین-ی دەم بە بزە لەبەر دەمیا بوو، قەیرێ بە ماتی تێی روانی، لەبەر خۆوە بیری کردەوە ئەگەر ئەم بووکۆکەیە هی هوما بایە چەندی پێ خۆشحاڵ دەبوو.

موغازەچییەکە دەرگاکەی کردەوە، هەمایۆن کەوتەوەڕێ، بەیەك-دوو کۆڵانی دیدا تێپەڕی. لە ڕێگادا مامر فرۆشێکی بینی کە لە پاڵ سەبەتەکەیا دانیشتبوو سێ مامرو کەڵەشێرێك کە لاقیان پێکەوە بەسترابوون، لەسەر سەبەتەکە دانرابوون، لاقە سوورەکانیان لەسەرمانا دەلەرزین. لە تەنیشتییەوە پەڵە خوێنی سوور رژابووە سەر بەفرەکە، نەختێ لەولاترەوە کوڕیژگەیەکی کەچەڵی قۆڵ و بازوو لە کراسی دڕاوەوە دەرهاتوو لەبن بانیژەی ماڵێکا دانیشتبوو.

هەموو ئەمانە سەرنجیان راکێشا، بەڵام نەیدەزانی لە کوێیەو بۆ کوێ دەچێ، هەستی بە بارینی بەفرەکە نەدەکرد، چەترەکەی هەر بە دادراوەیی بەدەستەوە بوو.

خۆی بە کۆڵانێکی چۆلی دیدا کرد، لەسەر سەکۆی بەر ماڵێکدا رونیشت. بەفر توندتر ببوو، چەترەکەی هەڵدا، شەکەتی تینی بۆ هێنابوو، سەری قورس ببوو. چاوەکانی بە ئەسپایی وێك هاتنەوە.

دەنگی رێبوارێك وە ئاگای هێنایەوە، هەستا، دنیا تاریك ببوو. هەموو شتەکانی ئەو ڕۆژەی وەبیر خۆی

هێنانەوە. کوڕە کەچەڵە شرۆڵەکە، لاقی سووری مامرەکانی سەر سەبەتەکە کە لەسەری هەڵدەلەرزین، ئەو پەڵە خوێنانەی رژابوونە سەر بەفرەکە. هەستی کرد کەمۆکەکی برسییە. کێکێکی لە دوکانێکی شیرینی فرۆشدا کڕی، بەڕێوە دەیخواردو وەکو تارماییەك بێ ئختیار بە کۆڵانەکەدا دەسووڕایەوە.
کە خۆی بە ماڵێدا کرد، سەعات دووی سەر لە بەیانی بوو. وەکو مەیت خۆی دەنێو کورسییەکە خزاند. پاش سەعاتێك لە سەرما خەبەری بۆوە، هەر بەجلەکانییەوە چووە نێو جێگای نووستنەوە، لێفەکەی راکێشایە سەرخۆی، خەونی بینی، لە خەویا هەمان کوریژگەی شقارتە فرۆش جلێکی رەشی لەبەرکردبوو و لە پشت مێزێکەوە کە بووکۆکەیەکی گەورەی لەسەر بوو دانیشتبوو. بووکەکە چاوشین، لێو بە خەندە سێ کەس دەستەو نەزەر لە بەردەمیا وەستابوون، هومای کیژی ئەو بە مومێکەوە وەژوور کەوت. دوای ئەو پیاوێك وەژوور کەوت، دەموچاوە سپییەکەی بەڕووپۆشێکی سپی خوێناوی داپۆشرابوو، چووە پێشەوە دەستی کوڕە شقارتە فرۆشەکە و هومای گرت. کە ویستی لەسقەری دەرکەی بچێتە دەرێ دوو دەست کە رووی حەوت تیرکیان کردبووە ئەو لە پشت پەردەوە دەرکەوتن. هەمایون بە ترس و ژانە سەرێکی ناخۆشەوە لەخەو راپەڕی.
دوو هەفتەی ژیانی وی بەو تەرحە تێپەڕین، بە رۆژەوە دەچووە دایەرەو شەوانی درەنگ بۆ خەو دەگەڕایەوە ماڵێ. هەندێ عەسران بەخۆیشی نەیدەزانی چۆن رێی دەکەوتە گوزەرێکی نزیکی قوتابخانەیەکی کچانە کە هومای کچی لەوێندەر بوو.
کە زەنگی پشوو لێی دەدا، لەپێچێکاو لە پەنای دیواری قوتابخانەکەدا خۆی مات دەدا، دەترسا لەوەی کە مەشهەدی عەلیی نۆکەری ماڵی خەزوری بیدینێ، چاوی بەیەك بەیەکی منداڵەکاندا دەگێڕا، بەڵام هومای کچی نەدەبینی.
موافەقەتی نەقڵەکەی هاتەوەو دایەرەی گومرکی کرماشانی بۆ دیاریکرا.
هەمایون رۆژێك بەر لە رۆیشتن هەموو کاروبارێکی خۆی رێکخست. چووە گەراج، ترومبێلەکەی بینی، بلیتی سەفەری بڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی جانتاکانی نەبەستبوون و خاوەن گەراجەکەش پێی داگرت کە ئەو ئێوارەیە فریاناکەوێ، سەفەرەکەی لە بری هەمان ئێوارە دواخست بۆ سبەی بەیانی.
کە وەژوور کەوت یەکسەر چوو بۆ ئەو ژوورەی کە مێزی نووسینەکەی خۆی تێدابوو. ژوورەکە شێواو و پێکا دراو، خۆڵەمێشێکی سارد لەبەر سۆپاکەدا رژابوو. پارچەیەکی وەنەوشەیی ئاوریشم چن و ئەو زەرفەی هەڵگرت کە وەسێتنامەکەی بارامی تێدابوو، لەسەر مێزەکە دانرابوون. زەرفەکەی هەڵگرت و دڕاندی، بەڵام پارچە کاغەزێکی نووسراوی تێدا دیت کە ئەو رۆژە لەبەر پەلەکردن بەرچاوی نەکەوتبوو. پاش ئەوەی پارچە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە خستنەوە پاڵ یەك، ئەمەی خوێندەوە:
بێگومان پاش مەرگم ئەم کاغەزەمت دەگاتێ. دەزانم سەرت لەم بڕیارە کوت و پڕەی من سووڕ دەمێنێ، چونکە چ کارێکم بەبێ راوێژی تۆ نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی چ رازو مەرامێك لە نێوانماندا نەبێ دان بەوەدا دەنێم کە من بەدری ژنتم خۆش دەویست. چوار دانە ساڵ بوو لەگەڵ خۆدا دەجەنگیم، ئاقیبەت زاڵ بووم و بۆ ئەوەی خیانەتم لە تۆ نەکردبێ دێوە سەرشێتەکەی ناخی خۆم کوشت. شتێکی ناچیز پێشکەش بە هوما خانم دەکەم هیوادارم قەبووڵ بکرێ!

*دڵسۆزتان بارام.*

هەمایۆن قەیرێ بە ماتی و مەنگی روانییە ژوورەکە. نووکە خاترجەم بوو کە هوما منداڵی خۆیەتی. ئایا دەیتوانی بێ ئەوەی هوما بدینێ بڕوا؟ کاغەزەکەی دووبارەو سێ بارە خوێندەوەو. لە بەرکی ناو لە ماڵ

وەدەرکەوت. لە ڕێگا بێ دوو دڵی خۆی بە موغازەی ئەسباب وازی فرۆشەکەدا کرد. بووکۆکە گەورە دەموچاو سوورە چاو شینەکەی کڕی و بەرەو ماڵی خەزووری کەوتە ڕێ. کە گەییە وێندەر لە دەرکەی دا: کە مەشهەدی عەلی نۆکەر یان هەمایۆنی بینی بە چاوی گریاناوییەوە گوتی:

قوربان، چ قوڕێکم بەسەرا کرا؟ هوما خانم!

چی لێهاتوو؟

قوربان تۆ نازانی هوما خانم لە دووی تۆ چەند بێ قەراری دەکرد. هەموو ڕۆژێ بەخۆم دەمبرد بۆ قوتابخانە. ڕۆژی یەك شەممە بوو. یانی ئەوە ثێنج ڕۆژە کە عەسرەکەی لە قوتابخانە هەڵات، گوتبوی دەچم بۆ کن بابەگیان. ئێمە زۆر شپرزەبووین. چما محمد پێی نەگوتییت؟ تەلەفۆنمان کرد بۆ مەرکەز، من دوو جاران هاتم بۆ ماڵتان.

ئەوە چ دەڵێی؟ چی بووە؟

هیچ قوربان، درەنگە شەوانێ بوو کە بۆیان هاوردینەوە، ڕێی وێڵ کردبوو. لەسەرما نەخۆش کەوت. تا گیانی سپارد هەر تۆی گاز دەکرد. دوێنێ بردمان بۆ شا عبدالعظیم لە پاڵ قەبرەکەی بارام میرزاوە ناشتمان.

هەمایۆن بە سەرسامی و حەپەساوی دەیڕوانییە مەشهەدی عەلی، لەم دەمەدا بووکۆکەکەی لێ بەربووەوە. پاشان وەکو دینان یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە پەلە بەرەو گەراج ڕۆیی. چونکە لە بەستنی جانتاکانی ببۆوە دەیتوانی بە ترومبێلی عەسر تا زووترە لەوێ بڕوا.

## ٧- کتێب

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا چ قوتابیەك پێنەدەکەنی. باوێشکی تەمەڵی نەدەدا. چ کەسێك نەیدەڕوانییە دەرێ، خۆی بە تەماشاکردنی هەتاوی زەردی ئاسمانی شین، درەختی بەهێ و هەرمێوە خەریك نەدەکرد، لە دەرسی ئەودا چ قوتابییەك نەی دەڕوانییە ئەستێڵە گەورەی نێو حەوشی قوتابخانەکە.

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا، چ کەسێك خەو نەیدەبردەوە. لاقی تەمەڵی لێ ڕانەدەکێشا، بە قەڵەمەکەی دەست و پلی خۆی نەدەنووسی. کەس بیرەوەری و یادگاری لەسەر ڕەحلەکەی هەڵنەدەکەند. تەنانەت (حوسێن)یش بەو هەموو لاساریی و بێعارییەی خۆیەوە ئاقڵ و ئاغر دادەنیشت و بەتاسەوە چاوی دەبڕییە زاری مامۆستا. گشت قوتابییەکان خۆشحاڵ و چالاك، کڕوکپ چاویان دەبڕییە مامۆستاکە بە نێو پۆلەکەدا دەهات و دەچوو، چیرۆکی کوڕە کەچەڵەی بۆ دەگێڕانەوە، لەگەڵ لێدانی زەنگی پشوودا، چیرۆکەکەی لە شوێنێکی ناسکدا دەبڕی و پاشماوەکەی بۆ سبەی دەهێشتەوە.

لە دەرسی ئەودا، بە تەواوی لە دنیای وشکی شیعرو داستان و ئەندازەو بیرکاری و شتە سەیرو سەمەرەکانی ناو کتێبی دەرس دوور دەکەوتنەوەو دەچوونە جیهانێکەوە کە ئادەمیزادی تێدا دەژیاو کاری مەزنیان ئەنجام دەدا: دەجەنگین، شکستیان دێنا، هەڵدەستانەوە. پشتی بەدکاریان بە عاردیدا دەدا. لەم دنیا تازەیەدا مرۆڤ هەوڵی دەدا بەسەر ناخۆشییەکانی ژیاندا سەر بکەوێ.

لە دەرسی ئەودا جیهانەکان ئاوێتەی یەکدی دەبوون، منداڵەکان ڕێگەیەکی ئاشکراتریان لەبەردەمی خۆیاندا دەبینی. هەموو، سەراپایان دەبوو بە گوێ وموویان لێ نەدەبزووت.. کوڕە کەچەڵە چۆن دێوەکە سەر دەبڕێ لە دەستی ڕزگار دەبێ، زۆر دەترساین کوڕە کەچەڵە دەرەقەتی دێوەکە نەیێ و بکەوێتە داوییەوە. چ کەسێك نەبوو لەو پۆلەدا لایەنگری دێوەکە ببێ. دێوەکە بێ پشت و پشتیوان و بێگانە بوو. بە خەیاڵ سەدان جارمان دەکوشت و ئاگرمان تێ بەردەدا، قارەمانی چیرۆکەکە دەکەوتە تەنگانەوە. دەستی بەیەکدا دەدان، چارەی گرژ دەبوو، بەرچاوی تاریك دەبوو، لەگەڵ ئێمەدا هەناسەی دەکێشاو داخی دەخوارد.

ئێمە لەماڵەوە، لە بازاڕو کوچان، لە گەڕەك و بانان هێندەمان سوکایەتی پێدەکرا. هێندە دارکاری دەکراین. لە گیانی خۆمان بێزار دەبووین: ژیانمان هێندە ناخۆش و ناڕەحەت بوو هەر مەپرسە، لە دەرس و دەرس خوێندن وەك چۆن جنۆکان لە بیسمیللا هەڵدێن، بەو ئاوایە هەڵدەهاتین و خۆمان دەدزییەوە، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووین، مامۆستا کامکار بە چیرۆکەکانی شادی دەکردین، دەی خستینە پێکەنین و بە دوی ڕووداوی یەك لەیەك سەیرتردا ڕایدەکێشاین.

سەرەتای هاوین بوو، هەتاو وەك پارچە ئاگرێك بە ناوەندی ئاسمانەوە دەبریسکایەوە، لەگەڵ شیرەی شەبەقدا بابە لە خەو هەڵیدەستاندم و دەیوت:-

-ڕابە..ڕابە. ئێرە قوتابخانە نییە. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە. بە تەمەڵییەوە چەرچەرفەکەم لە خۆم لادەبردو لە بن لێوانەوە دەم بۆڵاند:

- باشە بۆ منداڵی خەڵکی کاریش ناکەن و تێر دەخەون و دەخۆن؟

بابە دەیوت:

-هەقت بەسەر خەڵکیەوە نەبێ، ئەوانە هەروا هاتوون و ئادای کارکردنیان نەزانیوە. بەشیان هەر خەوتن و خواردنە.

لێوم دەكرۆشت. ددانم جیڕ دەكردەوە، بە ڕقەوە دەموت:
-ئا، هەروا هاتوون.. بەڵێ ئەوان بە جل و بەرگەوە هاتوونەتە دنیاوە.
دایكە لە ناو حەوشەوە هاواری دەكرد:
-قسە لە قسەی بابت مەكە، هەڕە هەمووی سەعاتێكە. خۆ ناچیتە پاچكاری.
بەناشتا یەكێك لە سەتڵە شیرەكانم هەڵدەگرت. بابەش سەتڵەكەی دی هەڵدەگرت. دوو بەدوو بەناو كۆڵانەكان دەكەوتین و گەڕەكی دەوڵەمەندان خۆبگرە واهاتین.
لە لای رۆژهەڵاتەوە، هێشتا تاك و تەرا ئەستێران بە ئاسمانەوە بوون. وەك چاوی جانەوەران دەدرەوشانەوە. كۆڵان و بازاڕەكان چۆڵ بوون، هەر كاو نا كاوێ رێبوارێكی ئاشنا تێدەپەڕی و ئاغزە جگەرەكەی فڕێ دەدا و پێیەكی پێدا دەنا. یەكێك لەو رێبوارانە پیاوێكی پیر بوو. ئەم پیاوە نەخۆشی سیلی بوو، بەردەوام دەكۆكی. بابە دەیوت: (داماوە هێندەی گەردو تۆز چووە بە گەرویدا تووشی سیل بووە...)
یەكێكی دی نێوی عەلی موراد بوو. ئەمیان شاگرد نانەوا بوو. باریك و بنێسێكی چاو دەر پۆقیو بوو. چارەی گرژو مۆن، ئێسكی گۆناكانی زەق و زۆپ دەرپەڕی بوون. بابە دەیووت: (هێندە لەبەر ئاگری تەنوور وێستاوە هەموو گۆشتەكەی تواوەتەوە، هاكا پەكی كەوت.)
یەكێكی دی حەس حەس بوو. حەس حەسی گەڕەكی خۆمان نەبوو، لە گەڕەكی ئێمەدا كەس هیچی نییە تا بدزرێ. رەنگی دەتوت زەعفەرانی زەردە. لە رەنگی ئەو دراوسێیەی ئێمە دەچوو كە لە ژێر خانووە شێدارەكەدا دەژیا.
ئەو رێبوارانە هەر كە دەگەیینە ئاستی بابە سڵاویان لێدەكردو بەدەم سوعبەتەوە دەیانوت:
- لالۆ ئەسەد پەرداخێ لەو شیرەمان بۆ تێكە تا گوڕێكمان بێتەوە بەرو چاكتر كار بكەین.
بابە بەڕوو خۆشییەوە سڵاوی دەسەندنەوە دەیوت:
-وەبان هەردوو چاوەكانم.. نۆشی گیانتان بێ.
دەستێكیان بەسەری مندا دێنا، خوا حافیزیان دەكردو دەڕۆیشتن.
ئێمەش دەڕۆیشتین تا دەگەیشتینە گەڕەكەكانی سەرێی شار، ئەم گەڕەكانە كەم و زۆر لە گەڕەكی ئێمە نەدەچوون. بیرم لەو چیرۆكانە دەكردەوە كە مامۆستا كامكار بۆی دەگێڕاینەوە. مامۆستا كامكار لە ئاخیر رۆژدا وتی:
- هاوین تەمەڵی مەكەن و بۆ خۆتان كتێب بخوێننەوە، ئەو چیرۆكانەی من بۆتانی دەگێڕمەوە هەموویانم لە كتێباندا خوێندۆتەوە. هەر چۆنێك بووە، رۆژی سەعاتێك بۆ كتێب خوێندنەوە دابنێن كتێب فێرتان دەكات چۆن بژین، چاو لەو كەسانە بكەن كە لە ناو چیرۆكەكان رەوشتیان بەرزە، لەگەڵ خەڵكی دا میهرەبان بن، لە كتێب خوێندنەوە غافڵ مەبن.
ئەوڕۆ لێبڕام هەر چۆنێ بووەو بەهەر فڕوفێڵێ بۆم سەر بگرێ بابم بێنمە رەداو كتێبێكم بۆ بكڕێ. بابم یەكەم كەوچكە شیری كردە چینی كابرایەكی سەر روتاوەی رەزا قورسەوە. هێشتا خەو بەری نەدابوو.
دوور كەویتنەوە، دوو قۆڵی هاوارمان دەكرد:
-وەرە بۆ شیر، شیری گەرم.
بێ پێشەكی بە بابم گوت:
-كتێبێكم بۆ بكڕە.

بابە، سەتڵە شیرەکەی لەم دەستیەوە بۆ دەستەکەی تری گواستەوە.
بەبێ مەیلی گوتی:
– لەماڵەوە ئەمیر ئەرسەلان و حوسێن کوردو ڕۆستەمنامەو چل توتی هەن" بۆ خۆت بیانخوێنەوە.
لەو کاتەدا تا زارم گرتی هاوارم کرد.
.. وەرە بۆ شیر..
وتم:
– ئەوانەم خوێندونەتەوە.
بابە بە دەم هەنگاوی هەڕاوەوە وتی:
–مادامێکی ئەوانەت خوێندونەوە. ئیدی چ کتێبی دی نەماوە بیخوێنییەوە.
بە متمانەوە وتم:
– کتێبی دیش هەیە.
بابم لەبەر دەرکەی ماڵە موشتەریەکدا وێستا، لە زەنگی داو وتی:
– کتێب خوێندنەوە نان و ئاو پەیدا ناکات..
کابرایەکی رەقەڵەی عەینەك لە چاو بە خۆو قاپێکەوە هات. قاپەکەی پڕ کرد. پارەکەی دا لێکدا لێکدا سوپاسی بابەی دەکردو رایدەسپارد کە بۆ سبەینێ بێ شیری نەکات دەرکەکەی داخستەوە. بابە نیگایەکی کردم وتی:
– ئەم پیاوە موعەلیمە، هێندەی کتێب خوێندۆتەوە چاوی کز بوون، ئەمەش خێروبێری کتێب خوێندنەوە!
نەمدەزانی چۆن قەناعەت بە بابە بێنم کە کتێب خوێندنەوە باشە.
هەرچیم دەوت، سەرێکی بادەداو دەیوت:
– پێویستە کار بکەی کار، تەنیا کار دەتکا بە پیاوی ناو پیاوان، قاتی ناتەوێ ببی بە مەلا کتێب ئاوی چاو دەبا. ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێنێ.
سەتڵەکان هێشتا شیریان تێدا مابوو. هێشتا نەمتوانی بوو قەناعەت بە بابە بێنم کە هەندێ پارەم بداتێ. وتم:
– ئەوساڵ یەکەم دەبم.
کۆکەیەکی کرد، بینێکی داییو وتی:
– بابزانم بیرێکی لێ دەکەمەوە.
(بیرێکی لێ دەکەمەوە..) یەعنی چ بیرێکی لێ دەکردەوە. زۆری لەسەر نەڕۆیشتم. بیری خۆم بە چیرۆکەکانی مامۆستا کامکارەوە خەریك کرد. کۆڵانەکە یەکپارچە هەراو هەنگامەی دایك و منداڵان بوو. بابە بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو ماڵێك دایدەکێشا. منیش بە گورگە لۆقە دوای کەوتبووم. بە کۆڵانێکی گەورەدا پێچمان کردەوە. کۆڵانەکە قیرتاوکرابوو. زبڵدانێکی گەورە لە سوچێکی کۆڵانەکەدا هەبوو. هەموو بەیانییەك لە گەڕانەوەدا سەرێکی ئەو زبڵدانەمان دەداو توێکڵە شوتی و کاڵەکمان خڕدەکردەوە. لە سەتڵەکانمان دەخست و دەمان بردەوە بۆ مانگاکانمان. هەندێ جاریش بە ڕێکەوت شڕە گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆرم دەدۆزییەوە. لەگەڵ خۆمم دەبردنەوە. بەتاسەوە پەڕە پیس و دڕاوەکانم هەڵدەدایەوەو دەم خوێندنەوە. ئەوەی کە لێی تێدەگەیشتم بۆ منداڵانی گەڕەکم باس دەکرد.
ئەمڕۆش هەر بە بیانووی توێکڵە شوتی و کاڵەکەوە وەسەر پیرە زبڵدان کەوتم. هەزاران جۆرە بۆنی ناخۆش بە لوتما دەچوو. پیرە سەگێکی مردەلۆخ کە بۆ پارچە ئێسقان و ملۆموش کەوتبووە هەڵدڕینی زبڵدانەکە هەر کە

چاوی پێم کەوت نیگایەکی تووڕەی کردم. شاپێکم خێوانده لاقەبرغەی و دوور کەوتەوە. دارێکم هەڵگرت و کەوتمە وەردەوەدانی زبڵدانەکە. بابە هەر جارێ تویکڵە کاڵەکێکی دۆزیبایەوە تێی رادەخوڕیم:

– ئەوە خەیاڵت لە کوێیە هەی لەقلەقی نەخۆش. ڕۆژێ دێ ئەم شڕە کاغەزانە لە خشتەت بەرن. دەڵێی بەدووی گەوهەرا دەگەڕێی. خێراکە باپڕۆیینەوە دەی.

تووڕەبووم و وتم:

–تۆ بڕۆ من دوایی دێمەوە.

بابە وتی:

– ئاخر دەبێ مانگاکانمان بەرینە دەرێ. تا هەوایەك لێیان بدا و سڕی پێیان دەربچێ. زیندانیش پێویستی بە هەوا گۆڕینە. ئەگەر تا ئێوارە لە ژوورەوەبن دەگەنێن.

چ وەڵامێکم نەدایەوە. سەتڵە بەتاڵەکانی هەڵگرت و ڕۆیی لە شەقامەکە سووڕایەوە. بەدەم هەڵدڕینی زبڵدانەکەوە دوو کەوچکی جوانم دۆزییەوە.

لەخۆشیان هەڵم کردە گۆرانی وتنێ. تەماح گرتمی زیاتر کەوتمە هەڵدڕینی زبڵدانەکە. بەڵام بێهودە.. ئوتومبێلی شارەوانی بەگرەگڕ هات زبڵەکانی بارکردو بردی. هەناسەیەکم هەڵکێشا. خۆزیام دەخواست کە بزانم زبڵەکە بۆ کوێ دەبەن. کەوچکەکانم لەبەر بەلوعەی سەرجادەکە شوشت و بەغاردان بەرەو پردی (حاجی مەد تەق) چووم. بازاڕی وردە فرۆشانی لێ بوو. لەوێ هەموو شتێ هەبوو: کەوچك، تەزبیح، چەقۆ، بەردەستێ و.. کەوچکەکانم دایە پیرەمێردێك سەروسەکوت و سیمای لە تلیاکێش دەچوو قژی بژبووبووەوە. لە دڵی خۆمدا بە تەمای پارەیەکی باش بووم. وتم:

– ئەم کەوچکانە بە چەند دەکڕی؟

ئەگەر دوو تمەنم بداتێ، ئەوا سێ تمەنیش لە باوکم دەستێنم و کتێبێکی پێ دەکڕم، بەخۆم کتێبی چاکم نەدەناسین. کەسیش نەبوو بۆم هەڵبژێرێ. ناچار دەبوایە خۆم هەڵی بژێرم و.. وێنەی سەر بەرگی کتێبەکان سەرنجیان رادەکێشام و..ئەوساکە عەوداڵی کتێبی پڕ لە بەسەرهاتوو ڕووداوی سەیرو عەنتیکە بووم. قارەمانانی کتێب بەردەوام بە گژ یەکدا دەچوون. هەمیشە بەشیان سەرکەوتن بوو. گەر کتێبێکم خوێندبوایەوەو قارەمانەکەی مردبا یان بەزیبایە ئەوا لە حەژمەتاندا دەستم بە گریان دەکردو شەوێ لە سوێیاندا نەدەخەوتم تا بەیانی دەتلامەوە. خۆزیام دەخواست کە نەمردباو خەنیمەکانی تاقوبڕبکردایە. ژیانم ناخۆش بوو.

هەموو ڕۆژەکانی وەك یەك بوون. کتێبی پڕ لە بەسەرهات وایان لێدەکردم لە خۆمەوە دوژمنایەتی تەمەڵی و ژیانی یەك چەشنە بکەم. هەر کەسێك دڵی شکاندبام ئەوا لەلام دەبوو بە دێوو باوە پیارەی ناو کتێبان و بە خەیاڵ شیرو تیرم لێی هەڵدەکێشاو مەگەر هەر خۆم بمزانیبا چیم بەسەر دێنا.

پیرەمێردەکە، ماوەیەك کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیو کردو بە ساردییەوە وتی:

– خۆ نەتدزیون؟

نیگایەکی بێ بەزەییانەی کردم. منیش بە هەمان ساردییەوە وتم:

–بابم دایمێ تا بیانفرۆشم و بە پارەکەیان جوتێ پێڵاو بکڕم.

پیرەمێردەکە پێکەنی. ددانە کرمۆڵەکانی بەدیار کەوتن:

– ها... ها

پێکەنینەکەی تەواو بوو. سەراپای بە نیگا دابێژتم و وتی:

– جا پارەی پەرداخیٚ. ماستاو دەکەن تا پێڵاوی پیٚ بکڕی!

سور هەڵگەڕام، وتم:

– ئەگەر ناتەوێن. بێنە با بیانبەمە جێیەکی دی.

ئەمجارەش کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیوکردنەوەو وتی:

–تمەنێکت دەدەمیٚ، لەوەی زیاتر ناهێنن، گەر قاییل نیت ماڵی خۆتن.

دەتوت سەتڵیٚ ئاوی ساردم پێداکرا. خەم دایگرتم و ، وتم:

– باشە بەڵام تمەنێك زۆر کەمە.

قوڵایی گیرفانەکانی گەڕا. تمەنێکی دەرهێناو وتی:

ئەگەر هی ترت هەن بۆم بێنە.

تمەنەکەم وەرگرت و لە دڵی خۆمدا وتم: (بریا قازانجەکەی ببیٚ بە ئاگرو بەربێتە گیانت، هەی بیٚ ئینسافی دەستبڕ!)

دەمزانی تمەنێك ئەو پەڕەکەی کتێبی کتك و مشکی پیٚ دیٚ، کە کتێبێکی خۆش بوو.

دەوروبەرم یەکپارچە خواردەمەنی بوو. چەند جارێك چەندو چونی دڵی خۆم کرد. زۆرم حەزەکرد بایی تمەنێك سێو بکرِم یان خۆ بگەیەنمە لای برایم و پەرداخیٚ شەربەت بکرِم و دڵی خۆمی پیٚ فێنك بکەمەوە.

بەڵام ژێوان بوومەوە. دەکریٚ سێو نەخۆی، بەڵام ناکریٚ کتێب نەخوێنیەوە تمەنەکە لە نێو دەستمدا ئارەقەی کردبوو. چوم بۆ بازاڕی جولەکان – چوار پێنج کۆنە کەیهانی منداڵانم لە دوکاندارێکی لوت درێژی چاو بە قوڵاچووی نەخۆشی پەککەوتە کڕی. گۆڤارەکانم لەبن باخەڵم نا، لە کەیفان حەجمان نەبوو. دوو پێم هەبوو. دوی دیشم قەرز کرد تا زووتر بگەمەوە ماڵ و لەگەڵ کتورانی خوشکم دا بە تاسەوە دوا پەڕەیان بخوێنینەوە.

ژێدەر:

بڕوانە کۆمەڵە چیرۆکی کودکی من منصور یاقوتی

## ٨- جێ پێ

دنیا تەزی بوو. چاوەڕێی پاس بووم. بەسەر بەفری سەر شەقامەکەدا دەهاتم و دەچوم. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. دوو ڕۆژ بوو بەفر دەباری. هەرگیز بەڕادەی ئەو ڕۆژە بریقەی بەفر ئازاری چاوی نەدابوم. هێشتا شەوقی بەفری ڕۆژ نیگای بەرنەدابووم. چاوم جارجار ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. ئەو پۆلەی دەرسم تێدا گوتبۆوە سۆپای تێدابوو. گەرم بوو. بەڵام فایدەی چی؟ خۆ گەرماکە لەگەڵم نەدەهات. دیسان شەقامەکەو تۆف و بەستەڵەك.. سەرماو چاوەڕوانی پاس. دەرسەکەم لە ڕۆژان زوتر تەواو کردبوو. شەکەت نەبووم، بەڵام سەرمام بوو. هەستم دەکرد ئێسکی شانەکانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزین. یەخەی پاڵتۆکەم هەڵدابۆوە. بە کەنار شۆستەکەدا دەهاتم و دەچووم. بەفر، هێشتا هەر دەباری. جار جاریش دەبوو بە تەرزە. دەنکە تەرزەکان وردو قورس بوون. کە پروشە بەفر لە درزیی یەخەمەوە دەخزیە سەر ملم، دڵم تێك هەڵدەهات. دوو پاس هاتن و تێ پەڕین. لە نێو تاریکییەکەوە دەمڕوانییە کلۆ بەفرەکان.

تایەی ئۆتۆمبیلان بەفری سەر شەقامەکەیانماڵی بوو. بەڵام هێشتا هەر بەفری پێوە مابوو. هەستم بە نەرمی بەفرەکەی ژێر پێم دەکرد کە دەپەستراپەوە ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکە لێڵ بوو. کلۆ بەفرەکان دەتگوت داوی خەیاڵی سپین و بە چ شوێنێکی ئاسمانەوە بەندنین.

شەقامەکە چۆڵ بوو. یەك نەفەری دیش لەوێ وەستابوو و چاوەڕێی پاس بوو. نیگای وێڵ و سەرگەردانم لەگەڵ کلۆ بەفراندا بەرەو ئەرزەکەدادەگەڕا.

لە ژێر ڕوناکییە لێڵەکەدا وەستاوم. ڕوانیمە بەفرە تازە باریوەکە. لە پڕ نیگام لە جێ پێیەك هەڵەنگوت! جێ پێیەکی پان و گەورەو تازەبوو. هێشتا بەفر بە تەواوی پڕی نەکردبۆوە. لەنکاو بیرێك یەخانگیرم بوو: یانی دەشێت؟ دەشێت ئەمەجێ پێی من بێ؟.. خۆزی جێ پێی من بایە!.. نەخێر بوو بە خولیام. چەندم حەز دەکرد جێ پێم لەسەر زەمین مابێتەوە. چی وای نەمابوو گریو لەگەڵ خۆدا بکەم کە جێ پێی منە، بەڵام نەفەرێکی دیش لەوێندەر بوو. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە هاتوچۆی دەکرد. دیسان نیگام لە نێو داوە سپیەیە خەیاڵییەکاندا وێڵ بوو. بیرم دەکردەوە کە: کەیانی دەشێت؟.. یانی جێ پێی منیش لەسەر زەوی دەمینێتەوە؟.. خۆزی جێ پێی من بایە!

پڕوشە بەفر بەنێو هەڵمی هەناسەم دا دەهاتە خوارێ و بەرەبەرە جێ پێیەکەی لەمەڕ منی پڕ کردەوە.

خولیای جێ پێ دڵی هێناومە جۆش. دنیا سارد بوو. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە، بەفرو بەستڵەکی سەر شەقامەکەم دەکوتایەوە.

لە پڕ وەرچەرخام و بە شوێنەکەی خۆمدا هەوراز بوومەوە. نیگام لە جێ پێیانی دی هەڵەنگوت. جێ پێیەکان ڕوو لە من بوون. هێشتا بەفر پڕی نەکردبوونەوە. دیسان دڵم هاتەجۆش. نازانم هێشتا هەڵدەلەرزیم یانا، بەڵام دڵم تەواو گەرم ببوو. خولیاکە لە دڵم دا گەورە بوو. بە دەستەخۆم نەبوو نیگام لەسەر پێڵاوی کابرای چاوەڕوانیم گیرسایەوە. جۆتێ نیوپوتی بریقەداری لە پێ دابوو بنەکەی گرنج گرنج بوو جێ\ی پوتەکەی لەسەر بەفرەکە نەخش بوو بوو و هێشتا بەفر پڕی نەکردبووەوە.

جێی پێیە پان و گەورەکە گرنچ گرنج نەبوو. ساف بوو، پاژنەکەی بەرز بوو. جێی حەوت کونی چکۆڵە بە پاژنەکەیەوەبوو. بیرمە کە ئیدی دەلەرزیم. دیارترین جێ پێم دایە چاو و بە ئارامی لێی چوومە پێشێ. جێی پێی

راست بوو. پێی راستم هەڵبڕی و لە تەنیشتییەوە دامنا. کە هەستم کرد جێ پێم لەسەر بەفرەکە نەخش بوو، ئەوجا بە ئەسپایی پێم لابرد: ئەها!.. یانی دەشێت؟..یانی لە گوینە!

بەڵام ئەو کەیفە خێرایەی وەنێو دڵ و دەرونم کەوت گەرمی نەدەکردمەوە، شانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزی. هۆڕنی پاسێك وەئاگای هێنامەوە. لاکەوتم. تایەی پاسەکە رێك بەسەر جێ پێیەکاندا تێ پەڕی و دوو شەقاوێك هێوەتر وێستا. سەرکەوتم. هێشتا هەر هەڵدەلەرزیم. پاسەکە چۆڵ و ساردبوو. قامکی پێیەکانم لە نێو پێڵاوەکاندا رچی بوو. لە درزی پەنجەرەکەوە کزەیەکی سارد وەژوور دەکەوت. هەر جارەی کۆمەڵێك پڕوشە بەفری بەگەڵ خۆ دێناو بەر دەموچاوم دەکەوت. نیگام بڕی بووە پێشێ و هەر کە دەگەییە جامە بەفر گرتوەکە، ئەویش لە جێی خۆی دەی بەست و بە جامەکەوە دەچەسپی. لەفکرانراچووم :یانی.. ئەمەلەسەر بەفر بوو! جێ پێی سەر بەفر ها! جێ پێی سەر بەفر چ دادێکم دەدا؟ ها! یانی دەشێت؟ بەم سەرمایە! بەم پێیە رچیوانەوەم؟ یانی لە گوینە؟ ئاخر چۆن دەبێ؟.. نێو پاسەکە ساردبوو. پتر هەڵدەلەرزیم. لەگەڵ هەر تاسەیەکدا جامەکان تەکانێکیان پێ دەکەوت و دەنگێکی قێزەوەریان لێوە دەهات. زنجیری تایەکان بەسەر بەستەڵەکەکەدا دەسوڕایەوەو زڕەیان دەهات. شاگردی شوفێرەکە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد. ناوە ناوە سەری دەکێشایە دەرێ و بانگی دەکرد.

لەچوار ریانەکەدا دابەزیم. کتێبەکەی بەرباخەڵم خەریك بوو دەکەوت. لاقیشم دەلەرزین و چی وای نەمابوو بەسەرا بکەوم. ددانم جیر کردەوە. یەخەی پاڵتۆکەم پتر هەڵکشا. کتێبەکەم قایم کردو خۆم گەیاندە سەر شۆستەکە. بەفری سەر شۆستەکە بەستبووی. دەمزانی جێ پێی منی لەسەر دەرناکەوێ. شۆستەی کەنار چوار ریانەکە قەرەباڵغ بوو. خەڵکەکە هەموو بەلەز دەڕۆیشتن، هەموو دەستیان نابووە گیرفانیان. هەناسەیان وەکو هەناسەی ئەسپ هەڵمی دەکرد. هەموو چەتریان هەڵدابوو ، سەرمایان نەبوو. رووتەڵە و پێ خاوسان بەدەرەوە نەبوون، یا مردبوون و بێ ئەرك بەسەر خەڵکییەوە، وەبن بەفران کەوتبوون، یا خزی بوونە نێو ژێر زەمینان. کە دەم روانیە سەروچاوی ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین، دەمبینی سور هەڵگەڕاوەو گەرمە لە تۆ وایە لە ژورێکی گەرم یا لە گەرماوەوە وەدەرکەوتوون. دەتگوت گەرماکەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو. هەموو گەرمایان بوو. دەستکێشیان لەدەست کردبوو. جێ پێیان لەسەر بەفری تازەباریوو بەدیار دەکەوت. یا بەدیار نەدەکەوت.. من ئەمەم مەبەست نەبوو بیرم لە جێ پێی خۆدەکردەوە. بیرم لە خۆم دەکردەوە. لە ژێر جلەکانمەوە هەڵدەلەرزیم و سەرکۆنەی خۆم دەکرد:- دەبینی؟ دەبینی هەی قەل پیاو! هەموو شادو بە کەیف و، گەرم و گوڕن.. تەمی هەناسەیان لە هەڵمی هەناسەی ئەسپ دەچێ، دەبینی؟ دەبینی چەند بێباك هەنگاو هەڵدێنن؟ بەڵێ؟ تۆ چ دەڵێی؟تۆ، خەریکە لەسەرما مردار دەبییەوە، رەق دەبییەوەو جێ پێشت لە چ شوێنان دیار نییە، نە لەسەر بەفر. نەلەسەر زەوی! بەڵێ جێ پێت لەسەر بەفریش بەدیار ناکەوێ. تێدەگەی؟ تەنانەت لەسەر بەفریش!

روناکییەکی لێڵ لە جامخانەی دوکانی کەرەفرۆشەکەی سەر چواڕیانەکەوە بەدی دەکرا.. رەچەرێی نێو بەفری سەر شۆستەکە دیاربوو. رەچەڕێیەکی تەسك بوو. بە تۆبزی جێی دوو رێبواری تێداوەبووە. رەچەڕێیەك کە لە ئاکامی هاتوچۆی رێبوارانەوە ڤەبوو بوو. جێ پێیان تێکەڵ و پێکەڵ بەسەری یەکدی دا کەوتبوون: پاژنەیەکی ناڵچەسواو، بنی کورت و باریکی پێڵاوێکی ژنانە، جێی چوار قامکی رووتی پێیەکی خاوس، گرنجی بنی پێڵاوێکی لاستیکی گەورەی پیاوانەکە بە دڵنیاییەوە لەجێی خۆیدا بەرجەستە ببوو. تەنانەت مارکەی کارخانەکەشی بە دیار کەوتبوو.

ئیدی هەموو جۆرە پێیەکی دی لەسەر رچە ڕێیەکە بە پاڵ یەکەوەو بەسەر یەکدی دا نەقش ببوو. لە دڵی خۆدا

گوتم: –دەبینی؟ دەبینی چ رووی داوە؟ جێ پێی چ کەسێك بە تەواوی نەماوەتەوە. جێ پێی کێ بەتەواوەتی دیارە تا هی تۆ دیار بێ؟ پێویست ناکا جێ پێی خەڵکی وەمێنێ.
جێ پێیان بۆ کردنەوەی ڕێگەیە. گرینگ ئەوەیە کە ڕێگە بکرێتەوە. بەفرەکە بشکێ و ڕێگە ڤەبێ. کە ڕێگە ڤەبوو ئیدی جێ پێ بە کەڵکی چی دێ؟ جێ پێی تۆش هەر وایە.
گریمان جێ پێت وون بوو، لە بری ئەوە دەبێ بەبەشێك لە ڕێگەکە. گەر وونیش بێ لە نێو ڕێگەکەدا وون دەبێ. لە نێو ڕێگەیەکدا کە خەڵکی هاتووچۆی پێدا دەکەن.. ئەم بیرۆکەیە کەیفۆکەیەکی دەدامێ و خەیاڵی ئاسودە دەکردم.
بەڵام لەهەمان کاتدا کە ئەم کەیفۆکەیەم لەبەر خۆوە تاوتۆ دەکرد، هزرم شتێکی دی دەگوت. شوێنێکی دی هزرم تشتێکی دی دەگوت. لە گوینە هەر هەمان شوێن بێ... بەڵام ئەم تشتە رونترو بێدارتربوو. لێکدا لێکدا لە دەرکەی بیری دەدام! ها؟ لەبری ئەوە ڕێگە ڤەبووە! بەڵێ؟ جێ پێی تۆ بزر بێ.. تا ڕێگە ڤەبێ؟ ئەها؟ ڕێگە، ڕێگە بۆ کەسانێك دەڵێی تازە لە گەرماو وەدەرکەوتوون. هەناسەیان دەڵێی هەڵمی هەناسەی ئەسپن! بۆ ئەمانە؟ بۆ ڕێگە بکرێتەوە؟ بۆ هەموو خەڵکی مل بە بەفرەکەوە نەنێن؟ جێ پێڵاویان نییە؟ چی شەلن، گۆجن؟ کەواتە بۆ جێ پێی تۆ گوم ببێ.. ئیدی بە بیرۆکە دڵخۆشکەرەکەی خۆ پێدەکەنیم. پێکەنینێکی تاڵ و ڤێزەوەر. پێکەنینێك لە ژێر ددانەکانم دا پلیشاندمەوە، خۆ ئەگەر شیابا دەم خستە ژێر پێمەوە.
شۆستەکە تاریك بوو. بەڕچەرێی نێو بەفرەکەدا ڕێم دەکرد. هێشتا لە ژێر پیرە پاڵتۆدا هەڵدەلەرزیم و خۆم سەرکۆنە دەکردو قەشمەریم بە کەیفەکەرانەکەی خۆ دەکرد. کە چوومە کۆڵانەکەوەو گڵۆپەکان شەوقدارتربوون، سەیرم کرد کلۆ بەفرەکان درشت ترو فشەڵ تربوون، دەتگوت تۆپەڵە لۆکەیەو بەدەمکەوانی هەلاجانەوە دێتە خوارێ و سووك لە عاردی دا دەگێرسێتەوە. جەستەی بەفر گرتووی پشیلەیەکی ڕەش لەبن عامودی کارەباکە کەوتبوو. دڵم داخورپا: پشیلەکەی خۆم نەبێ؟
چوومە پێشی، ویستم بەنوکی پێڵاوەکانم بیجوڵێنم. بە بەفرەکەوە قەرەسابوو و نەجولا. پشیلەکەی خۆم بوو. هەمان پشیلە ڕەشە تەمەڵە ڕەزا قورسەکەی خۆم بوو، ئەو پشیلەیە بوو کە هەر هێندەی لەدەست دەهات لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا بە بن دەست و پێیاندا هەڵێ. لە دەرگای دانەخراوی ژوورەکانەوە بە دزییەوە سەرێك بکێشێ.
ئەو پشیلە نەوسنەبوو کە سەرەتا زۆر کۆشام ببم بە هاوڕێی، بەڵام نەم توانی. بۆیە هەمیشە لەوە دەترسام ڕۆژێ لە ڕاڕەوە تاریکەکەدا وەبن دەستم و پێم بکەوێ و هەناسەی لەبەر ببڕم. دڵم گیرا. خەمێکی نادیار دڵی گوشیم. دەمویست هەموو گریکانی دڵم بکەمەوەو داخی خۆم بەسەر ئەو تاوانەدا هەڵرێژم: کـئاخر بۆ چویتە دەرێ؟ بۆ؟ نەخاسمە بەوتۆف و سەهۆڵبەندانە. بەم بەفرە بێ ئامانە، خەڵکەکە خەریکە ڕەق دەبنەوە. ئاخر بۆ چوویتە دەرێ؟..هەر بەو دەقەوە کەلە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم، بە پلە تاریکەکاندا سەرکەوتم. کلیلی ژوورەکە لە نێو دەستم دا دەتگوت پارچەیە سەهۆڵە.
دڵم تەنگ بوو. خۆم سەرکۆنە دەکرد. لەوە دەترسام کـنەبا جێ پێم نەمێنێتەوە.. لەسەر زەوی نەقش نەبێ..

بڕوانە: کۆمەڵە چیرۆکی : زن زیادی چاپی یەکەم ساڵی ٢٥٩١.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ۱۹۵۱دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ۱۹۷۵ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (۱۷۰) رۆژنامەی هاوکاری لە ۱۹۷۳/٦/۸ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ۱۹۷۵ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ۲۲۲، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ۲۲۲ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ۱۹۷٤ – ۱۹۷۵دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ۲۰۱۰/۸/۲۰ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

۱- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ۱۹۷۹
۲- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،۱۹۸۸،چاپی سێیەم ۲۰۰۷
۳- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ۱۹۸۸
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ۲۰۰۵
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (۱۹۹۹) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ۱۹۸۷ شاخ
۷- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،۱۹۸٥ چاپی سێیەم ۲۰۰۵
۸- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ۱۹۸۷چاپی چوارەم ۲۰۰۹ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
۹- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ۱۹۸۳، چاپی دووەم، ۲۰۰۷
۱۰–شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ۲۰۰۹ خانەی وەرگێڕان.
۱۱- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ۲۰۰۰ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣– قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤– دووره وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥– ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦– چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧– ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨– ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩– جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠– زنده خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١– چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق‌ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢–دیدارو دەق‌و ڕەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣–دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤–ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥– میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦– مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧– مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨– کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩– لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠– کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢– چینی کۆن، چ١( )دەزگای موکریانی

---

٣٣– دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤– خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥– ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦– بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧– جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨– دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩– بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠– چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١– ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢– گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییه؟ کۆمەڵه چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانه بچکۆلەکه، چیرۆکێکی درێژی چینی یه بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامه بۆ منالان)

٤٧- چەند چیرۆکێك له ئەفسانەی یونانی کۆنەوه (٢٣ئەفسانه)

---

٤٨- له گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوه. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیاده، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمه کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ له شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن له پەراوێزی دەسەڵاتدا (به شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن له نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمه کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (له کۆنەوه تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (له سەردەمی رینیسانسەوه تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان له سەرەتاوه تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم‌ودژه ریالیزم له ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانه ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١،٢٠٠٧
٧٥- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-ڕۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   ڕۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، ڕۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ مناڵانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی
٩٧- کڵاو سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان
٩٨- ئەو پیاوەی سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- خەیام...زانای شاعیران و شاعیری زانایان